

# کەسایەتی مستەفا بارزانی

## لە هزری ڕووناکبیرانی شاری سلێمانیدا

زانیار سەردار قڕگەیی

(کەسایەتی مستەفا بارزانی لە هزری روناکبیرانی شاری سلێمانیدا) ناونیشانی کتێبێکە لە نووسین ڕۆژنامەنووس و نووسەر زانیار سەردار قڕگەیی.ئەم کۆبەرهەمە لە دوو لێکۆڵینەوەی گرنگی مێژوویی پێکهاتووە، لێکۆڵینەوەی یەکەم تایبەتە بە دەربەدەرکردنی بارزانییەکان و دواتر نیشتەجێ بوونیان لە شاری سلێمانی و چۆنێتیی دەربازبوونی مستەفا بارزانی لەو شارەوە بۆ دەڤەری بارزان، لێکۆڵینەوەی دووەم بە ناونیشانی( ١٩٥٨/١٠/٣٠) بارزانی سەردانی شاری سلێمانی دەکات)، لەم بەشەدا نووسەر بە تێروتەسەلی و بە وێنەوە وەك بەڵگە باس لەوە دەکات کە چۆن خەڵکی سلێمانی باوەشی گەرم و وەفادارییان بۆ ئەم سەرکردەیە دەکەنەوە، هەموویان بە پەرۆشەوە بەڵێن و پەیمان بۆ ڕێبازو سەرکردایەتیی ئەم سەرکردە مەزنە دووپات دەکەنەوە.

کتێبەکەی زانیار قڕگەیی چوار بەشی دیکە لەخۆدەگرێت،یەکەمیان بریتییە لە بەشی دیدارو گفتوکۆو چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ کۆمەڵێك کەسایەتیی باڵای مێژوویی و رۆشنبیریی شاری سلێمانی.. دووەمیان بەشی هۆنراوەکانە کە زیاتر لە (٨٠) شاعیری خەڵکی ئەم شارە نووسیویانە، تێکڕای ئەم هۆنراوانە لە ناوەڕۆکدا دووپاتکردنەوەی خۆشەویستی و وەفادارییە بۆ ئەم سەرکردە مەزنەیە، بەڵام بەشی سێیەمی ئەم کتێبە بریتییە لە نامەو دیکۆمێنتەکان کە چەندین نامەی دەگمەن لەخۆدەگرێت تایبەتن بە سەردەمی شۆڕش و خەبات و بەرخودان، چوارمیان کە کۆتا بەشی کتێبەکەیە بریتییە لە وێنەکان، دەیان وێنەی تازەو نەبینراوی مستەفا بارزانی لەخۆدەگرن لەگەڵ جەماوەری شاری سلێمانی، ئەم هەوڵ و ماندووبوونەی نووسەر زانیار قڕگەیی مایەی هەڵوەستەیە، چونکە زۆر لەو وێنانە خۆی بەدوایاندا گەڕاون و ئەرکێکی زۆری کێشاوە تا پەیدای کردوون و پاراستوونی و لە فەوتان رزگاری کردوون، لە میانی گفتوگۆکاندا نووسەر توانیویەتی زۆر بە شێوەیەکی سەرکەوتوو بیروبۆچوونی چەندین کەسایەتیی رۆشنبیری و سەربازی و ئەکادیمی وەربگرێت لەوانەش: پرۆفیسۆر مستەفا زەڵمی و حەمەی مەلاکەریم و کەریم زەند و د. ئیحسان فوئاد و تەها خەلیل و د. محەمەد مەحوی و زۆری دیکە.

گرنگیی ئەم کتێبە لەوەدایە کە نووسەر زۆر بە دیقەت و جوانی و زمانێکی پاراو سەرکەوتوو بووە لە نووسین و داڕشتن و ماندووبوونی زۆری کێشاوە، بۆیە مایەی پێزانینە و دەهێنێت کە سەرکردەو باوکی رۆحی کورد مستەفا بارزانی بەم شێوەیە کوردی هەموو شارەکانی خۆشویستووەو بێ جیاوازی پەیوەندیی لەگەڵیاندا هەبووە، بە تایبەتیش کە نووسەر لەم کتێبەدا، هەر لە ناونیشانەکەی را دیارە کە تایبەتە بە پێگەی بەرزی کەسایەتیی مستەفا بارزانی لە هزری روناکبیران و خەڵکی بەوەفای شاری سلێمانی.

ئەگەر بێت و لە روانگەی خەباتی پیرۆزی مستەفا بارزانی و هاوەڵەکانی و بە ویژدانێکی زیندووەوە سەیری ژیان و قۆناخەکانی تێکۆشان و بەرخۆدانیان بکەین، بۆمان روون دەبێتەوە کە ئەم ژیانەی بارزانی هەمووی بەسەرهات و رووداوی مێژوویین.. لە کۆتاییدا بە ناوی گۆڤاری گوڵانەوە دەستخۆشی لە نووسەرو رژنامەنووس زانیار سەردار قڕگەیی دەکەین بۆ ئەم کتێبە دانسقەو گرنگە کە لە چاپێکی رەنگاوڕەنگ جوان و قەوارە گەورە و بە(٨٩٦)لاپەڕە خستوویەتییە بەر دەستی خوێنەرانەوە، بە هیوای بەردوامبوون لە نووسین و هێنانەکایەی بەرهەمی دیکە..



# پێگەی کوردستان و سەرۆکەکەی لە داڤۆس






**وشیار سیوەیلی**

**بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان**

**بۆ گوڵانی نووسیوە**

لە کاتێکی هەستیار و لە کۆڕبەندێکی نێودەوڵەتیدا لە داڤۆس ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان چەندین دیدار و چاوپێکەوتنی گرنگی لەگەڵ سەرۆکی وڵاتان و سەرۆك وەزیران و بەرپرسانی گەورە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان سازدا، دیدارەکەی سەرۆکی هەرێم لەگەڵ دۆناڵد ترامپ سەرۆکی گەورەترین وڵاتی جیهان لەو کۆڕبەندەدا و بە ئاڵای کوردستانەوە، گرنگترینی ئەو دیدار و ڕووداوە دیپلۆماسییانە بوون، لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە بایەخێکی ئێجگار زۆری هەبوو، بە ڕادەیەك لە کۆشکی سپی و لە ناوەندەکانی ئەمریکا بە گرنگییەوە باسی کرا، ئەمە جگە لە بڵاوکردنەوەی قسەکانی هەردوو سەرۆك لە لایەن کۆشکی سپییەوە، تەلەفزیۆنی فوکس نیوزی ئەمریکاش ڕاستەوخۆ قسەکانی پەخش کرد. لە ڕووی دیپلۆماسییەوە دانانی ئاڵای کوردستان جگە لەوەی وەکو ڕێز و ستایشی گەلی کوردستان و قارەمانێتیی هێزی پێشمەرگە بوو، نیشانە و ئاماژەیەکیش بوو بۆ ئەو سیاسەتە ڕاست و دروست و سەرکەوتووەی کە سەرۆکی هەرێم لە ڕووی پەیڕەوکردنی دیپلۆماسییەتێکی زیرەك و عاقڵانەوە پەیڕەوی کردووە، درێژەپێدەری سیاسەتی ژیرانە و نیشتمانپەروەرانەی سەرۆك مسعود بارزانی-یە و پەروەردەی قوتابخانەی بارزانی-ی نەمرە، ئەم سەرکەوتنەی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆڕبەندی داڤۆس بەرهەمی ئەو سەرکەوتنەیە کە لە ناوخۆی هەرێمدا بەدەستی هێناوە و، سەرۆکایەتیی هەرێم بووەتە چەتری کۆکەرەوەی هەموو حزب و لایەنە سیاسییەکان و لە بەغداش یەکریزی و یەکدەنگیی لێ کەوتۆتەوە، کوردستانیش بووەتە پێگە و ناوچەیەکی ئارام و سەقامگیر و جێی بایەخی گەورەی وڵاتانی پیشەسازیی جیهان، کە وەکو هەرێمێکی بەهێز و سەقامگیری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەیر دەکرێت.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەم دیدارەی لەگەڵ ترامپ و هاوکات قسەکانی سەرۆکی ئەمریکاش ئەوەیان سەلماند کە پارێزگاریکردنی هەرێمی کوردستان لە ریزبەندی پێشەوەی کارەکانی کۆشکی سپی و ئەمریکایە، ئەو وەکو هەرێمێك لە ناو دەوڵەتێکدا مامەڵەی لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان نەکرد، بەڵکو وەکو پێگەیەکی بەهێز و گرنگ هەڵسوکەتی لەگەڵ کرد، بەمەش سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەلماندی کە هەروەکو چۆن لە بەرپرسیارێتیی پاراستنی یەکریزی و تەبایی ناوخۆ سەرکەوتوو بووە، هەروەها لە مەحافیلە نێودەوڵەتییەکاندا ڕۆڵ و پێگەی دیار و بەرچاوە، ئەم سەرکەوتنەی سەرۆکی هەرێم و کوردستانییان بۆ ئەو پشتگیرییە بەهێزەی سەرۆك مسعود بارزانی دەگەڕێتەوە کە لە ناوخۆی هەرێم و مەحافیلە نێودەوڵەتییەکاندا لە بەرێزیان دەکرێت، لەو دیدارەدا لە داڤۆس سەرۆکی گەورەترین وڵاتی جیهان و ستافەکەی زۆر بە وریایی و ژیرییەوە ئەو سەرۆك و کەسایەتیانەیان دیاریکردبوو، کە لە میانەی ڕێوڕەسمی کۆڕبەندەکەدا دۆناڵد ترامپ بیانبینێت و نیشانەی گرنگی و بایەخی سیاسەتی ئەمریکایە بە هەرێمی کوردستان، بۆ پێگەی ئابووریی هەرێمیش بایەخ و گرنگی خۆی هەیە، کاتێك سەرۆکی گەورەترین وڵاتی جیهان بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەڵێت: «جێگەی خۆشحاڵییە لەگەڵ سەرۆك بارزانی-ی کوردستاندام و کۆبوونەوەیەکمان هەیە و کاتەکەی دیاری دەکرێت، ماوەیەکی زۆرە دەمانەوێت کۆببینەوە و پێکەوە زۆر باش کارمان کردووە». لە کۆتاییشدا دەڵێت: «جێگای خۆشحاڵیمە لەگەڵ تۆ دام، زۆر سوپاس» ئەم وتانە پەیام و واتایەکی زۆر گەورەی بۆ گەلی کوردستان و سەرۆکەکەی هەڵدەگرێت.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پانێڵێکدا لە داڤۆس بە ناونیشانی (ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ناسەقامگیر) بەشداریی کرد و باسی ئاڵۆزی و پشێوییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراقی کرد و ئاماژەی بەوەش کرد، کە ڕووداوەکانی عێراق کاریگەرییان لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە، هەر بۆیە سەرۆکی هەرێم گوتی: «هەموو هەوڵی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە دۆخی عێراق ئارام بێت و لەگەڵ بەغداش هەوڵەکانمان بەردەوامن، بۆ دۆزینەوەی ڕێگەیەك بۆ دەرچوون لەو کێشەیە» هەروەها گوتی: «لە هەرێمی کوردستاندا ئێمە ناتوانین خۆمان جیا بکەینەوە لەوەی تا ئێستا لە

**ئەم سەرکەوتنەی سەرۆکی هەرێم و کوردستانییان بۆ ئەو پشتگیرییە بەهێزەی سەرۆك مسعود بارزانی دەگەڕێتەوە کە لە ناوخۆی هەرێم و مەحافیلە نێودەوڵەتییەکاندا لە بەرێزیان دەکرێت**

**دیدارەکەی سەرۆکی هەرێم لەگەڵ دۆناڵد ترامپ سەرۆکی گەورەترین وڵاتی جیهان لەو کۆڕبەندەدا و بە ئاڵای کوردستانەوە، گرنگترینی ئەو دیدار و ڕووداوە دیپلۆماسییانە بوون، لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە بایەخێکی ئێجگار زۆری هەبوو**

**ئەم سەرکەوتنەی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆڕبەندی داڤۆس بەرهەمی ئەو سەرکەوتنەیە کە لە ناوخۆی هەرێمدا بەدەستی هێناوە و، سەرۆکایەتیی هەرێم بووەتە چەتری کۆکەرەوەی هەموو حزب و لایەنە سیاسییەکان و لە بەغداش یەکریزی و یەکدەنگیی لێ کەوتۆتەوە**




عێراق دەگوزەرێت و ئێمە بەشێکین لەم وڵاتە، بێگومان ئەوەی لەوێ روودەدات، کاریگەریی لەسەر دۆخی ئێمەش هەیە...» سەبارەت بە بڕیاری پەرلەمانی عێراقیش بۆ دەرکردنی هێزە بیانییەکان، نێچیرڤان بارزانی بە راشکاوانە ئاماژەی بە مەترسیی پشتگوێخستنی ویست و ئیرادەی کورد و عەرەبی سوننەش کردو گوتی: «ئەوەی لە پەرلەمانی عێراق روویدا کارێکی دروست نەبوو، سەرهەڵدانەوەی داعش و تیرۆریزم لە عێراق مەترسییەکی جددییە و عێراق پێویستی بە یارمەتیی نێودەوڵەتی و ئەمریکا هەیە و پێویستە هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بمێننەوە...» سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە خۆپیشاندانەکانیش گوتی: «گەلی عێراق شایستەی ژیانێکی باشترن و پێم وایە بەو خۆپیشاندانانەی کردوویانە پەیامی خۆیان بە دەسەڵاتدارانی عێراق گەیاندووە، دەبێ ئێمە هەست بە بەرپرسیارێتی بکەین...»، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پانێڵەکەدا باسی لە کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقیش کردو کاتێك ئاماژەی بەوەکرد کە دەمانەوێت کێشەکانی خۆمان لە چوارچێوەی عێراقدا چارەسەر بکەین، بەڵام ئەگەر لە بەغدا بە چاوێکی دیکە سەیری ئەم پێکهاتانە بکرێت، ئەوا بێگومان کێشە دروست دەبێت، ئەم هەنگاوە مێژووییەی رێزدار نێچیرڤان بارزانی وایکرد کە گەورەترین زلهێزی جیهان لەسەر زاری سەرۆکەکەیەوە لە کۆڕبەندەکەی «داڤۆس»دا بڵێت: ئێمە قەرزارتانین، ئەمە وێڕای ئەوەی سوپاس و پێزانینی ئەمریکا بۆ رۆڵی هەرێمی کوردستان و پێشمەرگەی لە تێکشکاندنی داعش و پاراستنی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی کوردستان دووپات کردەوە. بەشێوەیەکی گشتی لەم خولەی کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی لە داڤۆس، کوردستان و سەرۆکەکەی رووداوە دیپلۆماسی و گەورەکە بوون، کە ئارامی و سەرقامگیرییەکی باش بە هەرێمەکە دەگەیەنێت و کۆمپانیاو بیزنێسکار و گەورە وەبەرهێنی زیاتر ئامادەییان دەبێت کە روو لە هەرێمێکی سەقامگیر و ئارام و بەهێز بکەن، کە جێگای ستایش و رێزی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەمریکایە.

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەم دیدارەی لەگەڵ ترامپ و هاوکات قسەکانی سەرۆکی ئەمریکاش ئەوەیان سەلماند کە پارێزگاریکردنی هەرێمی کوردستان لە ریزبەندی پێشەوەی کارەکانی کۆشکی سپی و ئەمریکایە**



# دیدار و کۆبوونەوە گەرمەکانی نێچیرڤان بارزانی لە ناو کەشە سارد و بەفراوییەکەی داڤۆسدا



# گرنگیی کۆڕبەندی ئابووریی داڤۆس لەسەر ئایندەی سیستمی سیاسی و حوکمڕانیی دەوڵەتان

**دەستنیشانکردنی مەترسیی سەرەتای دروستبوونی (نایەکسانی و نادادپەروەری) لە سیستمی سیاسیی لیبڕاڵ دیموکراتی و ئابووریی بازاڕ لە کاتێکدا بوو کە سیستمەکە لەسەر ئاستی سیاسی و ئابووری لە لوتکەی سەرکەوتندا بوو**

**غرووری ئەمریکا و دەوڵەتانی دیکەی لیبڕاڵ دیموکراتی گەیشتبووە ئەو ئاستەی لە ساڵی ١٩٩٣ یەکەمین کۆنگرەی دیموکراتی لەسەر ئاستی جیهان لە وارشۆی پایتەختی پۆڵەندا گرێ بدەن، کە ئەم شارە پێشتر پایتەختی هاوپەیمانیی سەربازیی (وارشۆ)ی بلۆکی کۆمۆنیستی بوو**

**دەوڵەتانی لیبڕاڵ دیموکراتی لە سەرووی هەموو شیانەوە (ئەمریکا و فەرەنسا و بەریتانیا) لە دوای شەڕی دووەمی جیهانییەوە، هەموو هەوڵی خۆیان خستەگەڕ بۆ ئەوەی خۆیان لە ئاشووبی شەڕ دووربخەنەوە**

هاوکات لەگەڵ هەوڵەکەی کلاوس شواب بە دامەزراندنی کۆڕبەندی ئابووریی داڤۆس و گرێدانی یەکەمین کۆڕبەند لە ساڵی ١٩٧١، جۆن راولزی بیرمەندی گەورەی ئەمریکیش کتێبێکی بەناوی (تیۆری دادپەروەری) بڵاوکردەوە و پاشان چەند جارێك وردبینیی تێدا کردووە، تا لە ساڵی ١٩٨٥ جارێکی دیکە ئەم تیۆرەی بە ناوی (دادپەروەری وەك ویژدان) بڵاوکردەوە، بەڵام لە کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو جارێکی دیکە پێداچوونەوەیەکی وردی پێداکردەوە و لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٠ جارێکی دی بە هەمان ناونیشان و دەوڵەمەندتر بڵاوی کردەوە.

بە هەوڵەکەی شواب بۆ دامەزراندنی ئەم (کۆڕبەندە ئابوورییە جیهانییە) و، تیۆرەکەی راولز بۆ (دادپەروەری وەك ویژدان) ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکەن کە سیستمی لیبڕاڵ دیموکراتی و ئابووریی بازاڕی ئازاد، لە بری دەوڵەتی خۆشگوزەران سەرەتای دروستبوونی (نایەکسانی و نادادپەروەری) بەرهەم دەهێنێت و، تاکەکانی کۆمەڵگەی لیبڕاڵ دیموکراتی و ئابووریی بازاڕ، لە چالاکییەکی خێرای ئابووری و داهێنانەوە بەرەو سستی و خاوبوونەوە دەچن، بۆیە گرنگە بیرمەندان و ئیکۆنۆمیستان و بزنێسمانەکان، بیرێك لە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بکەنەوە کە سەرەتاکەی بە شێوەیەك لە شێوەکان دەرکەوتووە.

لێرەوە پرسیاری گرنگ ئەوەیە، کاتێك هەست بەو مەترسییە گەورەیەی کۆمەڵگەی لیبڕاڵ دیموکراتی و ئابووریی بازاڕ کرا، ئایا بۆ هەوڵەکان باشتر یەك نەخران و لە ماوەی ساڵانی ١٩٧١-١٩٩١چارەسەرێك بۆ ئەم مەترسییە گەورەیە نەدۆزرایەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لەبەر رۆشنایی سەرکەوتنەکانی سیستمی لیبڕاڵ دیموکراتی و ئابووریی بازاڕ بە چەند خاڵێك دەدەینەوە:

١. دەستنیشانکردنی مەترسیی سەرەتای دروستبوونی (نایەکسانی و نادادپەروەری) لە سیستمی سیاسیی لیبڕاڵ دیموکراتی و ئابووریی بازاڕ لە کاتێکدا بوو کە سیستمەکە لەسەر ئاستی سیاسی و ئابووری لە لوتکەی سەرکەوتندا بوو، بەتایبەتی کە ساڵێك پێشتر ریچارد نیکسۆن سەرۆکی ئەو کاتی ئەمریکا کتێبی (جیهان لە ساڵی ١٩٩٩)ی بڵاوکردبووەوە و ئەم کتێبەش لە رووی سیاسییەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لە ساڵی ١٩٩٩ واتە پێش هاتنی هەزارەی نوێ، سیستمی لیبڕاڵ دیموکراتی بە تەواوەتی سەردەکەوێت و رکابەرەکەی کە لە بەرامبەریدا سیستمی کۆمۆنیستییە تێك دەشکێت و کۆتایی دێت.

٢. پێش دامەزراندنی کۆڕبەندی داڤۆس و بڵاوکردنەوەی کتێبی (تیۆری دادپەروەری) لەلایەن جۆن راولزەوە، بە تەواوەتی شەپۆلی دووەمی دیموکراتی لە چوارچێوەی پلانی (مارشاڵ)دا سەرکەوتنی بەدەست هێنابوو، ژاپۆن و ئەڵمانیای رۆژئاوا و دەوڵەتانی دیکەی رۆژئاوای ئەورووپا بە تەواوەتی ئاوەدان کرابوونەوە و ئاسەوارەکانی شەڕ هەمووی سڕابوونەوە و پەرەپێدانی بەردەوام لە هەموو ئەو وڵاتانە بەردەوام بوو و سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێنابوو، لەمەش زیاتر ئەم سەرکەوتنانە بووە هۆکاری ئەوەی بیرمەندی گەورەی ئەمریکی سامۆیل هنتنگتن کتێبە بەناوبانگەکەی بە ناونیشانی (وەرچەرخان بەرەو شەپۆلی سێیەمی دیموکراتی) بڵاو بکاتەوە، دوای رووخانی دیواری بەرلینیش جاڕی سەرکەوتنی (شەپۆلی سێیەمی دیموکراتی)ی راگەیاند.

٣. وەرچەرخانی (یۆنان و ئیسپانیا و پورتوگال) لە هەفتاکانی سەدەی رابردوو لە دیکتاتۆریەتی عەسکەرییەوە بەرەو هەڵبژاردن و ئابووریی بازاڕ، بووە هۆکارێکی دیکەی دروستبوونی غروور و بێمنەتی لە سەرکەوتنە بەردەوامەکانی سیستمی لیبڕاڵ دیموکراتی و سەرکەوتنەکانی پڕۆسەی پەرەپێدانی بەردەوامی ئابووریی بازاڕ، لەبەرامبەریشدا سیستمی ئابووریی سەنتراڵی دەوڵەتانی کۆمۆنیست و سۆشیالیستی بەرەو دارِمانێکی تەواو دەچوون و، بە هیچ جۆرێك توانای رکابەریی سیستمی ئابووریی بازاڕی دەوڵەتانی لیبڕاڵ دیموکراتیان نەبوو.

٤. دەوڵەتانی لیبڕاڵ دیموکراتی رۆژئاوا، جیا لەوەی خۆیان لە مەترسیی تێوەگلان لە شەڕی دەوڵەتان دوور خستەوە، لە هەمانکاتدا لەسەر ئاستی سەربازی لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسی، بە شێوەیەك لە شێوەکان مەترسییەکانی یەکێتی سۆڤیەتیان لغاوگیر کردبوو، کێبڕکێی (خۆپڕچەککردنیان بەتایبەتی چەکی ئەتۆمی) لە چوارچێوەی چەند

ڕێککەوتنێکدا لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتی پێشان ڕێکخستبوو، لە بەرامبەردا یەکێتی سۆڤیەتی پێشان بە داگیرکردنی ئەفغانستان لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو خۆی تووشی شەڕێکی زۆر خراپ کردو، هەر ئەو شەڕەش وایکرد کە گۆرباتشۆف پەنا بۆ ڕاگەیاندنی (سیاسەتی بیرۆستریکا) واتە دوورکەوتنەوە لە سیاسەتی ئابووریی سەنتراڵی ببات، بەڵام لەبەر ئەوەی ئابووریی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو لە بناخەوە فشەڵ بوو، ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٩١ سیستمی سیاسیی یەکێتی سۆڤیەت لەبەریەك هەڵوەشا.

٥. لە دوای ساڵی ١٩٩١ و لەبەریەکهەڵوەشانی یەکێتی سۆڤیەت و هەڵوەشانەوەی هاوپەیمانیی وارشۆ، ئیدی دەوڵەتانی لیبراڵ دیموکراتی ڕۆژئاوا بە سەرکردایەتیی ئەمریکا، جیا لەوەی جۆرج دەبلیو بوش (سیستمی نوێی جیهان)ی ڕاگەیاند و بانگەشەی بۆ (حکومەتی گلۆباڵی) دەکرد، لە هەمانکاتدا غرووری ئەمریکا و دەوڵەتانی دیکەی لیبراڵ دیموکراتی گەیشتبووە ئەو ئاستەی لە ساڵی ١٩٩٣ یەکەمین کۆنگرەی دیموکراتی لەسەر ئاستی جیهان لە وارشۆی پایتەختی پۆڵەندا گرێ بدەن، کە ئەم شارە پێشتر پایتەختی هاوپەیمانیی سەربازیی (وارشۆ)ی بلۆکی کۆمۆنیستی بوو.

ئەم هۆکارانە بوونە هۆی ئەوەی دەرهاویشتە خراپەکانی (نایەکسانی و نادادپەروەری) لە ماوەی ساڵانی ١٩٧١ تا ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، نەك هەر وەك پێویست لە بەرچاو نەگیرێن، بەڵکو سەرکەوتنەکانی سیستمی لیبراڵی نێودەوڵەتی بوونە هۆکاری ئەوەی کە سیستمی لیبراڵ دیموکراتی لە چوارچێوەی سنوورە نیشتمانییەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ بێنە دەرەوە و بەرەو سیستمێکی گلۆباڵی هەنگاو هەڵبگرن.

ئەگەر لێرەوە سەرنج بدەین، دەوڵەتانی لیبراڵ دیموکراتی لە سەرووی هەموو شیانەوە (ئەمریکا و فەرەنسا و بەریتانیا) لە دوای شەڕی دووەمی جیهانییەوە، هەموو هەوڵی خۆیان خستەگەڕ بۆ ئەوەی خۆیان لە ئاشووبی شەڕ دووربخەنەوە، هەر بۆ نموونە: ڕاستەوخۆ دوای کۆتاییهاتنی شەڕی دووەمی جیهانی، بەریتانیا دانی بە سەربەخۆیی هیندستاندا نا و لێی کشایەوە، چارەسەرکردنی هێرشی سێ قۆڵیی (بەریتانیا و فەرەنسا و ئیسرائیل) بۆ سەر کەنداوی سویس لە میسر، کشانەوەی فەرەنسا لە ڤێتنامی باکوور و جەزائیر، پاشان کشانەوەی ئەمریکا لە ڤێتنام لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، تەنانەت دوای ئەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، دەستی بەسەر باڵیۆزخانەی ئەمریکادا گرت لە تاران و کارمەندەکانی کرد بە بارمتە، ئەمریکا هاوشێوەی یەکێتی سۆڤیەت پێشوو، خۆی لە شەڕێکی گەورە لەگەڵ ئێران تێوە نەگلاند.

کەواتە خۆدوورخستنەوە لە شەڕ و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان دەوڵەتان بە ڕێگەی دیپلۆماتی و سیاسی، فاکتەری سەرکەوتنی گەورەی دەوڵەتانی لیبراڵ دیموکراتی بوو، بەڵام لەدوای ڕووخانی دیواری بەرلین و لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤیەت، دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بە سەرکردایەتیی ئەمریکا، خۆیان لە چەندین شەڕی گەورە تێوە گلاند، وەك شەڕەکانی دەوڵەتانی بەلکان و یوگسلافیای پێشوو لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، هەروەها هەردوو شەڕی عێراق و ئەفغانستان لە سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکەم، ئەمانە بوونە ژینگەیەکی لەبار بۆ ئەوەی گەشەکردنی دەرهاویشتەی خراپی (نایەکسانی و نادادپەروەری) بە تەواوەتی دەربکەوێت، تەنانەت لە ساڵی ٢٠٠٨ ئەمریکا و هەموو دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا دوچاری تەنگژەیەکی زۆر گەورەی ئابووری بن، لەو کاتەشەوە تا سەرەتای ساڵی ٢٠١٧ کە ترامپ چووە کۆشکی سپی، ئەو دەرهاویشتە خراپانەی (نایەکسانی و نادادپەروەری) بوونە هۆکاری ئەوەی کۆڵەکە سەرەکییەکانی سیستمی دیموکراتی لەبەر یەك هەڵبوەشێت و، بەشێکی زۆری دەوڵەتانی ڕۆژئاوا لەسەرووی هەمووشیانەوە (بەریتانیا و ئەمریکا) بڕیاریان دا لە چوارچێوەی سیستمی گلۆباڵی لیبراڵ دیموکراتی بێنە دەرەوە و بگەڕێنەوە بۆ چوارچێوە ناشنالیزمەکە، کە هەوێنی هەموو سەرکەوتن و داهێنانەکانی دەوڵەتانی لیبڕاڵ دیموکراتی بووە.

ئەم مێژووە لەلایەك گرنگیی «کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی داڤۆس»مان بۆ دەردەخات

**دوای ئەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، دەستی بەسەر باڵیۆزخانەی ئەمریکادا گرت لە تاران و کارمەندەکانی کرد بە بارمتە، ئەمریکا هاوشێوەی یەکێتی سۆڤیەت پێشوو، خۆی لە شەڕێکی گەورە لەگەڵ ئێران تێوە نەگلاند**

**خۆدوورخستنەوە لە شەڕ و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان دەوڵەتان بە ڕێگەی دیپلۆماتی و سیاسی، فاکتەری سەرکەوتنی گەورەی دەوڵەتانی لیبراڵ دیموکراتی بوو**

**لەدوای ڕووخانی دیواری بەرلین و لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤیەت، دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بە سەرکردایەتیی ئەمریکا، خۆیان لە چەندین شەڕی گەورە تێوە گلاند**

**ئەگەر سیاسەت و سیستمی ئابووریی هەر وڵاتێک بە ئاراستەیەکی خراپ بەڕێوە بچێت، ئەوا کاریگەریی زۆر خراپی لە سەر سەقامگیریی پرۆسەی سیاسی دەبێت و پاشانیش کە بووە دیاردەیەکی جیهانی کاریگەریی زۆر خراپی لەسەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی و جیهان دەبێت و دەبێتە ئەو پاشاگەردانییەی کە ئەمڕۆ دەیبینین و سەرەنجامیش چارەسەکردنی دەبێتە شێوازێک لە نیمچە مەحاڵ**

**ئەو قسانەی سەرۆکی کوردستان کە لە کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی کردی، ناوەڕۆکی ئەو راپۆرتەیە کە پسپۆڕان و کۆمپانیا گەورەکان و ئیکۆنۆمیستەکان بۆ کۆڕبەندی ئەمساڵی داڤۆس-یان ئامادەکردبوو، ناوەڕۆکی راپۆرتەکەش جەخت لەسەر کاریگەرییە نەرێنییەکانی دەرهاویشتە خراپەکانی ئەو نایەکسانی و نادادپەروەرییە دەکاتەوە کە ئاراستەی جووڵەی کۆمەڵگە لە تەواوی دەوڵەتانی جیهاندا دیاری دەکات**

**هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەی بە فەرمی دەوڵەت نییە، بەڵام کاراکتەرێکی دەوڵەتی بەهێزە بۆ بەشداریکردن لە تێکشکاندنی تیرۆریستان و دابینکردنی ئاشتی و تەناهی لە جیهاندا**

کە چۆن لە ماوەی ٥٠ ساڵی رابردوودا هەتا ئێستا هەوڵیداوە ساڵانە بە بەشداریی کۆمپانیا گەورەکان و ئەکادیمیستەکان راپۆرتێکی ورد لەسەر کێشەکانی ئابووریی بازاڕ ئامادەبکات و ناوەڕۆکی ئەم راپۆرتەش بکاتە تایتڵی تەوەری ئەو پەنێڵانەی کە لە ماوەی ئەو چوار رۆژەدا لە کۆڕبەندەکە پێشکەش دەکرێت و را و بۆچوونەکانی ناو راپۆرتەکە لەگەڵ سەرۆك و بڕیاربەدەستانی وڵاتانی جیهان تاوتوێ دەکەن، لەلایەکی دیکەش ئەم کۆڕبەندە کاریگەریی ئەو دەرهاویشتە خراپانەی (نادادپەروەری و نایەکسانی) لەسەر پرۆسەی سیاسیی هەموو دەوڵەتەکان دەخاتەڕوو، کە بۆتە هۆکاری ئەوەی تێکڕای دەوڵەتانی جیهان لە ئاکامی چارەسەرکردنی ئەم دەرهاویشتە خراپانە هەنگاوی ناڕاستی دیکەیان هەڵگرتووە، کە جیا لەوەی کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر شەڕ و ئاژاوەکانی جیهان هەبووە و، دووبارە جیۆپۆلیتیکی جیهانی بە شێوازێکی دیکە دارشتۆتەوە و، لە هەمانکاتدا گۆڕانکارییەکی گەورەی نەرێنیشی لە ژینگە و کەشوهەوادا دروست کردووە کە مەترسییەکی راستەقینەی لەسەر ئایندەی مرۆڤایەتی لەسەر هەردوو ئاستی ئابووری و سیاسی دروست کردووە.

## ● بەشداریی هەرێمی کوردستان لە داڤۆس و گرنگیی هەریەکەیان بۆ ئەوی دیکە

ئەوانەی بە وردی راپۆرتە ئامادەکراوەکانی کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی – داڤۆس دەخوێننەوە و بەپەرۆشەوە گوێ لە لێدوان و وتووێژەکانی ناو پەنێڵەکانی دەگرن، هەموویان لە رووبەکەوە دەگەنە ئەو قەناعەتەی کە ئەوەی (ئابوورییە کە جووڵە و ئاراستەی ناو کۆمەڵگە) دیاری دەکات، هەروەها (ئابوورییە کە دەرهاویشتە ئەرێنی و نەرێنیەکان) لەسەر شێواز و ئەدای پرۆسەی سیاسی و حوکمڕانیی دەوڵەتان بەجێدەهێڵێت.

هەر بۆیە ئەگەر سیاسەت و سیستمی ئابووریی هەر وڵاتێك بە ئاراستەیەکی خراپ بەڕێوە بچێت، ئەوا کاریگەریی زۆر خراپی لە سەر سەقامگیریی پرۆسەی سیاسی دەبێت و پاشانیش کە بووە دیاردەیەکی جیهانی کاریگەریی زۆر خراپی لەسەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی و جیهان دەبێت و دەبێتە ئەو پاشاگەردانییەی کە ئەمڕۆ دەیبینین و سەرەنجامیش چارەسەرکردنی دەبێتە شێوازێك لە نیمچە مەحاڵ.

نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەمیانەی گوتەکانی لەو پەنێڵەی لەسەر سەقامگیریی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەشداری تێیدا کرد، زۆر بە کورتی جەختی لەسەر ئەم خاڵە کردەوە و ئاماژەی بەوە کرد، کە لە ساڵی ٢٠١٣-٢٠١٤ لە یەك دوو شار و شارۆچکەی عەرەبی سوننە، هاووڵاتیان بۆ پێداویستییە سەرەکییەکانی خۆیان خۆپیشاندانیان کرد، بەڵام نەتوانرا بە دروستی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، ئەمە بووە هۆکاری سەرهەڵدانی رێکخراوی تیرۆریستیی داعش.

ئەو قسانەی سەرۆکی کوردستان کە لە کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی کردی، ناوەڕۆکی ئەو راپۆرتەیە کە پسپۆڕان و کۆمپانیا گەورەکان و ئیکۆنۆمیستەکان بۆ کۆڕبەندی ئەمساڵی داڤۆس-یان ئامادەکردبوو، ناوەڕۆکی راپۆرتەکەش جەخت لەسەر کاریگەرییە نەرێنییەکانی دەرهاویشتە خراپەکانی ئەو نایەکسانی و نادادپەروەرییە دەکاتەوە کە ئاراستەی جووڵەی کۆمەڵگە لە تەواوی دەوڵەتانی جیهاندا دیاری دەکات.

کەواتە لەگەڵ ئەوەی کۆڕبەندەکە ناونیشانێکی ئابووری هەڵگرتووە، بەڵام هەموو بوارەکانی سیاسەت و حوکمڕانی لەناو کۆی بەرنامەکەی داڤۆسدا رەنگدانەوەی هەیە و، لەو کۆڕبەندەشدا کێشە سیاسییەکان و شەڕ و ئاژاوە و ناسەقامگیری و گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا، تەواوی پەنێڵ و دیدار و کۆبوونەوەکانی کۆڕبەندەکە دیاری دەکات.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، لەناو ئەم هەموو کێشە و ناسەقاگیرییەی عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا، بایەخی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاراستەی ئەم کێشانە چین، وا چەندین ساڵە بە فەرمی داوەتی ئەم کۆڕبەندە جیهانییە دەکرێت؟ یان بە دیوێکی دیکەدا هەرێمی کوردستان (کە تەنیا هەرێمێکە لە چوارچێوەی عێراق و بە فەرمی دەوڵەت نییە)، دەتوانێت چ شتێك، یان ئاراستەیەك بۆ چارەسەری ئەم کێشە جیهانییانە پێشکەش بکات؟

ئەگەر پێش وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە،

پرسیارێکی دیکە بکەین، ئایا هەرێمی کوردستان چەند ساڵە بۆتە جێگەی بایەخی کۆڕبەندی داڤۆس لە سویسرا و کۆنفرانسی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە میونشنی ئەڵمانیا؟ بێگومان ئاشکرایە لە دوای سەرهەڵدانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش و پووچەڵکردنەوەی ئەفسانەی داعش لەسەر دەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە ڕابەرایەتیی مسعود بارزانی، هەرێمی کوردستان وەك ئەو دەوڵەتە هاوچەرخە سەیر دەکرێت کە ئەو توانایەی هەیە ئەمانە بکات:

١. هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەی بە فەرمی دەوڵەت نییە، بەڵام کاراکتەرێکی دەوڵەتی بەهێزە بۆ بەشداریکردن لە تێکشکاندنی تیرۆریستان و دابینکردنی ئاشتی و تەناهی لە جیهاندا.

٢. ئەو ژینگە سیاسییەی لە هەرێمی کوردستاندا لەسایەی سیاسەت و ستراتیژیەتی سەرکردایەتیی هەرێمی کوردستاندا فەراهەم کراوە، جیاواز لە ژینگەی تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ژینگەی سیاسیی ئێستای دەوڵەتانی ڕۆژئاواش، ژینگەیەکە کە تیرۆریستی خۆماڵیی (Homegrown Terrorists) تێدا بەرهەم نایەت، ئەمەش سەرنجی هەموو جیهانی ڕاکێشاوە.

٣. لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی ئیسلامیدا، کە بە شێوەیەکی گشتی بە دەوڵەتانی فرەنەتەوە و فرەئایین ناسراون، فرەیی بوونی هەیە، بەڵام بێجگە لە هەرێمی کوردستان لە هیچ دەوڵەتێکی عەرەبی و ئیسلامی ئەقڵییەتی پێکەوە ژیانی ئاشتی و برایانە بوونی نییە، لەمەش زیاتر ئەو ڕۆژئاوایەی کە شانازیی بە فرەکولتوورییەوە دەکرد، ئێستا دیاردەی دژە فرەکولتووری نەك هەر پەرەی سەندووە، بەڵکو بووەتە فاکتەرێك بۆ بردنەوەی هەڵبژاردنەکان.

٤. لەسەر ئاستی عێراق (بەشە عەرەبییەکەی) دیاردەی سڕینەوەی فرەنەتەوەیی و فرەئایینی و فرەمەزهەبی، بۆتە دیاردەیەك لە ژیانی ڕۆژانەی هاوولاتیاندا، هەر بۆ نموونە پێکهاتەی کریستیانەکان لە عێراقدا کە لە ساڵی ٢٠٠٣ بە نزیکەی ٢-٢,٥ ملیۆن مەزندە دەکران، ئێستا نزیکەی ٥٠٠ هەزار کەسیان لە عێراق ماون، لەم ژمارەیەش ڕێژەی زیاتر لە ٩٥٪ی لە هەرێمی کوردستان دەژین، بەپێچەوانەی بەشە عەرەبییەکەی عێراق، ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی (بە عەرەبی شیعە و سوننەشەوە) لە هەرێمی کوردستان دەژین و کەس هەست بەوە ناکات، ئەوە کوردە، یان عەرەبە، یان پێکهاتەیەکی دیکەیە، هەروەها کەس هەست ناکات ئەو هاوولاتیە پەیڕەوی لە چ ئایینێك دەکات، یان عەرەبێکی عێراقی سەر بە مەزهەبی شیعەیە، یان سوننەیە، هەموویان بە گیانی ئاشتی و تەبایی پێکەوە دەژین.

٥. وێڕای ئیمکانیەتی سنووورداری هەرێمی کوردستان لە ڕووی داراییەوە، هەروەها وێڕای سنوورداریی هەرێمی کوردستان بۆ دابینکردنی چەك و کەلوپەلی پێویست بۆ هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش، توانیویەتی ئاسایش و سەقامگیرییەکی زۆر باش بە ئاستێك دابین بکات کە لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێ وێنەیە.

٦. دابینکردنی ئەم سەقامگیرییە بۆتە هۆکاری ئەوەی کە هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەی (دەوڵەت) نییە، بەڵام لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتانەی بەپێی دەستووری عێراق بۆ هەرێمی کوردستان دیاری کراون، توانیویەتی ژێرخانێکی ئەوتۆی ئابووری بونیاد بێت کە بتوانێت سەرنجی وەبەرهێنەران و کۆمپانیا گەورەکانی جیهان بۆ هەرێمەکە ڕابکێشێت و بێن لە کوردستان وەبەرهێنان بکەن، ئەم بارودۆخەی کوردستان لەگەڵ بارودۆخی بەشە عەرەبییەکەی عێراق بەراورد ناکرێت.

ئەم چەند خاڵەی وەك خاڵی جیاکاری هەرێمی کوردستان ئاماژەمان پێ کردن، لە هیچ دەوڵەتێکی عەرەبی و ئیسلامی لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا بوونی نییە، وێڕای ئەوەی کە ئەم ناوچەیە بۆتە سەرچاوەی ناسەقامگیری و هەموو کێشەکان لە جیهاندا.

هەر بۆیە کاتێك هەرێمی کوردستان لە کۆڕبەندێکی جیهانیی وەك داڤۆس بەشداری دەکات، یان لە کۆنفرانسێکی ئاسایشی جیهانی وەك کۆنفرانسی میونشن بەشداری دەکات، ڕاستە پێشوازیی دەوڵەتان لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و شاندی یاوەری و ئەنجامدانی دیدار

**ئەو ژینگە سیاسییەی لە هەرێمی کوردستاندا لەسایەی سیاسەت و ستراتیژیەتی سەرکردایەتیی هەرێمی کوردستاندا فەراهەم کراوە، جیاواز لە ژینگەی تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ژینگەی سیاسیی ئێستای دەوڵەتانی ڕۆژئاواش، ژینگەیەکە کە تیرۆریستی خۆماڵیی**

**لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی ئیسلامیدا، کە بە شێوەیەکی گشتی بە دەوڵەتانی فرەنەتەوە و فرەئایین ناسراون، فرەیی بوونی هەیە، بەڵام بێجگە لە هەرێمی کوردستان لە هیچ دەوڵەتێکی عەرەبی و ئیسلامی ئەقڵییەتی پێکەوە ژیانی ئاشتی و برایانە بوونی نییە**

**پێکهاتەی کریستیانەکان لە عێراقدا کە لە ساڵی ٢٠٠٣ بە نزیکەی (٢-٢,٥) ملیۆن مەزندە دەکران، ئێستا نزیکەی ٥٠٠ هەزار کەسیان لە عێراق ماون، لەم ژمارەیەش ڕێژەی زیاتر لە ٩٥٪ی لە هەرێمی کوردستان دەژین**

**وێڕای سنووردارپی هەرێمی کوردستان بۆ دابینکردنی چەک و کەلوپەلی پێویست بۆ هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش، توانیویەتی ئاسایش و سەقامگیرییەکی زۆر باش بە ئاستێک دابین بکات کە لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێ وێنەیە**

**سەرۆکی کوردستان جیا لەو دیدارەی لەگەڵ سەرۆکی ئەمریکا لە داڤۆس، داوەتنامەیەکی فەرمیشی لە کۆشکی سپییەوە بۆ هاتووە، بۆ ئەوەی لە کۆشکی سپییش جارێکی دیکە لەگەڵ سەرۆک ترامپ کۆببێتەوە**

**دانانی هەرسێ ئاڵای کوردستان و ئەمریکا و عێراق لە پشت سەرۆکی ئەمریکا و سەرۆکی کوردستان، پەیامێکی راشکاوانە بوو لەلایەن سەرۆکی ئەمریکا بۆ هەموو جیهان، بەوەی کوردستان لەگەڵ ئەوەی هەرێمێکە لە چوارچێوەی عێراقدا، بەڵام رۆڵی کاراکتەرێکی دەوڵەتی دەگێڕێت لە شەڕی دژی تیرۆر و لە بونیادنانی سەقامگیری لەناوچەکە و لە پەرەپێدان و پێشکەوتن و پیادەکردنی حوکمڕانیی باشدا**

و کۆبوونەوەی چڕ و پڕ لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان، فاکتەرێکی گرنگە بۆ ئاستی دەرکەوتنی هەرێمی کوردستان لە ناو دیپلۆماتیەتی نێودەوڵەتیدا، لە هەمانکاتدا بۆ کۆڕبەندەکەش گرنگە کە هەرێمی کوردستان وەك نموونەی قەوارەیەکی سیاسی (نادەوڵەت) بۆتە سیمبولێك بۆ سەقامگیری و وەبەرهێنان لە ناوچەیەکی ئاڵۆز و پڕکێشەی وەك رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

### ● کۆبوونەوەی لوتکەی سەرۆکی کوردستان و سەرۆکی ئەمریکا

دۆناڵد ترەمپ لەو کاتەوەی چۆتە کۆشکی سپی، ئەمە دووەمین جارە بەشداری لە کۆڕبەندی جیهانیی داڤۆس دەکات، لە کانوونی دووەمی ٢٠١٨ کاتێك بۆ یەکەمین جار لەسەر سەکۆی داڤۆس قسەی بۆ ئامادەبووان کرد، راشکاوانە بە سەرکردەکانی جیهانی راگەیاند، بایەخی سەرەکیتان بۆ نەتەوە و وڵاتی خۆتان بێت و هەوڵبدەن، دەوڵەتەکەتان لە پێش هەر شتێکی دیکە بێت، بەڵام لە کانوونی دووەمی ٢٠٢٠ گوتارێکی دیکەی پێشکەشی ئامادەبووان کرد و رایگەیاند، «ئەوەی من لەم سێ ساڵەدا وەك سەرۆکی ئەمریکا بەدەستم هێناوە، هیچ سەرۆکێکی دیکەی ئەمریکا لە مێژوودا بەدەستی نەهێناوە..»و بە زمانی ژمارە سەرکەوتنەکانی خۆی بە ئامادەبووان راگەیاند.

بێگومان سەرکەوتنەکانی ئەم سێ ساڵەی رابردووی ترەمپ لەسەر ئاستی ئابووری و سیاسەتی ئەمریکا جێگەی سەرنجی ئامادەبووانی کۆڕبەندەکە بوو، بۆیە بە چەپڵەڕێزان پێشوازی لە گوتارەکەی کرا.

ئەم گوتارەی ترەمپ وەك سەرۆکی ئەمریکا، راگەیاندنی سەرکردایەتیی دووبارەی ئەمریکا بوو بۆ جیهان و بە شێوازێکی دیکە، راشکاوانەتر وەك بیرمەندی جوو «یۆرام هۆزانی» لە کتێبی (فەزیلەی ناشنالیزم) ئاماژەی پێ کردووە، پەروەردگار مووسای (د.خ) نارد بۆ گەلی جوو، وەك گەلێکی هەڵبژێردراو لەلایەن پەروەردگارەوە، بۆ ئەوە بوو، جوو دەوڵەتی نیشتمانیی خۆیان بە شێوەیەك دروست بکەن کە نەتەوەکانی دیکەش لاسایی بکەنەوە، نەك دەوڵەتەکەی جوو نەتەوەکانی دیکە داگیر بکات.

لەم چوارچێوەیەدا ترەمپیش بە هەمان میتۆد رووی کردە سەرکردەکانی جیهان و پێی راگەیاندن، ئەگەر دەتانەوێت کێشەی نەتەوە و دەوڵەتەکانتان چارەسەر بکەن، لاسایی من بکەنەوە، دوو ساڵ پێش ئێستا ئەمریکا لە بارودۆخێکی زۆر خراپدا بوو، بەڵام ئێستا لە هەموو سێکتەرەکاندا پێشکەوتنی سەرسووڕهێنەری هەیە.

ئاماژەکردنمان بە گوتەکانی ترەمپ، پێش ئەوەی بێینە سەر کۆبوونەوە لوتکەکەی لەگەڵ سەرۆکی کوردستاندا، بۆ ئەوەیە بڵێین: دیدار و کۆبوونەوەکانی ترەمپ لەگەڵ سەرۆکەکان زۆر سنووردار بوو، تەنیا لەگەڵ شەش کەسایەتی کۆبۆتەوە، کە چواریان سەرۆك بوون، ئەوانیش سەرۆکەکانی (کوردستان، عێراق، پاکستان و سەرۆکی ئەنجومەنی فیدراڵی سویسرا)، دوو کەسایەتییەکەی دیکە بریتی بوون لە سەرۆکی کۆمیسیۆنی ئەوروپا و سەرۆك و دامەزرێنەری کۆڕبەندی جیهانیی داڤۆس.

ئەگەر سەیری ئەو شەش کەسایەتییە بکەین کە کۆشکی سپی بەرنامەی دانابوو سەرۆك ترەمپ لەگەڵیان کۆببێتەوە، ئەوا دەبینین هەریەك لەو کەسایەتییانە هۆکاری خۆی هەبووە کە کۆشکی سپی بەرنامەی داناوە بۆ ئەوەی سەرۆکەکەی لەگەڵیان کۆببێتەوە.

سێ لەو سەرۆکانەی کە ترامپ وەك سەرۆکی رۆژهەڵاتی لەگەڵیان کۆبووە، سەرۆکەکانی (پاکستان، عێراق، کوردستان) بوون، ئاشکرایە پاکستان یەکێکە لە هاوپەیمانە دێرینەکانی ئەمریکا و کارەکتەرێکی سەرەکییە بۆ وتووێژەکانی نێوان ئەمریکا و تاڵیبان، هەموو کاتێکیش پاکستان پاڵپشتییەکی گەورە بووە، بۆ سیاسەتەکانی ئەمریکا لە ئەفغانستان، سەبارەت بە کۆبوونەوەکەشی لەگەڵ سەرۆك کۆماری عێراق، ئەمە جیا لەوەی لەسەر گرووپ و هێزەکانی حەشدی شەعبی سەرکۆنە کرا، بەڵام ئامانجی ترامپ لەم کۆبوونەوەیە ئەوە بوو کە عێراق ناچار بکات، ئەو بڕیارە جێبەجێ نەکات کە پەرلەمان بۆ دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان لە عێراق دەریکردووە، بەڵام لەناو ئەم هۆکارانەدا، کۆبوونەوەی سەرۆکی ئەمریکا لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی کوردستان هۆکارگەلێکی دیکەی هەبوو، بەتایبەتی کە




سەرۆكی كوردستان جیا لەو دیدارەی لەگەڵ سەرۆكی ئەمریكا لە داڤۆس، داوەتنامەیەكی فەرمیشی لە كۆشكی سپییەوە بۆ هاتووە، بۆ ئەوەی لە كۆشكی سپییش جارێكی دیكە لەگەڵ سەرۆك ترامپ كۆببێتەوە.

ڕێوڕەسمی ئامادەكردنی كۆبوونەوەكە لەگەڵ سەرۆكی كوردستان لەلایەن لیژنەی ئامادەكاری كۆشكی سپی بۆ ئەو دیدارانە و دانانی هەرسێ ئاڵای كوردستان و ئەمریكا و عێراق لە پشت سەرۆكی ئەمریكا و سەرۆكی كوردستان، پەیامێكی راشكاوانە بوو لەلایەن سەرۆكی ئەمریكا بۆ هەموو جیهان، بەوەی كوردستان لەگەڵ ئەوەی هەرێمێكە لە چوارچێوەی عێراقدا، بەڵام رۆڵی كاراكتەرێكی دەوڵەتی دەگێڕێت لە شەڕی دژی تیرۆر و لە بونیادنانی سەقامگیری لەناوچەكە و لە پەرەپێدان و پێشكەوتن و پیادەكردنی حوكمڕانیی باشدا، بە مانایەكی دیكە، كێشەی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوە نییە كە جوگرافیای ناوچەكە بۆ حوكمڕانی سەختە، بەڵكو كێشەی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەیە كە سەرۆكەكانیان وەك سەرۆكی كوردستان ئەقڵییەتی دەوڵەتمەداریان نییە و ناتوانن لە ئیرادەی نەتەوەكانیان نموونەیەكی جوانی حوكمڕانی دروست بكەن و پێشكەشی جیهانی بكەن، هەر بۆیە دوای تەواوبوونی دیدارەكە، سەرۆك ترەمپ، سەرۆكی كوردستانی وەك جەنگاوەرێكی مەزن وەسف كرد، ئەمەش بەو مانایەی ئەگەر كوردستان نەبوایە، شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش سەركەتوو نەدەبوو.

سەرۆكی كوردستان لە میانەی بەشداریكردنیشی لەو پەنێڵەی بۆ سەقامگیریی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رێكخرابوو، بۆ یەكەمین جار بە زمانی كوردی پەیامەكەی خۆی پێشكەش كرد و كۆڕبەندی ئابووری جیهانی بە زمانی كوردی ئاشنا كرد، دیارە سەرۆكی كوردستان بێجگە لە زمانی كوردی و عەرەبی و فارسی، لە زمانی ئینگلیزیش وەك زمانێكی جیهانی بە باشی شارەزایە و لە دیدارەكەی لەگەڵ سەرۆك ترەمپ بە زمانی ئینگلیزی قسەی كرد، بەڵام قسەكردنی بە زمانی كوردی لە پەنێڵەكەی داڤۆسدا، پەیامێكی دیكە بوو كە نەتەوەی كورد و كوردستان، تەنیا لە عێراقدا بەشێك نییە لەچارەسەركردنی كێشەكان، بەڵكو لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانیش كاراكتەرێكی چالاكە بۆ چارەسەركردنی كێشەكان و فەراهەمكردنی ئاشتی و سەقامگیری و حوكمڕانیی باش و پاراستنی ژینگە لە جیهاندا.

**كێشەی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوە نییە كە جوگرافیای ناوچەكە بۆ حوكمڕانی سەختە، بەڵكو كێشەی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەیە كە سەرۆكەكانیان وەك سەرۆكی كوردستان ئەقڵییەتی دەوڵەتمەداریان نییە و ناتوانن لە ئیرادەی نەتەوەكانیان نموونەیەكی جوانی حوكمڕانی دروست بكەن و پێشكەشی جیهانی بكەن**

**سەرۆكی كوردستان لە میانەی بەشداریكردنیشی لەو پەنێڵەی بۆ سەقامگیریی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رێكخرابوو، بۆ یەكەمین جار بە زمانی كوردی پەیامەكەی خۆی پێشكەش كرد و كۆڕبەندی ئابووری جیهانی بە زمانی كوردی ئاشنا كرد**



دکتۆر فرسەت سۆفی
پارێزگاری هەولێر بۆ گوڵان:

# هەر کەسێک دەیەوێت پڕۆژەی گەورەی کشتوکاڵی و پیشەسازی بکات، زەویی بۆ تەرخان دەکەین

## نە پاشەکشە لە ئەنجامدانی چاکسازی دەکەین و نە لە جێبەجێکردنیشی ماندوو دەبین

## دەتوانین بە دروستکردنی متمانە لە نێوان هاووڵاتی و حکومەت کاری باش بکەین و ئومێدیش هەیە قۆناغی داهاتوو باشتر بێت



**نکۆڵی لە سەنگ و قورسایی سیاسی و ئابووریی هەولێر وەك پایتەختی هەرێمی کوردستان ناکرێت، کە ئەمەش ڕۆڵی گرنگی هەیە لە هێنانەئارای کوردستانێکی بەهێزدا، لەم ڕووەوە پێگە و ڕۆڵی هەولێر لە بەرەودان بە ژێرخانی ئابووریی کوردستان و جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی چاکسازی وەك ئەولەوییەتی سەرەکیی حکومەتی هەرێم و ئەو کێشە و ئاستەنگانەی ڕووبەڕووی کارەکانی حکومەتی مەحەلی لەم شارە دەبێتەوە، بوونە چەند تەوەرێکی دیدارێکی گوڵان لەگەڵ دکتۆر فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر.**

# هەر کەسێکیش زێدەڕۆیی کردبێتە سەر کارەبای ماڵەکەی وەک تۆمەتبارێک مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و دەدرێت بە دادگا

*** ئێوە لە پرۆسەیەکی سیاسیی نوێی کوردستاندا بوونە پارێزگاری پایتەخت، بێگومان پایتەخت کاری زۆر باشی بۆ کراوە، بەڵام هێشتا پێویستی بە زیاترە بۆ ئەوەی شایستەی ئەو کوردستانە بەهێزە بێت کە ئەم پرۆسە سیاسییە تازەیە بانگەشەی بۆ دەکات، ئایا هەولێر بۆ ئەوەی شایستەی ئەوە بێت ببێتە پایتەختی کوردستانێکی بەهێز دەبێت چۆن بەرنامەی بۆ دابنرێت؟**

- لە سەرەتای دەستبەکاربوونمان هەڵساین بە ئامادەکردنی پلانێکی هەمەلایەن لەسەر ئاستی هەموو سێکتەرەکان و ئەو پلانەمان لە ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر خستەڕوو و گفتوگۆی لەسەر کراو ئێستا بۆ خزمەتکردنی شاری هەولێر و سەرجەم قەزاو ناحیەو گوندەکانی سنووری پارێزگای هەولێر و دەستکراوە بە جێبەجێکردنی پلانەکە لەسەر ئاستی چاکسازی لە سێکتەری کارگێڕی و خزمەتگوزارییە گشتییەکان لە هەموو کەرتەکانی پەیوەست بە حوکمڕانیەتی، هەروەها لەسەر ئاستی وەڵامدانەوەی داخوازی و داواکاریی خەڵك و بۆ ئەو مەبەستەش چەندین میکانیزم و ڕێگامان داناوە تاوەکو بتوانین بە شێوەیەکی کاریگەرو کارا لە نزیك خەڵك بین بۆ ئەوەی بتوانین ئەوەی بکرێت، ئەنجامی بدەین، بەڵام بەربەستی هەرە گەورە کە لەم قۆناغەدا لە پێشمانە، ئەوەیە کە بودجەیەکی دیاریکراومان بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لە بەردەست نییە، چونکە ئێستا بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان نەماوە کە پێشتر هەبوو، هەروەها ئێستا بودجەی وەبەرهێنان و هیچ جۆرە بودجەیەکی دیکەمان لەبەردەست نییە،

بەڵکو ئەوەی دەکرێت بە نووسراو بۆ وەزارەتی دارایی و ئەنجومەنی وەزیرانی دەنێرین تاوەکو بڕە پارەیەك ئەگەر کەمیش بێت، بدرێت، بۆیە هیواداریـن لە پلانی حکومەتی هەرێم لە قۆناغی داهاتوو بودجەیەك تەرخان بکات کە لەبەردەستی پارێزگای هەولێر و پارێزگاکانی دیکەی هەرێمی کوردستاندا بێت بۆ ئەوەی بتوانین لەهەندێ سێکتەری سەرەکی کە کێشەمان لێیان هەیە، ئەویش وەك ڕێگاوبان و کارەبا و ئاو کە ئەم سێ خزمەتگوزارییە سێ ژمارەی گرنگی یەك لەدوای یەکن بۆ خەڵك، دەبێت کاری بۆ بکەین تاوەکو بەرەوپێشچوونیان تێدا بکرێت، بۆ ئەوەی زیاتر خزمەتی خەڵك بکەین و خزمەتگوزاری لەو سێ سێکتەرە بەخەڵك پێشکەش بکەین.

*** لەوانەیە یەکێك لە فاکتەکانی دەستنیشانکردنتان بۆ پۆستی پارێزگار (بە تێڕوانینی گوڵان) ئەوە بێت، کە ماوەیەکی زۆرە کار لەسەر پرۆسەی چاکسازی بۆ تەواوی سێکتەرەکانی حکومەت لەسەرانسەری کوردستان دەکەیت، خاوەنی پرۆژەش بوویت، کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی کە ئەوکات سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بوو، پێشوازی لێکردن و پرۆژەکەی پەسەندکردن، ئێستا خۆت سەرۆکی حکومەتی لۆکاڵی پایتەختی، ئایا ئەو بەشەی پرۆژە چاکسازییەکەت کە بۆ پایتەخت ئامادەت کردووە، چی دەگرێتەوە؟ ئایا ئامادەت کردبوو بۆ ئەوەی کەسانی دیکە جێبەجێی بکەن؟ لە ئێستادا خۆت چۆن جێبەجێی دەکەیت؟**

- وەك ئاماژەم پێدا ئێمە پلانێکمان لە ئەنجومەنی پارێزگا ڕاگەیاند، بەشێکی گەورەی ئەم پلانە پەیوەستە بەچاکسازی لە هەموو سێکتەرەکان بەتایبەتی چاکسازیی کارگێڕی، خۆشبەختانە دەستمان بەو چاکسازییە کردووە و بەشێك لە گۆڕانکارییە کارگێڕییەکانمان ئەنجامداوە بەهێنانە پێشی خوێنی تازەو بەشێك لەو گۆڕانکارییانە ماون و لە ئایندەیەکی نزیکدا دەیبینن کە ئەنجامی دەدەین، ئەمە خاڵی یەکەم. خاڵی دووەم: لەم ماوەیەی کە دەستبەکاربووین کارمان کردووە بۆ دانانی سنوور بۆ زێدەڕۆیی لەسەر موڵك و ماڵی گشتی و بەرنامە و پلانی ئێمەش ئەوەیە کە زەوی موڵکی نەوەکانە و دەبێت وەك چاوی خۆمان بیپارێزین و زەوی نەخرێتە خزمەتی بەرژەوەندیی تاکەکەسی، بەڵکو ئەو زەوییانەی هەمانە بۆ خزمەتی بەرژەوەندیی گشتی بێت، بۆ نموونە زەوی بۆ کەرتی پیشەسازی بێت کە کارگەیەك لەسەر ڕووبەرێکی زەوی دروست بکرێت (٢٠٠) کەس تێیدا کار بکەن، نەك بیدەینە بەنزینخانەیەك تەنیا یەك کەس تیدا سوودمەند بێت، هەر بۆیە دروستکردنی بەنزینخانە و کارگەی غازمان ڕاگرتووە، چونکە زەوی بۆ ئەو کارو مەبەستانە تەرخان دەکرا، تەنیا یەك کەس، یان یەك خێزان تێیدا سوودمەند دەبوون، بەڵام ئێستا لە چوارچێوەی ئەو چاکسازییەی دەکرێت، هانی پرۆژەی پیشەسازی و کشتوکاڵی و گەشتیاری دەدەین تاوەکو لەم پرۆژانەدا خەڵکێکی زۆر کار بکەن و وڵاتەکەشمان زیاتر گەشە بکات، هاوکات هەوڵدەدین هەندێك لایەن کە پەیوەست بوون بە لادانی ئیداری بیانهێنینەوە سەر ڕێچکەی خۆی و لەوانەیە ئەو لادانە کارگێڕییانەی ئەو کات پەیوەندی بە بارودۆخ و کاتێکی دیاریکراو هەبووە، بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠١٤ تا ساڵی ٢٠١٨ قەیرانێکی دارایی و شەڕی داعش هەبوو و دامودەزگا و دامەزراوەکان بە جۆرێك لە جۆرەکان کێشەو گرفتی تێکەوتووە، بەڵام ئێستا کارو وەزیفەی ئێمەیە ئەمانە ڕاست بکەینەوە. لەلایەکی دیکەوە دەمانەوێت تەندەر و (موساتەحە) بە شەفافیەت و ئاشکرا و بەپێی ڕێنمایی و یاساکان بەڕێوەبچێت، هەر بۆیە لەناو پارێزگا شاشەیەکی گەورەمان داناوە و هەموو هاووڵاتیان دەتوانن وردەکارییەکانی تەندەرەکان ببینن و لەلایان ڕوون بێت، هەروەها ئێمە لە قۆناغەکانی دیکەی تەندەرەکاندا لە کردنەوەو شیکردنەوەو خوێندنەوەی تەندەرەکان لیژنەکانمان گۆڕیوە و هەر شەش مانگ جارێکیش ئەو لیژنانە دووبارە دەگۆڕدرێن، هەروەها لە ناو پارێزگای خۆماندا دەستمان بە چاکسازی کردووە و کۆمەڵێك هەنگاومان ناوە کە لە خزمەتی پرۆسەکەدایە تاوەکو بەشێوەی یاسایی بڕوات. ئێمە ڕامانگەیاندووە ناکرێت هیچ کەسێك پارچە زەوییەك بە موساتەحە

**بەربەستی هەرە گەورە کە لەم قۆناغەدا لە پێشمانە، ئەوەیە کە بودجەیەکی دیاریکراومان بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لە بەردەست نییە**

**لەم ماوەیەی کە دەستبەکاربووین کارمان کردووە بۆ دانانی سنوور بۆ زێدەڕۆیی لەسەر موڵک و ماڵی گشتی و بەرنامە و پلانی ئێمەش ئەوەیە کە زەوی موڵکی نەوەکانە و دەبێت وەک چاوی خۆمان بیپارێزین**

وەربگرێت، ئەگەر نەچێتە زیادکردنی بەئاشکرا (موزایەدە) و زیادکردنی بەئاشکراش بەپێی ئەو مەرجانەی کە یاسا دیاری کردووە، واتە ئەگەر کەسێك پێگەیەکی سیاسی و حزبی و کۆمەڵایەتی و سەربازی، یان هەر پێگەیەکی دیکەی هەبێت، زاڵ ناکرێت بەسەر هاووڵاتیەکی دیکەدا و ئێمە هەموو دەرگایەك دەکەینەوە کە کێبڕکێی ڕەوا لەسەر پرۆژە بازرگانییەکان لە شارەکەی خۆمان دروست بکەین و، هیچ یەکێك لە کایە و سێکتەرەکانیش بۆ کەس و کۆمپانیایەکی دیاریکراو قۆرخ نەکرێت. هەر چەندە لە هەقیقەتدا ئەمە ڕێگایەکی ئاسان نییە، بەڵکو ڕێگایەکە زەحمەت و ماندووبوونی دەوێت و لەوانەیە کاتیشی پێویست بێت، بەڵام بەهیچ شێوەیەك تەنازولی لێ ناکەین و بە هەموو توانامانەوە ئەو پەیامانەی لە چوارچێوەی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەست بووە بە لایەنی چاکسازی کە ١٣ خاڵ لەخۆ دەگرێت، ئەوە ئێمە خۆمان بە پابەند دەزانین کە یەکە یەکەی ئەو خاڵانە کاری لەسەر بکەین و جێبەجێشیان بکەین، بۆ ئەو مەبەستەش نە ماندوو دەبین و نە پاشەکشەی لێ دەکەین و تەسلیمی ئەجیندا و ئیرادەی هیچ کەسێکیش نابین، ئەگەر هەر پێگەیەکیشی هەبێت.

*** هەولێر جیا لەوەی پایتەختی سیاسیی کوردستانە، لە هەمانکاتدا دەکرێت بڵێین پایتەختی وەبەرهێنان و ئابووریی کوردستانیشە، هەروەها لەگەڵ چوار پارێزگا (سلێمانی، دهۆك، موسڵ و کەرکووك) هاوسنوورە، ئەمەش مانای ئەوەیە بوارێکی فراوان لە هەولێردا هەیە کە بتوانرێت بە ڕێگەی بازرگانی و وەبەرهێنان ژێرخانێکی پتەوی ئابووری بۆ هەولێر دروست بکرێت، لەو بوارەدا چیتان کردووە و بەرنامەتان چییە؟**

- ئێمە لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزارو دەستەی وەبەرهێنان و وەزیری بازرگانی و پیشەسازی کۆبوونەوەیەکمان کرد بۆ ئەوەی بتوانین چۆن خزمەتگوزارییەکانی ئاو و ئاوەڕۆ و کارەبا و شەقام و...تاد بۆ ناوچەی پیشەسازیی تیمار دروست بکەین، بۆ ئەوەی شارێکی پیشەسازیی گەورە لەشاری هەولێر دروست بکرێت، کە وێنەی نەبێت لەسەر ئاستی هەموو عێراق. بۆ ئەو مەبەستە ئێستا لیژنەیەکمان پێکهێناوە کە لەم هەفتەیەدا کۆدەبینەوە تاوەکو لە ڕێگای ئەو لیژنەیەوە پێشنیار بکرێت کە کەرتی تایبەت بە مەتر چوارگۆشە پرۆژەکانی خزمەتگوزاری لە ناوچە پیشەسازییەکە جێبەجێ بکات، کە ناوچەی پیشەسازیی تیمار (٢٤)هەزار دۆنمە و جگە لەوانەی ئێستا لەو ناوچە پیشەسازییە کارگەیان هەیە و ئەوانەی لەمەودواش دەیانەوێت کارگە لەو ناوچەیە دابمەزرێنن، ئێمە زەوی و مۆڵەتیان پێ دەدەین بۆ هاندان و پشتیوانیکردن لە برەودان بە کەرتی پیشەسازی، ئەگەرچی زۆر لە وەبەرهێنەران سەردانمان دەکەن و داوا دەکەن کە شاری نیشتەجێبوون دروست بکەن، بەڵام نیشتەجێبوون لەم قۆناغەدا پێداویستیی ناوخۆی پڕکردۆتەوە، بۆیە زەوی بۆ دروستکردنی شاری نیشتەجێبوون نادەین، بەڵام هەر کەس و وەبەرهێنەرێك بیەوێت کارگەی کێبڵ، یان کارگەی ریسایکلینی کارتۆن دروست بکات، هاوکاری دەکەین و بێگومان هاندان و پاڵپشتیمان بۆ کەرتی تایبەت و وەبەرهێنەران بەو ئاراستەیەیە کە بتوانین ژێرخانێکی باشی ئابووری لە هەرێمی کوردستان دروست بکەین، لەلایەکی دیکەوە کار دەکەین و هەوڵمان بەو شێوەیەیە کە برەو بە بەرهەمی ناوخۆ بدەین و پارێزگاری لێ بکەین و بەرژەوەندیی خەڵکیش لەبەرچاو بگرین و نەهێڵین بەرهەمەکان گران بێت، بۆ نموونە وەك ئەوەی لە ماوەی ڕابردوو بۆ پارێزگاری لە هێلکەی ناوخۆ پیادەمان کرد و ئێمە بۆ هەموو بابەت و بەرهەمەکانی ناوخۆ لە کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵ و هەموو کەرتەکانی دیکە پاڵپشت و داکۆکیکارین و لێرەدا دەمەوێت لە ڕێگای ئێوەوە ڕایبگەیەنم هەر کەسێك دەیەوێت پرۆژەی گەورەی کشتوکاڵی وەك پرۆژەی پلاستیکی و پرۆژەی باخداری بکات، ئەوە زەویمان هەیە و دەیخەینە خزمەتیان، هاوکات بۆ ئەوەی بتوانین یاسای پاراستنی بەرهەمی ناوخۆ جێبەجێ بکەین، ڕێگا نادەین ئەو بەرهەمانە لەو کاتەی وەرزی بەرهەمی خۆمان پێدەگات، هاوردە بکرێن. هەر

**دەمانەوێت تەندەر و (موساتەحە) بە شەفافیەت و ئاشکرا و بەپێی ڕێنمایی و یاساکان بەڕێوەبچێت، هەر بۆیە لەناو پارێزگا شاشەیەکی گەورەمان داناوە و هەموو هاووڵاتیان دەتوانن وردەکارییەکانی تەندەرەکان ببینن و لەلایان ڕوون بێت**

**زۆر لە وەبەرهێنەران سەردانمان دەکەن و داوا دەکەن کە شاری نیشتەجێبوون دروست بکەن، بەڵام نیشتەجێبوون لەم قۆناغەدا پێداویستیی ناوخۆی پڕکردۆتەوە، بۆیە زەوی بۆ دروستکردنی شاری نیشتەجێبوون نادەین**

**هاندان و پاڵپشتیمان بۆ کەرتی تایبەت و وەبەرهێنەران بەو ئاراستەیەیە کە بتوانین ژێرخانێکی باشی ئابووری لە هەرێمی کوردستان دروست بکەین**

کەسێکیش بیەوێت لە گوندەکان و دەوروبەری شار پرۆژەی گەورەی پیشەسازی بکات، زەوی بۆ دابین دەکەین و ئەوەی بیەوێت پرۆژەی گەشتیاریش بکات، ئێمە پاڵپشت و هاوکاری دەبین، چونکە دەمانەوێت گوندەکانمان لە چۆڵبوون بپارێزین و زیاتر ئاوەدان ببنەوە، هاوکات ئێمە هەست بە مەترسییەك دەكەین كە ئەو نەوە نوێیەی پێ رادەگات، نە دادەمەزرێت و نە کاری دەست دەکەوێت، رەنگە لە ئەنجامدا بە ناچاری سەرهەڵگرێت و بەرەو دەرەوەی وڵات کۆچ بکات، یان تووشی هەندێ حاڵەت ببێت، نامۆ ببێت، یان لە گوند و قەزا و ناحیەکان بە هۆی بێکاری و بۆ دەستکەوتنی کار بەرەو شار بێن، کە ئەمەش رەنگە کێشەی لێ بکەوێتەوە. لەبەر ئەوە دەمانەوێت دەرفەتی کارکردن لە گوند و لە دەروبەری شار دروست بکەین، ئەمەش بە دروستکردنی کارگەکان دەبێت. چونکە باوڕ ناکەم حکومەتی هەرێم لە توانای هەبێت ئەو هەموو خەڵکە دابمەزرێنێت، بودجەی هەرێمیش لەوە زیاتر بەرگەی دامەزراندن ناگرێت. بۆیە دەبێت دەرفەتی کار دروست بکەین. دواتر هەموو ئەو وڵاتانەش کە لە بێکاری رزگاریان بووە بە هاندانی پرۆژەی پیشەسازی و خستنەگەڕی دەستی کار بووە. بە راستی ئەمە هەورازێکی سەختە و کاتی دەوێت، بەڵام دەبێت کاری لەسەر بکرێت، ئەگەرچی هیچ شتێکیش مەحاڵ نییە و دەتوانین بە یەکەوە بە دروستکردنی متمانە لەنێوان هاووڵاتی و حکومەت و دامودەزگاکانی دەوڵەت کاری باش بکەین و ئومێد هەیە قۆناغی داهاتوو باشتر دەبێت.

*** کێشەیەکی دیکەی حوکمرانیی پایتەخت ئەوەیە کە بینایەی دامەزراوە شەرعییەکانی (سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکان) لەناو هەولێردایە، ئێوەش راستەوخۆ وەك پارێزگا کارتان لەگەڵیان هەیە، ئەمەش ئیزدواجیەتێکی دەسەڵاتی دروست کردووە، هەر بۆ نموونە ئەو فەرمانگەیانەی هەولێر کە راستەوخۆ لەگەڵ وەزارەتەکان کاردەکەن، دوای دەست بەکاربوونت لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کۆبوویتەوە، ئایا چۆن ئەم کێشەیەت چارەسەر کردووە؟ ئایا ئەوەی باسی دەسەڵاتی لامەرکەزیی پارێزگاکان دەکرێت، پایتەختیش دەگرێتەوە؟ ئەگەر دەیگرێتەوە ئەو میکانیزمە چۆنە؟**

- لە کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بە روونی باس لە ناسەنتەری لە دەسەڵات و لامەرکەزیی ئیداری کراوە، ئێمەش وەك پارێزگای هەولێر پێمانوایە بۆ ئەوەی بارقورسی لەسەر ئەنجومەنی وەزیران دروست نەبێت، پێویستە بەشێك لە دەسەڵاتە ئێداری و داراییەکان بۆ پارێزگا شۆڕبکرێتەوە و بە هەمان شێوە دەسەڵاتەکان لە پارێزگاوەش بۆ قەزاو ناحیەو بەڕێوەبەرە گشتییەکان و فەرمانگەکان شۆڕبکرێتەوە بۆ ئەوەی هەم رۆتینەکان کەم ببێتەوە، هەم کارو مامەڵەکانی هاووڵاتیان خێراتر رایی بکرێت، بێگومان دابەزینی دەسەڵاتەکان بەتایبەتی لەرووی داراییەوە زۆر پێویستە، چونکە بەپێی یاسای ژمارە(٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ پارێزگاکان، ئەوا بەشێك لە داهاتی شارەکە بۆ پارێزگایە، ئەگەرچی ئێستا ئەو داهاتانە بە داهاتی موڵکەکانی ئیدارەی مەحەلییشەوە هەر هەموویان بۆ وەزارەتی دارایی دەگەڕێتەوە و هیچ لە داهاتەکە لەلای ئێمە نامێنێت، ئەمەش وایکردووە بۆ کڕینی کۆمپیوتەرێك نووسراو بۆ وەزارەتی دارایی بکەین و کڕینی ئەو کۆمپیوتەرە بۆی هەیە ماوەی شەش مانگ بخایەنێت، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوەین بۆ خێرا راییکردنی کارەکان پێویستمان بەوەیە جۆرێك لە لامەرکەزیی ئیداری و دارایی هەبێت، بەمەش زیاتر دەستکراوەتر دەبین و زیاتر وەڵامدەرەوی خواست و داواکارییەکانی خەڵك دەبین.

*** لەگەڵ ئەوەی شەقامە ناوخۆییەکانی پایتەخت بە هۆی بوونی ١٢٠مەتری و کارکردن لە ١٥٠مەتری لە هەموو عێراق باشترە، بەڵام کێشەی ترافیك لە ئاستێکدایە کە کێشەی بۆ هەموو هاووڵاتیان و فەرمانبەران دروست کردووە، بەتایبەتی لە کاتی دەستپێکردنی دەوام و کۆتایی دەوام خنکاندنی ترافیك لە هەموو شەقامەکانی (٣٠، ٤٠، ٦٠، ١٠٠) مەتری روودەدات، وەك ئاگادارن زۆر وڵات کێشەی خنکاندنی ترافیکی بە سیستمی گواستنەوەی**

دەمانەوێت بە شێوە و سیستەمێک پاسەکانی هێڵی گشتی رێکبخەین کە ببێتە هۆکاری کەمکردنەوەی قەرەباڵغی و ئەو خنکانەی کە لەناو شار روودەدات

ئەگەر لە ماوەی داهاتوودا پرۆژەی ئاوی ئیفراز چوار، تەواو نەکرێت، بە دڵنیاییەوە تووشی کێشەیەکی گەورەی ئاو دەبین لە ناو شاری هەولێردا، ئەو پرۆژەیەش بودجەیەکی زۆری پێویستە کە لە سەرووی ٥٠٠ ملیۆن دۆلارە و دەبێت بە جددی کاری لەسەر بکرێت

ئەمساڵ بەهۆی دانانی ٤٠٪ پێوەری ئاو لەماڵان لەناو شاری هەولێر، تا رادەیەکی زۆر باش کێشەی کەمئاوی کەم بووەتەوە، ئەگەر ١٠٠٪ پێوەری ئاو لە ماڵان دابنرێت، ئەوا کێشەکە زۆر کەمتریش دەبێتەوە

**گشتی چارەسەر کردووە، ئێوە بەرنامەتان بۆ سیستمی گواستنەوەی گشتی چییە؟**

- ئەم خنکانەی هاتوچۆ لە شەقام و ترافیکەکانی ناو شاری هەولێر لە هەندێ کات بەتایبەتی لەسەرەتای دەستپێکردنی دەوام و کۆتایی دەوام دروست دەبێت، بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە، یەکەم: پەیوەستە بە ڕێگاوبانەکان کە لەمبارەوە لە شاری هەولێر پێویستمان بە چاککردنەوە و بەرفراوانکردنی شەقامەکانە. دووەم: کێشەکە بەپلەی یەکەم و سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوون و خراپیی گواستنەوەی گشتی کە خەڵك زیاتر پشت بە گواستنەوەی تایبەتیی خۆی دەبەستێت، بۆیە سەد ڕێگاو شەقامی دیکەش دروست بکەین ئەو کێشەیە چارەسەر نابێت، تاوەکو ژێرخانی هاتوچۆی گشتی گرنگیی زیاتری پێ نەدرێت، ئەویش بە دروستکردنی ترام و میترۆ و باشکردنی هێڵی گشتیی پاسەکان، ئەوەی لەم قۆناغە مومکینە ئەوەیە کە ئێستا کار لەسەر باشکردنی سیستەمی پاسەکان دەکەین، کە دەمانەوێت بە شێوە و سیستەمێك پاسەکانی هێڵی گشتی ڕێکبخەین کە ببێتە هۆکاری کەمکردنەوەی قەرەباڵغی و ئەو خنکانەی کە لەناو شار ڕوودەدات. سێیەم: بەشێك لەو قەرەباڵغییەی لە شاری هەولێر هەیە، پەیوەندی بە پلانی هاتوچۆ هەیە، لەمەشدا سەرقاڵین بەرنامە و پلانێك دابنێین بۆ کەمکردنەوەی قەرەباڵغی و ئەو خنکانەی ڕوودەدات و بۆ باشترکردنی هاتوچۆ لێژنەیەکمان هەیە بەناوی پەرەپێدانی هاتوچۆ کە لایەنی پەیوەندیدار تێیدا بەشدارن و هەر ١٥ ڕۆژ، یان مانگانە جارێك کۆبوونەوە ئەنجام دەدەین و لەو کۆبوونەوانەدا بڕیار و پێشنیار دەدرێت، بۆ نموونە بڕیار دەدرێت کە ئاراستەی هاتوچۆ لە فلانە شەقام بگۆڕدرێت و فلانە چوارڕییان دابخرێت بۆ نەمانی کێشەو گرفت و قەرەباڵغی لە شەقامەکاندا، هەروەها لەم ماوەیەدا کۆمەڵێك بڕیارمان داوە، بە تێڕوانینی ئێمە ئەو بڕیارانە خزمەتی کەمکردنەوەی جەنجاڵی و قەرەباڵغی هاتوچۆ لەناو شاری هەولێر دەکات و بەردەوامیش دەبین بۆ زیاتر کەمکردنەوەی ئەو کێشەو گرفتانەی هاتوچۆ، بەڵام باشترین ڕێگا و چارەسەر ئەوەیە کە هانی هاتوچۆی گشتی بدەین و کولتووری خەڵکەکەی خۆشمان بەرەو هاتوچۆی گشتی ببەین و ئەمەش زیاتر بە زیادبوونی تێچووی هاتوچۆی تایبەت دەکرێت، لەوکاتەدا خەڵك بەناچاری ڕوو لە هاتوچۆی گشتی دەکەن، هاتوچۆی گشتییش بەپێی ستانداردی جیهانی و پێشکەوتوو پێویستی بە پلان و ستراتیژی و بودجەیەکی یەکجار زۆر هەیە. لەوانە ترام کە چەند ساڵە بۆ ناو شاری هەولێر ماستەرپلانی بۆ دانراوە و ئێستا پلانێکمان بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە هەیە کە لە ڕێگای کۆمپانیای گەورەی ناوخۆ و دەرەوە و لە ڕێگای وەبەرهێنان و قەرزی درێژخایەن جێبەجێ بکرێت کە بۆ ماوەیەك — کە بە پێی ڕێککەوتنەکە دیاری دەکرێت- داهاتەکە بۆ خۆیان بێت، لەپاشان پرۆژەکە ببێتە موڵکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەلایەکی دیکەوە لە چەند ڕۆژی ڕابردوو کۆمپانیایەك سەردانی کردین بۆ دروستکردنی ڕێگای هێڵی شەمەندەفەر کە تایبەت بێت بە گواستنەوەی کەلوپەل و نەوت و غازو سووتەمەنی کە لە ئەسکەندەرونەوە دەربچێت بۆ هەرێمی کوردستان، ئێمەش لەگەڵ ئەو جۆرە پرۆژانەین و پشتیوانی و هاوکارییان دەکەین، چونکە هیچ خەرجی و بودجەیەکی لەسەر هەرێمی کوردستان نییە و باوڕیش ناکەم بودجە لە هەرێمی کوردستان وەك جاری جارانی لێ بێتەوە کە میزانییەیەکی زۆر و زەبەلاح لەبەردەست بێت بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکان و پەرەپێدان کە ساڵ هەبووە ٣٠٠ ملیار دینار تەنیا پارەی پەرەپێدانی پارێزگا هاتۆتە پارێزگای هەولێر، هەر چەندە لە ساڵی ٢٠١٤ تا ئێستاکەش لەم بودجەیەدا یەك دینارمان بۆ نەهاتووە و باوڕیش ناکەم جارێکی دیکە ئەو جۆرە بودجەیەمان بۆ بێت، بۆیە ناچارین زۆربەی پرۆژەکان بەتایبەتی پرۆژە ستراتیژیەکان لە ڕێگای کەرتی تایبەتەوە جێبەجێ بکەین.

*** هەتا ئێستاش لەناو پایتەختەئاوی پاکی پێویست بۆ هەموو گەڕەکەکانی بە ڕێژەی ١٠٠٪ دابین نەکراوە، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە چی کراوە؟**

- لە ڕاستیدا ئەم کێشەیە بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە. یەکەم: ئەگەر ئەو بڕە ئاوەی

**ڕۆژانە هەر ماڵێک چەند سەد لیتر بۆ شووشتنی ئۆتۆمبێل و حەوشەکانیان بەکاردەهێنن، لە هیچ شوێنێکی دنیا ئاو بەمشێوەیە بەکار نایەت**

**لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٢/١ تیم و لێژنەکان بە بەشداریی پۆلیسی کارەبا و ئاسایش و زێرەڤانی و داواکاری گشتی هەڵمەتی گەڕان و پشکنین بۆ دانانی پێوەری کارەبا و زێدەڕۆییەکان ئەنجام دەدەن**

دابین دەکرێت بە ڕێکوپێکی بەکار بێت و پێوەر لە ماڵەکان دابنرێت و زێدەڕۆی لە بەکارهێنانی ئاوەکە نەکرێت، ئەوا ئەو بڕە ئاوەی دابینی دەکەین، کەم نییە. بەڵام ئێمە زیادەڕەوی دەکەین لە بەرکاهێنانی و ئەمە یەکێکە لە کێشەکان. دووەم: لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو شاری هەولێر بەرفراوانیی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، هەر بۆیە ئەگەر لە ماوەی داهاتوودا پڕۆژەی ئاوی ئیفراز چوار، تەواو نەکرێت، بە دڵنیاییەوە تووشی کێشەیەکی گەورەی ئاو دەبین لە ناو شاری هەولێردا، ئەو پڕۆژەیەش بودجەیەکی زۆری پێویستە کە لە سەرووی ٥٠٠ملیۆن دۆلارە و دەبێت بە جددی کاری لەسەر بکرێت. ئێمە لە سەردانەکەماندا لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی عێراق بۆ چین ئەم پڕۆژەیەمان خستە نێو پڕۆژەکان بۆ ئەوەی دارایی بۆ دابین بکرێت لە چوارچێوەی ئەو ڕێککەوتنەی نێوان عێراق و چین، سەرەڕای ئەوەش ئەمساڵ بەهۆی دانانی ٤٠٪ پێوەری ئاو لەماڵان لەناو شاری هەولێر، تا رادەیەکی زۆر باش کێشەی کەمئاوی کەم بووەتەوە، ئەگەر ١٠٠٪ پێوەری ئاو لە ماڵان دابنرێت، ئەوا کێشەکە زۆر کەمتریش دەبێتەوە. ئاوی خواردنەوە لە شاری هەولێر لە ئاست و ڕێژەیەکی باشە، بەڵام خراپ بەکاردەهێنرێت، ڕۆژانە هەر ماڵێك چەند سەد لیتر بۆ شووشتنی ئۆتۆمبێل و حەوشەکانیان بەکاردەهێنن، لە هیچ شوێنێکی دنیا ئاو بەمشێوەیە بەکار نایەت. کەواتە پێویستە حکومەت پێوەری ئاو بۆ هەموو ماڵەکان دابنێت، تاوەکو ئاو بەفیڕۆ نەدرێت، هەم هاووڵاتیش پێویستە کولتووری پاراستنی ئاو ڕەچاو بکات.

*** ئایا بۆ ڕێگەگرتن لە زێدەڕۆی لەسەر تۆڕی کارەبا و دانانی پێوەر بۆ کارەبای ماڵان چیتان کردووە؟**

- ئێمە لە سەرەتادا بڕیارمان دا کە لە ماوەی یەك مانگدا لە ٢٠١٩/١٢/١ تا ٢٠٢٠/١/١ هاووڵاتیان پێوەری کارەبا دابنێن و هەر کەسێکیش زێدەڕۆیی کردۆتە سەر کارەبا بە هەر شێوەیەك لەماوەی ئەو مانگەدا چارەسەری بکات، لەگەڵ بڕیارەکەدا هاووڵاتیان بە ژمارە و ڕێژەیەکی زۆر سەردانی فەرمانگەکانی کارەبایان کرد بۆ دانانی پێوەر و نەهێشتنی ئەو زێدەڕۆییانەی لەسەر کارەبا کراوە، بەمەش قەرەباڵغییەکی زۆر لەسەر فەرمانگەکانی کارەبا دروست بوو، هاووڵاتیانیش هەر هەمووی لەو ماوەیەدا کارەکانیان تەواو نەکرد، بۆیە ماوەی مانگەکەمان درێژکردەوە تا ٢٠٢٠/٢/١ تا ئەم ماوەیە پێویستە هەموو ماڵێك پێوەری کارەبای بەستبێت و زێدەڕۆییەکانیان نەمابێت، بەڵام لەگەڵ تەواوبوونی ماوەکە هەر لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٢/١ تیم و لێژنەکان بە بەشداریی پۆلیسی کارەبا و ئاسایش و زێرەڤانی و داواکاری گشتی هەڵمەتی گەڕان و پشکنین بۆ دانانی پێوەری کارەبا و زێدەڕۆییەکان ئەنجام دەدەن، هەر ماڵێك پابەندی ڕێنمایی و یاسا نەبێت، ڕووبەڕووی سزای دارایی و لێپێچینەوە دەبێت. هەر کەسێکیش زێدەڕۆیی کردبێتە سەر کارەبای ماڵەکەی ئەوە وەك تۆمەتبارێك مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و دەدرێت بە دادگا، هەروەها ئەو ماڵەی سەرپێچی کردبێت، بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کارەبای ماڵەکەی لێ دەبڕین. لەلایەکی دیکەوە هەڵمەتەکەش تەنیا چەند گەڕەکێك ناگرێتەوە، بەڵکو لەو گەڕەکانەوە دەست پێدەکەین کە خەڵك پێیانوایە ناتوانین لەو گەڕەکانە دەست بە هەڵمەتەکە بکەین، هەر بۆیە بەدڵنیاییەوە ئەو هەڵمەتە بۆ نەهێشتنی زێدەڕۆیی و بۆ چارەسەری کێشەی کارەبایە، بۆیە هیچ کەس و شوێنێك بەدەر نییە لە هەڵمەتەکە و لێپێچینەوە، هەروەها لە پێناوی بەرژەوەندیی هاووڵاتیان بڕیارمان داوە دواماوە بۆ گۆڕینی مولیدەی ئەهلی و گەڕەکەکان بە مولیدەی بێدەنگ ٢٠٢٠/٥/١بێت، ئەگەر تا ئەو کاتە خاوەن مولیدەکان ئەم کارەیان نەکردبێت، ئەوە ئێمە مولیدەی بێدەنگمان ئامادەیە لەشوێنی مولیدەی کۆنەکانی گەڕەکەکان دایدەنێین. هاوکات بڕیارمان داوە هەر کۆمپانیایەکی ئینتەرنێت و فایبەر ئۆپتیك کە دادەنرێت، بۆیان نییە شەقامی قیر ببڕن، تەنیا ئەگەر شوێنەکە هیچ مەجالێکی تێدا نەبێت، چونکە بەشێکی زۆر لە شەقام و کۆڵانی ناو گەڕەك و شار بەم هۆیەوە تێکدراون، بۆیە ئەم بڕیارەش جێبەجێ دەکەین بۆ بەرژەوەندی و پاراستنی ڕێگاوبان و شەقام و کۆڵانەکان.

**ئەو ماڵەی سەرپێچی کردبێت، بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کارەبای ماڵەکەی لێ دەبڕین. لەلایەکی دیکەوە هەڵمەتەکەش تەنیا چەند گەڕەکێك ناگرێتەوە، بەڵکو لەو گەڕەکانەوە دەست پێدەکەین کە خەڵك پێیانوایە ناتوانین لەو گەڕەکانە دەست بە هەڵمەتەکە بکەین**

**بڕیارمان داوە دواماوە بۆ گۆڕینی مولیدەی ئەهلی و گەڕەکەکان بە مولیدەی بێدەنگ ٢٠٢٠/٥/١بێت، ئەگەر تا ئەو کاتە خاوەن مولیدەکان ئەم کارەیان نەکردبێت، ئەوە ئێمە مولیدەی بێدەنگمان ئامادەیە لەشوێنی مولیدەی کۆنەکانی گەڕەکەکان دایدەنێین**

# ئایین و فەلسەفە و کولتوور!

ژیان بێ مەرام نییە، لەخۆوە و بەبێ ڕێسا بەڕێوەناچێ؛ هەر ڕەهەندێکی ئەم ژیانە بگری – مرۆڤ، سروشت و دەوروبەر، کۆمەڵگا، پرۆسە و هەلومەرجەکان... بیرۆکە و بەها و مانای لەپشتن؛ سەرچاوەکانی ئەمانەی دواییش ڕوون و ئاشکرا نین. لە بەرایی مێژووەوە مرۆڤ سەرقاڵی دۆزینەوەی نهێنییەکانی ئەم ژیانەیەتی، بە هزر و هۆشە سادەکەیەوە هەوڵیداوە بگات بە لێکدانەوەیەکی «شیاو» بۆ ژیانی و بۆ دەوروبەرەکەی- لە مەشەوە دیاردەی ئایین سەریهەڵدا.

ئایین دیاردەیەکی مرۆیی- کۆمەڵایەتییە و لە سەرەتاکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا ئەویش دەرکەوتووە. مرۆییە (مرۆڤیش کائینێکی هەمیشە کۆمەڵایەتییە)، چونکە مرۆی سەرەتایی سەری لە دەوروبەرەکەی سوڕمابوو، لە سروشت و دیاردە و ڕووداوەکان نەدەگەیشت... ترس لە سروشت و دەوروبەر ئەمی خستبووە نێو گێژاوی بیرکردنەوە و گەڕانی بەردەوام بەدوای وەڵامدا؛ درکی بە یاساکانی ژیان نەدەکرد، بۆیە ئەفسانەی بۆ دیاردە و ڕووداوەکان هەڵبەست، بە پەرستن و چەندین نەریت و ڕێوڕەسمیش ملکەچیی خۆی بۆ دیاردەکان ڕاگەیاند- پەرستنی توخمەکانی سروشت وەکو : خۆر، مانگ، با و بروسک و تۆفان... (پانتێیزم)، یان پەرستنی دڕندە و گیانلەبەران (تۆتێمیزم)، هەروەها ڕۆحی مردووان (ئانیمیزم)... جا، ترس لە سروشت و دەوروبەر یەکەمین ڕیشاڵی ئایینی لای مرۆڤ دروستکرد کە ئەویش لایەنی دەروونی (سایکۆلۆگیا)یە؛ ڕیشاڵی دووەم مەعریفییە، ئەویش کاتێک مرۆی سەرەتایی هەوڵیدا، بەو لێکدانەوە و ئەفسانە سادە و ساکارانەیەوە، بیرۆکەیەک لەمەڕ ژیان و سروشت و دەوروبەری داڕێژێ – ئەمانە دوو بنەمای بنچینەیی سەرهەڵدانی دیاردەی ئایینن.

کەواتە ئایین، لەم ڕوانگەیەوە، یەکەمین فەلسەفەی مرۆڤە- بیرۆکەیەکی گشتگیرە دەربارەی ژیان و دنیا و دەوروبەر بە لۆژیکی ئەوساکە. لەگەڵ وردەوردە پێشڤەچوونی ڕەوتی ژیان و زێدەبوونی ئاستی زانیاری و هوشیاریی مرۆڤ، فەلسەفە لە ئایین جیابووەوە و وەکو بوارێکی مەعریفیی تایبەت سەربەخۆیی



د. ڕەشاد میران

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

ڕاگەیاند. لە سەرەتادا فەلسەفەش بە هزر و لۆژیکی سادەوە دەستیپێکردووە و گەورە فەیلەسوفانی دێرین باوەڕیان بە بانسروشت، ئەفسانە و خواوەندە زۆر و جۆراوجۆرەکان هەبووە؛ ئێستاکەش فەیلەسوفانی ئایدیالیست، نەک ماتریالیستەکان، فیکر و لۆژیکی ئایینی ڕەتناکەنەوە، بگرە زۆریان، ئەگەرچی ناوی خودا و خالیقیش ناهێنن، سەرچاوەی ژیان و سەرلەبەری دیاردە و شتەکان بۆ یەک تاقە هۆکار دەگەڕێننەوە— نموونە: «بزوێنەری یەکەم»ی ئەرستۆ ، ‹تاک - الواحد ›ی ئەفلۆتین، «بیرۆکەی ڕەها «ی فەیلەسوفی ناودار هیگل، یان تەنانەت «دوالیزمی» کانتیش... بنەما و فیکری ئایینیی تاکخوداییش (مۆنۆتێیزم) هەر لەسەر ئەم پرەنسیپە دامەزراون. بۆیە ئایین و فەلسەفەی ئایدیالیست تەواو لێک نزیکن- ئەگەرچی بە لۆژیکی بڕێک جیاواز لە یەکدی.

جێگەی سەرنجە کە لەکاتێکدا فەلسەفە و ئایین لێک جیابوونەوە، هەردووکیان، وەکو دوو ڕێجکەی مەعریفی، پەڕەلێل بەردەوامبوون؛ بەڵام لینکی نێوانیشیان، وەکو گوتمان، بەتایبەتی لەگەڵ فەلسەفەی ئایدیالیستدا هەر مایەوە.

لە نێو ڕەوتی پەرەسەندنی ئایینی ئیسلامدا، چەندین ڕێبازی «فەلسەفی» دەرکەوتن وەکو : موعتەزیلە، مەزهەب و تەریقەکانی باتینی و سۆفیزم کە ئەمانە ئەگەرچی دەکەونە خانەی ڕێبازی هێرمینۆتیکاوە (تأویل)، بەڵام بێ بنەما و فیکری فەلسەفی نەبوون؛ ئەمە جگە لە فەیلەسوفانی ئیمانداری وەکو : کندی، فاڕابی، ئیبن سینا، ئیبن ڕوشد، ئیبن خەلدون... کە زۆربەی ئەمانە بە کوفر و زەندەقە تۆمەتبارکران؛ هەروەها لە ئایینی مەسیحیشدا — جۆرەها ڕێباز و مەزاهیب و فەیلەسوفان (یەک لەوان- تۆمای ئەکوینی).

لەگەڵ ئەوەشدا، گرنگترین ئەوانەی ئایین و فەلسەفە لێک جیادەکەنەوە، بەڕای ئێمە، ئەمانەن:

- ئایین دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و بەسەر کۆی خەڵکەوە دەچەسپێ؛ فەلسەفە بابەتێکە تایبەت بە ئێلیت.

- ئایین ڕووی دەمی زێتر لە خەیاڵ و هەستی مرۆڤە؛ فەلسەفە ڕوو لە هۆش و هزرە.
- ڕۆحیگەری، پانتیۆن(خالیق و کەسانی موقەدەس)، ئەفسانە، سایکۆلۆگیای پەیڕەوکەران- بنیادی ئایین پێکدێنن؛ فەلسەفە بریتییە لە لۆگیک، ڕامان، لێکدانەوەی عەقڵانی و گشتگیر.
- ئایین هەمیشە دەوری ئایدیۆلۆگیا دەبینێ لە کۆمەڵگادا؛ فەلسەفە وەکو مەعریفەیەکی تایبەت دەمێنێتەوە (بە دەگمەن دەبێتە ئایدیۆلۆگیا).

هەرچی کولتوورە، ئەوا فراوانترە لە هەردوو بابەتەکەیتر- ئایین و فەلسەفە، بگرە ئەم هەردووکیان لەخۆ دەگرێ. کولتوور، بە هەردوو بەشەکەیەوە- ماددی و مەعنەوی، گرنگترین دیاردەی کۆمەڵایەتییە کە ئەرکی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیی لە ئەستۆگرتووە و سستەمی کۆمەڵایەتیی بەڕێوەدەبا. ئایین لە نێو توخمەکانی کولتووری مەعنەویدا گرنگترین و کاریگەرترینیانە (توخمەکانیتر لەپاڵ ئاییندا- زمان، بەهاکان، دابونەریت، ئەدەب، هونەر، زانست...)؛ هێز و دەسەڵاتی ئایین لەوە دایە کە دەتوانێ هەژموونی خۆی بەسەر زۆربەی توخمەکانیتری کولتووردا بسەپێنێ — زمان تژی دەبێ لە چەمک و زاراوە و گوزارشتی ئایینی، بەهاکان زۆرینەیان بەئایینیی دەکرێن و ئەمە دابونەریتەکانیش دەگرێتەوە، بەها ئایینییەکان ڕەنگدانەوەیان دەبێ هەروەها بەسەر ئەدەب، هونەر، زانست و فەلسەفەشەوە. نە هەر ئەوە، بەڵکو جێپەنجەکانی ئایین بەسەر توخمەکانی کولتووری ماددیش دەردەکەون: جلوبەرگ، بیناسازی (مزگەوت، تەکییە و خانەقا،کەنیسە و پەرستگاکان)، گۆڕستان... ئەمانە نیشانەگەلێکن بۆ هەژموون و کاریگەریی ئایین بەسەر کۆمەڵگاوە و بۆ ئاستی ئیمانداریی ئەندامەکانی.

جا، کۆمەڵگایەک کولتوورەکەی بارگاویی بێ بە توخمی ئایینی، بەو ئاستەی کە لە کوردەواریدا هەیە، ئەوا هوشیاریی کۆمەڵایەتیی تیایدا شێوە و فۆڕمی ئایینی وەردەگرێ. لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا، تارماییەکانی فیکری ئایینی سەرلەبەری مینتالیتی و زەینییەتی ئەندامانیان تەنیوون، لێکدانەوە و شیکاریی ئایینییانە بۆ دیاردە و ڕووداوەکان دەبن بە تاقە شێوازی بیرکردنەوەیان، هەڵوێست و ڕەفتار و هەڵسوکەوتیشیان هەر لەسەر ئەو بنەمایە دەبن — ئەمەش سروشتی ئایدیۆلۆگیایە کە ئایین هەمیشە و لە هەموو شوێن و کاتێکدا پەیڕەوی دەکات. لێرەشدا، کەواتە، ئایین سەرلەنوێ فەلسەفە لە باوەش دەگرێتەوە، دوای ئەوەی کە لە بەرایی مێژوودا دەسبەرداری بووبوو؛ بۆیەش لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا فەلسەفە جێگای نابێتەوە، چونکە ئایین شوێنەکەیی گرتووە- وەکو چۆن دەتوانین، لە کۆمەڵگای کوردی و هاوشێوەکانیدا، سەرنج بدەین کە فەلسەفە بەجارێک بزرە.

ئایین وەڵامی ئامادەی پێیە بۆ هەموو پرسیارەکان، با وەڵامەکانیش زانستیانە، لۆگیکی و عەقڵانییانە نەبن (دە هەر پرسیارکردن لە ئاییندا قەدەغەیە «ولا تسألوا»)؛ خۆ ماندووکردنی ناوێ و مەسەلەکان براونەتەوە، بۆیە پێویستمان بە فەلسەفە نییە — ئەگەر هەوڵبدەی بەقووڵی لە مەسەلەیەک بدوێی، بە دەستەواژەی « تکایە بێ فەلسەفە» دەمکوت دەکرێی. هەر بۆیەشە لە کۆمەڵگای «ئایینی» دا فەیلەسوف هەڵناکەون و تەنانەت بیرمەندیش دەگمەنن، کەواتە دەسکەوت و داهێنانیش نابن- ئەوەی کۆن هەبووە، هەر ئەویش دەمێنێتەوە و پێیەوە دەژین.

لەم ڕوانگەیەوە، دەمانەوێ بڵێین کە هەر فیکر و هەر عەقیدەیەک نابێت بە ئایدیۆلۆگیا ئەگەر نەبێت بە کولتوور، چونکە کەسێک پەیڕەوی ناکات و پابەند نابێت پێیەوە. ئایین، وەکو بینیمان، بەشێکی کولتووری مەعنەوییە بۆیەش کاریگەریی گەورەی هەیە بەسەر ئەندامانی کۆمەڵگاوە و بەمەشەوە دەوری ئایدیۆلۆگیایی خۆی دەبینێ؛ هەرچی فەلسەفەیە، بە مانای تەسکی ئەم وشەیە — واتە وەکو مەعریفەیەکی تایبەت، مەرج نییە ببێت بە ئایدیۆلۆگیا، تەنیا ئەگەر بتوانێ ببێت بە کولتوور و خەڵکەکە پابەند بکات بە خۆیەوە- وەکو ڕێبازە فەلسەفییەکانی چەشنی : مارکسیزم، لیبڕالیزم و نیۆلیبرالیزم...

# کۆنگرە و نوێبوونەوەی پارتە سیاسییەکان



**نەدا مێرگەسۆری**

پەرلەمانتاری پێشووی عێراق

بۆ گولان نووسیویەتی

پارتی سیاسی وەك یەكێك لە پێکهێنەرە کاراکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کاریگەریی بەرچاوی هەیە لە دروستکردنی رکابەرایەتیی سیاسی بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات، ئەویش لە رێگە هەنووکییەکەی دیموکراسی کە پرۆسەی هەڵبژاردنە بۆ گرتنە دەست و دەستاودەستی ئاشتییانەی دەسەڵات، بەو ئامانجەی مەبەستیان خزمەتی زیاتری هاووڵاتیان بێت و هەوڵی فەراهەمکردنی خۆشگوزەرانی بدەن و خەمیان خەمی پاراستنی ئارامی و ئاسایشی نەتەوەیی بێت لە هەر دوو ئاستی ناوخۆیی و دەرەوە بۆ ئەوەی بە هێزەوە نوێنەرایەتیی وڵاتەکەی خۆیان بکەن.

فرەیی پارتە سیاسییەکان کە لەسەر بنەماو پرەنسیپی دروستی دیموکراسی و یاسایی بنیات نرابێت، روویەکی جوانی دیموکراسی و پێکەوەگونجانی سیاسی پیشانی کۆمەڵگە دەدات، ئەمەش خاڵێکی گرنگە بۆ بەهێزیی ئەو کۆمەڵگە سیاسییانە، جا چ لەسەر ئاستی ناوخۆیی بێت، یان ئاستی دەرەوە.

ئاشکرایە کە عێراقی دوای ساڵی(٢٠٠٣) لە رووی ژمارەو بوونی پارتە سیاسییەکانیەوە، جیاوازە لەو عێراقەی پێش (٢٠٠٣) هەبوو. لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە بیستەکانەوە بگرە تا پێش (٢٠٠٣)، دەوڵەتی عێراق هێندەی دوای رووخانی رژێمی بەعس، پارتی سیاسی بە خۆیەوە نەبینیوە و هێندەش پرۆسەی هەڵبژاردنی تێدا ئەنجام نەدراوە.

ئەو کاتەی کە سیستەم پاشایی بوو، رێوشوێنی دانانی کەسی یەکەم، رێکارو تایبەتمەندیی خۆی هەبوو، ئەو کاتانەشی کە هەر خەریکی کودەتا بوون، هیچ پارتێکی سیاسی نەیدەتوانی بە بوێری و ئازادانە سیاسەت بکات، چونکە حزبی کودەتاچی، ئەودەرفەتەی بە نەیاری خۆی نەدەدا مومارسەی مافی دیموکراسییانەی خۆی بکات.

بەتایبەت لەژێر هەژموون و دەسەڵاتی حزبی بەعس کە قۆناخی تاریك و تاکڕەویی پارتێکی نادادپەروەر و زاڵم بوو.

ئەوەشی کە تایبەتە بە هەرێم، دوای راپەڕینی خەڵکی باشووری کوردستان لە دژی زوڵم و زۆرداریی رژێمی دیکتاتۆریی (سەدام حوسێن)، لە یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە ساڵی (١٩٩٢) ژمارەیەکی بەرچاوی پارتی سیاسی بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردن بوون و بە ئەندازەی قەبارەی خۆیان کورسیی پەرلەمانیان بەدەست هێنا، ئێستاش ژمارەیەکی زۆری پارتی سیاسی لە گۆڕەپانی سیاسیی هەرێم مومارەسەی سیاسیی خۆیان دەکەن و هەندێکی نوێش دامەزران و هەندێکیش لە حزبی دایك جیابوونەوە و پارتی نوێیان دامەزراند.

**فرەیی پارتە سیاسییەکان کە لەسەر بنەماو پرەنسیپی دروستی دیموکراسی و یاسایی بنیات نرابێت، روویەکی جوانی دیموکراسی و پێکەوەگونجانی سیاسی پیشانی کۆمەڵگە دەدات**

بێگومان جۆری پارتە سیاسییەکان جیاوازە، هەیانە پارتی سەرکردەکانە کە ئەگەر سەرکردەکە بە هەر هۆکاریك نەمێنێ، ئەوا پارتەکە، یان دەتوێتەوە، یان ئەگەر بشمێنێت، ئەوا رووبەڕووی گرفتی زۆری ئیدارەدان دەبێتەوە، هەیانە پارتی ئایدیۆلۆجییە، کە تەنیا ئەو کەسانە دەتوانن ببنە ئەندام لێی، کە وەك یەك بیردەکەنەوە، جا ئیسلامی بن، یان مەسیحی و یەهوودی، یان موحافیزکار، یان لیبراڵ و...، هەشیانە جەماوەرین، هەشیانە پارتی بەرنامەو پرۆگرامن.

روانگەی هەر وڵاتێکیش بۆ بوونی حزب جیاوازە، هەیانە باوەڕیان بە رکابەریەتیی سیاسی هەیە کە خۆی لە فرەحزبی، یان دوو حزبی دەبینێتەوە، هەشیانە یەك حزبییە کە روویەکی تاکڕەوییە و زۆرجاریش بەرەو دیکتاتۆریەت هەنگاو دەنێت.

**حزبی کودەتاچی، ئەوەدەرفەتەی بە نەیاری خۆی نەدەدا مومارەسەی مافی دیموکراسییانەی خۆی بکات. بەتایبەت لەژێر هەژموون و دەسەڵاتی حزبی بەعس کە قۆناخی تاریک و تاکڕەویی پارتێکی نادادپەروەر و زاڵم بوو**

جا لە (راستەی سیاسی (political spectrum) یش دوو وشەی راستڕەو (اليمين) و چەپڕەو (اليسار) هەن، هەر دوو وشەش لە شۆڕشی فەرەنسی دروست بوون، کە بۆ چینی دەسەڵاتدار و خانەدانەکان دەستەواژەی راستڕەو (اليمين) یان بەکاردەهێنا. بۆ گەلیش دەستەواژەی چەپ (اليسار)یان بەکاردەهێنا، (راستڕەوەکان) نەیاندەویست گۆڕانکاری رووبدات، چەپەکانیش داوای یەکسانی و دادپەروەری و گۆڕانکارییان لە ئاستی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و ئابوورییەوە دەکرد.

راستڕەو و چەپڕەو هەر یەکەو روانین و بۆچوونیان بۆ کۆمەڵگەو مافە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان جیاوازە، ئەمەش بابەتێکی دوورو درێژە کە ناکرێت لێرە تیشکی بخەینە سەر. لەو سۆنگەیەشەوە شتێکی روونە کە روانینی جۆری پارتەکانیش بۆ ئەم دوو چەمکە جیاوازە. بەڵام ئەوەی گرنگە رۆڵی پارتە سیاسییەکانە لە پێشخستن و ئیدارەکردنی کۆمەڵگە و نزیکبوونیانە لە جەماوەر.

پارتە سیاسییەکان ئەو کاتەی دەگەنە دەسەڵات، بە پێی سیستەم و تێڕوانین و بەرنامەیان، رۆڵی ئەرێنی و نەرێنییان هەیە، ئەگەر بتوانن پەرە بە رۆڵە ئەرێنییەکانیان بدەن، دەرفەتی مانەوەیان زیاتر دەبێت و لە جەماوەریش نزیکتر دەبن، چونکە دەتوانن ببنە پردی نێوان حکومەت و هاووڵاتی و دەتوانن رای گشتی ئاراستە بکەن و هانی هاووڵاتی بدەن بۆ بەشداری سیاسییانە و چاودێریکی کاراش بن بە سەر کاری حکومەتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش و لە پێناو هێنانەدی ئامانجەکانیان پێویستیان بەوە هەیە لەگەڵ بارودۆخ خۆیان بگونجێنن و ماوە بە ماوە گیانێکی نوێ بدەنەوە بە پارتەکانیان و بە سەیرکردنی کێماسی و گرفتەکانیان بە ئەدای کارکردن و رێکخستن و ستراکچەری رێکخستنەکانیاندا بچنەوە و لە رێگەی ئەنجامدانی کۆنگرەوە هەوڵ بۆ دوبارە رێکخستنەوەی خۆیان و هەموارکردنەوەی پەیڕەو وپرۆگرامەکانیان بدەن، بەو ئامانجەی چارەسەری کێشەکانیان بکەن و بەرگ و رۆح و هێز و توانایەکی نوێ بدەنەوە پارتەکانیان بۆ ئەوەی لە گۆڕەپانی رکابەریی سیاسییانە بەردەوام بن.

لە مانگەکانی کۆتایی ساڵی رابردوو و سەرەتای ئەمساڵیش چەندین پارتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان بە پرۆسەی دووبارە نوێکردنەوەی خۆیاندا تێپەڕین. هەندێکیان توانییان بە ئاسانی بڕیار لە بەستنی کۆنگرە بدەن و هەندێکیشان تا توانییان ناوخۆی خۆیان رازی بکەن، زۆری پێچوو و لە نێو خۆیان رووبەڕووی گلەیی و گازندەی زۆر بوونەوە، دوای کۆنگرەکەشیان کەوتنە بەر گلەیی کادیرانی خۆیان، لەوەی کە لەسەر بنەمایەکی دادپەروەری نوێبوونەوەیان ئەنجام نەداوە. ئەمە پرسێکی نێوخۆیی خۆیانە و خۆشیان تەحەمولی ئەنجامەکەی دەکەن. بەڵام هەرچۆنێك

بێت، دواجار سەرەڕای دەرنگکەوتنی، کۆنگرەی خۆیان ئەنجام دا.

باشتر وایە هەر پارتێك بە گوێرەی ئەو ماوەیەی کە بۆ هەر خولێکی سەرکردایەتییەکەی خۆی دایدەنێت، یان وردتر بڵێین لە ماوەی دیاریکراوی خۆیدا کۆنگرە ببەستێت، بەڵام زۆرجار بە هۆکاری جیاجیا بارودۆخەکە لەبار نابێت بۆ ئەنجامدانی کۆنگرە، بەتایبەت لە کوردستان کە بەشێکە لە ناوچەیەکی شڵەژاوی ناسەقامگیر کە ماوە بە ماوە گرفتی جۆراوجۆری رووبەڕوو دەکرێتەوە.

یەکێك لەو پارتە سیاسییانەی هەرێمی کوردستان کە بڕیاری داوە لە ئەمساڵدا کۆنگرەی (١٤)ی خۆی ببەستێت، پارتی دیموکراتی کوردستانە کە دوا کۆنگرەی خۆی لە ساڵی (٢٠١٠) ئەنجام دا. بێگومان ماوەیەکی زۆر بەسەر ئەنجامدانی کۆنگرەی (١٣) تێپەڕیوەو سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستانیش نەیشاردۆتەوە کە پێویست بوو کۆنگرە ئەنجام درابایە، بەڵام ئەو بارودۆخە سیاسی و ئابوورییە و ئەو قەیرانە داراییەی بەرۆکی کوردستانی گرتەوە و شەڕی رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعشیش کە بە زۆر بەسەر هەرێمی کوردستاندا سەپێندرا، ئەو دەرفەتەی بە سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان نەدا کە لە کاتی خۆیدا کۆنگرە ئەنجام بدات. چونکە وەك پارتێکی رەسەن و نەتەوەیی و لە پێناو ئایندەی هەرێم، زیاتر لە خەمی پاراستنی شکۆی خاك و کیانی هەرێم و بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کوردستان بوو، تا لە خەمی نوێبوونەوەی ئۆرگانەکانی بێت، بێگومان ئەو کات بارودۆخەکە هی بەرگریکردن لە خاك بوو، نەك کۆنگرە بەستن.

پارتی دیموکراتی کوردستان لە زەرورەتێکی مێژوویی دروست بوو، لە خەباتکردن بۆ هێنانەدی هەستی نەتەوەیی و پاراستنی بەرژەوەندیی کوردو کوردستانییانیش رۆڵی بەرچاوی هەبووە. بارودۆخی دژوارو سەختی هاتەپێش، بەڵام بە هێز و وەی زیاتر لە گۆڕەپانەکە مایەوە. کەم حزبی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بگرە جیهانیش هەیە، توانیبێت وەك پارتی دیموکراتی کوردستان سەرەڕای هەموو ئەو سەختییانەی رووبەڕووی بوونەتەوە، خۆڕاگر بێت و رۆژ بە رۆژیش بەهێزتر بوویێت.

پارتی دیموکراتی کوردستان مەرجەعی خۆی هەیە، مەرجەعێك کە نەك تەنیا داڕێژەری سیاسەتی حزبەکەی خۆیەتی، بەڵکو داڕێژەرێکی سەرەکییە لە سیاسەتی عێراق و ناوچەکە، بۆیەشە ئەگەر کۆنگرەی ئەو پارتە دواش کەوتبێت، یان دواش بکەوێت، رووبەڕووی گرفتی مەزن نابێتەوە، بەڵام هەن ئەو حزبانەی رووبەڕووی گرفتی زۆر بوونەوە و بە ئەستەم خۆیان پێ کۆکرایەوە.

رەنگە هەموو ئەندامانی ئەو پارتە (پارتی دیموکراتی کوردستان) لەسەر ئەوە کۆك بن کە بۆ نوێبوونەوەی زیاترو کاراکردنی زیاتری ئۆرگانەکان و گۆڕانکاریی لە رێکخستنەکان و هێنانی هێزو توانایی نوێ لەسەر بنەما هەنووکییەکان و خۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخی ئێستا، کۆنگرە پێویستییەك بێت، ئەویش بە بۆچوونی من ئەگەر لە داهاتوودا هەلومەرج گونجاو بێت، چونکە گۆڕانکارییەکانی عێراق و ناوچەکە زۆر بە خێرایی روودەدەن، خودی عێراق و ناوچەکەش رووبەڕووی چەندین قەیران بۆتەوە و پارتی دیموکراتی کوردستانیش وەك پارتێکی مەزن و بەهێزی ناوچەکە، هەمیشە دەبێت ئامادەی پێشهاتی نوێ بێت.

پێویستیی کۆنگرە بۆ ئەوەیە ئەو پارتە بتوانێت بە گەرو تینێکی بەهێزترو بۆ بەدەستهێنانی دەنگی زیاتری جەماوەرەوە، بەردەوام بێت بۆ ئەوەی لە رووی رێکخستن و جەماوەرەوە کار بکات بۆ زێدەکردنی ژمارەی دەنگەکانی، نەك زیادکردنی کێشی دەنگەکانی، چونکە (دەنگ دەژمێردرێت، نەك وەزن بکرێت).

ئەوەی بۆ هەر پارتێکی سیاسی گرنگیی خۆی هەیە، ئەوەیە کە لە کاتی بەستنی کۆنگرەی خۆیدا، بەتایبەت ئەوانەی ماوەی بەستنی کۆنگرەیان تێپەڕیوە، بە شێوەیەکی رێکوپێك و کاریگەر هەمواری پەیڕەوی ناوخۆیی خۆیان بکەنەوە، بۆ ئەوەی گرفت و کێماسییەکانیان چارەسەر بکەن و قەرەبووی دواکەوتنی کۆنگرەی خۆشیانی پێ بکەنەوە و هەموو هەوڵشیان بۆ نوێبوونەوە و خۆگونجاندن بێت لەگەڵ هەلومەرجی ئێستادا، لە پێناو ئەوەی بە هێزێکی زۆرترەوە بەردەوام بن بۆ بەدەستهێنانی دەنگی زیاتری دەنگدەرانیان.

**پارتی دیموکراتی کوردستان لە زەرورەتێکی مێژوویی دروست بوو، لە خەباتکردن بۆ هێنانەدی هەستی نەتەوەیی و پاراستنی بەرژەوەندیی کوردو کوردستانییانیش رۆڵی بەرچاوی هەبووە**

**کەم حزبی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بگرە جیهانیش هەیە، توانیبێت وەک پارتی دیموکراتی کوردستان سەرەڕای هەموو ئەو سەختییانەی رووبەڕووی بوونەتەوە، خۆڕاگر بێت و رۆژ بە رۆژیش بەهێزتر بوویێت**

# (مانیفێست) پێگەی کوردانی سووریا لەنێو ماڵی کوردستانیدا

(٣)

لە نێو کولتووری ڕۆژهەڵاتدا بە لایەنە کۆمەڵایەتییەکەشیەوە، ئەگەر برا بچووك هەرچەند نازدار و سیمای خۆی هەبێت، بەڵام وەك ئەرك، هەر دەبێ لە نێو خێزاندا لە خزمەت گەورەتر لەخۆیدا بێت، بۆ بەدبەختییش لە دۆخی ئێمەی کوردی سووریادا ئەم دابونەریتە لە ژیانی سیاسیشدا بەرجەستە بووە، چونکە کوردانی سووریا لە رووی جوگرافی و مرۆییەوە بە بەشی بچووك دادەنرێن، بۆیە ئەرکەکەی ئەوەیە کە گوێڕایەڵ بێت و لە خزمەتی سێ براکانی دیکەدا بێت، (ڕاستتر دوو براکەی دیکەی کە لەسەر پێگەی براگەورەکە رکابەریی دەکەن) لە باکوور و باشوور، ئەگەرنا چارەنووسەکەی دەرکردنە لە خێزان و ڕووبەڕووبوونەوەی بە هەموو شێوەیەکی ناڕەزایی.

لەم حاڵەتەدا مەرج نییە کە برای بچووك (کوردانی سووریا) کەم هۆشتر بێت، یان بێ مێژوو و شکۆمەندی بێت، تا بەو کەمی و بچووکییە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، یان وەك پاشکۆ و لقێك، یان خزمەتکار، لە پەیوەندییە کوردستانییەکاندا هەروەك ئەو دۆخەی ئێستا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، لە وەتەی فیدراڵی لە کوردستانی عێراق ڕاگەیاندراوە و گواستنەوە لە قۆناخی شۆڕش بۆ قۆناخی وەرگرتنی دەسەڵات دروست بووە، هەروەها پەیدابوونی پەکەکە لەوەتەی هەشتاکان لە کوردستانی تورکیا و تائێستا، بێگومان جیاوازیی زۆر لەنێوان ڕێڕەو و ناوەڕۆکی ئەو دوو دیمەنە هەیە، دواتر بە درێژی باسی دەکەین.

لە هەردوو حاڵەتدا لە باکوور و باشوور، سنووری هاوبەش و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و مرۆیی هەیە، خێزانەکان خزمایەتییان لەگەڵ یەکدیدا هەیە و لە هەرسێ لای سنووردا کە لە سەردەمی تازەدا نەخشەی کێشراوە، خەریکە سەدەیەکی بەسەردا تێدەپەڕێت، واتا بە نزیکەی دوو نەوە، لە مەسەلەی سیاسی و هاوبەندیی نەتەوەییدا برای بچووك قەبارەی ژمارەیی خۆی تێپەڕاندووە و نزیك و دووری سەرسام کردووە، کوردانی سووریا ڕۆڵیان هەبووە لە بڵاوکردنەوەی بزووتنەوەی (خۆیبوون)ی نەتەوەیی لە ناوچەیەکی زۆری کوردستانی عێراقدا، لەوانەش بارزان و سلێمانی پێش



سەلاح بەدرەدین

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

دامەزراندنی (پارتی دیموکراتی کوردستان لە عێراق)، دوای ئەوەش بزووتنەوەی کورد لە عێراق، لە بنیادنانی یەکەم حزبی کوردی سووری لە ساڵی ١٩٥٧ (پارتی دیموکراتی کوردستان- سووریا) بەشداری کردووە، کوردانی سووریاش لەپاڵ شۆڕشی ئەیلوول و سەرکردەکەی بارزانیی نەمر وەستان و بێ شومار پاڵپشتیی مرۆیی و ماددی و سیاسییان پێشکەش کرد.

لەبەر ئەوەی برا بچووك بوون، لە شەستەکانەوە ڕێگر نەبوون لە بەشداریکردنی کوردانی سووریا لە بنیادنان و پەرەپێدانی ڕێکخراوە سیاسییەکان لە کوردستانی تورکیا لە حزب و کۆمەڵەکان، هەروەها هەموو هۆکارێکی بەردەوامبوون و پێشکەوتنیان پێشکەش کردن، لەوانەش سەرپەرشتیکردنی خولەکانی مەشقی سەربازی و سیاسیی کادیرەکانیان لە لوبنان، هاوکات بەتینکردنی پەیوەندییەکانی کورد و عەرەب و نەتەوەکانی دیکە، ئەوەی پەیوەستیشە بە پەکەکەوە هیچ لایەنێکی کوردیی سووری بە هیچ شێوەیەك پەیوەندیی سیاسیی لەگەڵدا نەبووە، کە سەرکردەکەی عەبدوڵا ئۆجەلان لای بنەماڵەی ئەسەد سەری هەڵدا، بۆ چەند ساڵێکیش سووریای کردە شوێنی دەستپێکردنی شەڕ دژی تورکیا بەرامبەر نرخێکی کەم، ئەویش پاشکۆیەتی بوو بۆ ڕژێمی ئەسەد، کە لە هەمان کاتدا دژایەتیی کوردانی سووریای دەکرد و دەیچەوساندنەوە و پڕۆژە و پیلانی ڕەگەزپەرستیی دەرحەقیان بەکاردەهێنا، لەسەر ئەو حاڵەش هەزاران لاوی کوردی سووریا بەتایبەتیش ئەوانەی تەمەنیان لە خوار هەژدە ساڵییەوە بوو، هاتنە ریزی حزبەکەی ئۆجەلان، بەشێکیان بە پاڵنەری خودی و خۆڕسکانە، بەشێکی زۆریشیان بە هۆی هاندانی دەوڵەتی سووریا نەخاسمە هەندێ توێژی خوێندەوار.

لە ئەنجامدا، دوای چەند دەیەیەك لە ڕووداوگەل و پەرەسەندنەکانی ناوخۆو هەرێمی و نێودەوڵەتیدا، هاوکات دوای گۆڕانکارییە گەورەکان لە کێشەی کورددا، هەروەها گۆڕینی ڕژێم و حکومەتەکان لە وڵاتاندا کە کورد و نیشتمانە مێژووییەکانیان بەسەردا دابەش بووە، لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە زۆرانەی لە بزووتنەوەکانی ڕزگاریخوازی لە ناوچەکە و جیهان بەدی هاتوون، وێڕای ڕاگەیاندنی فیدراڵییەتی هەرێمی کوردستانی عێراق دوای

**لەسەر پارتی (حزبی بارزانیی نەمر) پێویستە هەنگاوی گونجاو هەڵبێنێت بە گۆڕانکاری و چاکسازی و چاوخشاندنەوە بە هەموو دۆسێکان پێش ئەوەی کات بەسەر بچێت، تاکو لە سەرکردایەتی و بەخشش و خزمەتی گەلدا هەر بەردەوام بێت.**

**پەکەکە هیچ ئایندەیەکی لە بزووتنەوەی کوردیدا نییە و ناخوازرێت کە ڕەفتاری سەرکێشانە و سیاسەتە کاولکارییەکانی پەیڕەو بکرێت**

**کوردانی سووریا لە پاڵ شۆڕشی ئەیلوول و سەرکردەکەی بارزانیی نەمر وەستان و بێ شومار پاڵپشتیی مرۆیی و ماددی و سیاسییان پێشکەش کرد**

ڕاپەڕینی نەوەتەکان، هەروەها داگیرکردنی ناوچە کوردییەکانی سووریا لەلایەن پەکەکەوە بە پێی ڕێکەوتننامەی (ئاسف شەوکەت- موراد قەرەیلان)، هاوکات هێنانەکایەی دەسەڵاتی ئەمری واقیع، دوای ئەو هەموو شتانە ئەنجامەکان چی بوون بەرامبەر چارەنووسی کوردانی سووریا- برای بچووك- و بزووتنەوەکەیان؟.

ڕەنگە خاوەن بڕیارانی لەسەر ئاستی هەرێمی، بەتایبەتیش ئێران و سووریا و عێراق، تەواوی لایەنەکانی دیکەی ناوخۆ و دەرەوە ڕەزامەند بن بەوەی کە پەکەکە و چەکدارەکانی لە سەروبەندی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی نیشتمانیی سووریا بێنە گۆڕەپانی سووریا، بۆ ئەوەی ئەرکێکی دیاریکراو بەجێ بهێنن لەوانەش وەدیهێنانی حەز و ئارەزووی ئۆجەلان بەوەی ناوچە کوردنشینەکان چۆڵ ببن و دانیشتوانەکەشیان رابگوێزن بۆ زێدی ڕەسەنی خۆیان!! هاوکات کۆنترۆڵکردنی چارەنووسی ئەوانەی کە دەمێنێتەوە و بەکارهێنانیان لە خزمەتی ئەجێنداکان، یانیش بۆ ئەوەی کە لە ئەمریکا، یان ڕژێمی ئەسەد زیاتر پێشکەش بکات، هەروەها چەسپاندنی سنووری (پەکەکەلاند) و دابڕانی کوردانی سووریا لە بزووتنەوەی دیموکراسی و شۆڕش و ئۆپۆزسیۆن، گۆڕینی کێشەی کوردی سووریا تەنیا بۆ ململانێیەك لەگەڵ تورکیاو هەرێمی کوردستانداو، پشتگوێخستنی دوژمنی سەرەکییان کە ڕژێمی ئەسەدە، لەلایەنی سیاسیشدا سڕینەوەی هەموو ئاسەواری مێژووی بزووتنەوەی کوردی سووریا و نەریت و هێماکان و تێکۆشانی ئەو بزووتنەوەیە لە ماوەی نزیکەی سەدەیەکدا، قەرەبووکردنەوەی بە سەپاندنی ئایدیۆلۆجیایەکی گاڵتەجاڕیی نەتەوەیی دیموکراسیی دامەزراو لەسەر توندوتیژی و سڕینەوەی بەرامبەری جیاواز، لە کۆتاییشدا لەقاڵبدانی کوردانی سووریا و نەهێشتنی هەبوونیان و ڕۆڵی ئەو گەلەو چەوساندنەوەیان بە دانانی چەند (کادرۆ)یەکی نەفام کە سەرکردایەتی و نوێنەرایەتییان بکات.

شێوازی مامەڵەکردنی برایان لە کوردستانی عێراق لەوەتەی قۆناخی سەرکردایەتیی بارزانیی نەمر لەگەڵ کوردانی سووریادا (برای بچووك) لەسەر بنەمای ڕێزگرتن بووە، هەتا ئەگەر دواتر هەندێ کەموکورتیشی تێدا هاتبێتە ئاراوە، هۆکارەکەی هەڵسوکەوتی چەوتی سەرکردایەتیی حزبەکان بووە، کە بە گشتی لە ڕوانگەی تەسکی حزبایەتییەوە بووە، نەك لە چەمکی کوردایەتی، بیروبۆچوونی هەڵە لای سەرکردایەتیی حزبییەکان لە کوردستانی عێراق هەیە، بەو پێیەی کە هەندێ حزبی دیاریکراو لقی ئەوانن، مامەڵەکردنیشیان لەگەڵیان لەسەر بنەمای پاشکۆیە بۆ ئەسڵەکە، بۆیە لەکاتی نەبوونی هەر شێوازێك کە پەیوەندییە نەتەوەییەکان ڕێك بخات، ئەوا ڕەفتاری تاکەکەسی سەرهەڵدەدات و میزاجی تاکەکەسیش ڕۆڵی گەورە دەبینێت.

لەو سۆنگەیەوە هەندێ بە هەڵە پێیان وایە کۆمەڵە حزبێك هەن، ناویان (پارتی دیموکراتی کوردستان)ـە لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا، کە یەکگرتوون و سەر بە یەك ناوەندن لە هەولێر، لە کاتێکدا هەر حزبێك لە هەلومەرج و قۆناخێکی جیاوازدا دامەزراوە و یەك بەرنامەی سیاسی کۆیان ناکاتەوە، هەر یەکەیان داواکاریی جیاوازی لەوی دیکە هەیە، هاوکات شێوازی کارکردنی سیاسیشی جودایە، ئەم ناوە سەرەتا لە کوردستانی ئێران لە ساڵی (١٩٤٢)، دواتر لە کوردستانی عێراق لە ساڵی (١٩٤٦)، ئینجا لە کوردستانی سووریا لە ساڵی (١٩٥٧)، دواتر لە کوردستانی تورکیا(١٩٦٦-١٩٦٧) پەیدا بوو، دوای ئەوە دابەش بوون و بوونە ناوی تازە، تا ئێستاش هەر بەدوایدا دێت.

قەیرانی پەیوەندییەکانی کورد — کورد لە ململانێی حزبەکانەوە سەری هەڵداوە لە پێناو دەستڕۆیشتوویی و هەژموون و سڕینەوەی بەرامبەر، ئەمەش زیاتر لەو ڕەوتەی کە سەرکێشی بە بزووتنەوەی کوردی دەکات، لە سەروویانەوە پەکەکە دەردەکەوێت، دوای پاشەکشەکردنی ڕۆڵی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و باڵە جیاوازەکانی، هیچ پرۆژەیەکی جددی لای ئەو حزبانە نییە بۆ نزیکبوونەوە و لێکگەیشتن، باسکردنی بیرۆکەی (کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستانی) ناوەناوە لەلایەن حزبێکەوە لە لای بەرامبەری بە ساردی سەیر دەکرێت، ئەمە تەنیا کات بەسەربردن و گەمەیەکی ئیستهلاکییە، لە یەکێك لە قۆناغەکانیشدا

هەندێ ویستیان بەستنی کۆنگرەکە لە دیمەشق لە بەرژەوەندیی رژێمی ئەسەد بشکێننەوە.

لە ئەزموونەکانی گشت بزووتنەوە نەتەوەییەکاندا کە پێش ئێمە بوون، چەندین شێوازی جیاجیای پەیوەندییە نەتەوەییەکان لە ئارادا بوون، بۆ نموونە ئەزموونی حزبی بەعس کە پشتی بە قیادەی قەومیی ناوەندیی بەستبوو، هەروەها قیادەی قوتری لە هەر وڵاتێك کە سەر بە یەکەمیان بووە، بەڵام شکستی هێناو تەنانەت زیانیشی بۆ کێشەی عەرەب هەبوو بەگشتی، لە حاڵەتی کوردیشدا کۆپیکردنی ئەم ئەزموونە شکستخواردووە سوودی نییە، بەتایبەتیش کە بزووتنەوە کوردییەکان لە هەر چوار پارچەدا کارلێکیان لەگەڵ رەهەندیی ناوخۆیی نیشتمانیدا هەیە، چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە هەر وڵات و بەشێکدا بەپێی هاوسەنگیی هێزەکانە، کوردی عێراق دوای ئەزموونی مافی چارەنووس دەستی کرد بە گرەوکردن لەسەر ئەوەی کە لە بەغدا روودەدات، کوردی ئێرانیش چاوەڕوانی یەکلاییکردنەوەی رەوشی ئێرانە، کوردی تورکیا تەنیا گرەو ناکات، بەڵکو بەشدارە لە پرۆسەی سیاسیی ئێستای تورکیا، بەڵام کوردی سووریا کە رۆژگار پشتی تێکردووە تا ئێستا کاری خۆی یەکلایی نەکردۆتەوە، جارێك لەپێناو بەردانی ئۆجەلان خۆی دەسووتێنێت، جارێکی دیکەش خۆی بە پاشکۆی هەولێر دەبینێت.

گرەوەگانی بچووکترین برا (کوردانی سووریا) لەسەر برا گەورەکانی کە تا ئێستا بەو شێوەیە زەرەرمەندن، چونکە پەکەکە هیچ ئایندەیەکی لە بزووتنەوەی کوردیدا نییە و ناخوازرێت کە رەفتاری سەرکێشانە و سیاسەتە کاولکارییەکانی پەیڕەو بکرێت، بە کۆتایی تەوەری بەرگری و پارێزگاریکاران (قەندیل) ئەویش کۆتایی دێت، لە سووریا تا ئێستا کۆمەکە دارییەکانی ئەمریکا تێکەڵبوونی گرووپەکانیان لەگەڵ دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی رژێم هێواش کردۆتەوە، تەنیا مەسەلەکە کاتەو شتەکان کۆتاییان دێت، تەنانەت ناوەندی - قەندیل — یش خەریکە لەلایەن جێگرەوەی سولەیمانی چاوی پێدا دەخشێندرێتەوە، لەگەڵ سنووردارکردنی ئەرکە تازەکان لەبەر رۆشنایی پەیکەربەندیکردنەوە و جارێکی دیکەی بڵاوەپێکردنی هەموو ئامراز و هێزەکانی ئێران لە ناوچەکەدا، ئەمەش دوای ئەوەی گەمارۆ لەسەر رژێمی تاران توندتر دەکرێت و گورزی بەهێزی لێ دەوەشێندرێت.

لەسەر ئاستی کوردستانی عێراقدا، بە سەرپەرشتیی سەرکردایەتییە گەنجەکان لە حکومەت و سەرۆکایەتیدا کە هەندێ لە کوردانی سووریا شەرمەزار دەکەن، چەندین دەسەڵات و گۆڕانکاری لە واری ئامادەسازیدان، ئەوانەی سوودمەندن لە رەوشی ئێستا بەتایبەتیش دوای بڕیاری بەستنی کۆنگرەی گشتیی پارتی دیموکراتی کوردستان-عێراق لە ئەمساڵدا، کە هیوادارین گۆڕانکاریی قووڵی لەسەر ئاستی سەرکردایەتی لێ بکەوێتەوە، لەگەڵ چەندین دۆسێی گرنگ، لەوانە دۆسێی پەیوەندییە نەتەوەییەکان، نەخاسمە دۆسێی کوردیی سووریا، کە چاو بە وردترین وردەکاریدا دەخشێندرێتەوە، ئەنجامەکانیش زیاتر کرانەوە دەبێت بە رووی نیشتمانپەروەرانی بێلایەن و سەربەخۆدا، هەروەها پاڵپشتیکردنی پرۆژەی یەکێتیی بزووتنەوەکە لە رێی کۆنگرەی گشتی و بەهێزکردنی هەماهەنگی و کاری هاوبەش، لەسەر بنەمای رێزگرتنی یەکدی و گۆڕینی رێساکانی پەیوەندی و میکانیزمەکان.

هەلومەرجی بابەتی و داواکارییەکانی خودی لە پارتیی — عێراقدا کاریگەرییان بەسەر گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراوەکانەوە هەیە، براکانیش ئاگاداری مێژووی هێزەکانی رزگاریخوازن لە ناوچەکە، کۆنترین ئەو حزبانەی رزگاریخوازن بریتین لە پارتی و بزووتنەوەی فەتحی فەلەستین و بەرەی رزگاریخوازی جەزائیر، هەر سێکیان حزبی دەسەڵاتی تەواو، یان کەموکووڕن، هەمووشیان دەزانن کە (فەتح) بێ توانایە دوای دابەشبوونی توندو نەبوونی چاکسازی، بەرەی جەزائیریش هەڵدەوەشێتەوە و رۆژانە پەرش و بڵاودەبێت، دوای ئەوەی بزاوتی میللی باڵی بەسەردا کێشا، لەسەر پارتی (حزبی بارزانیی نەمر) پێویستە هەنگاوی گونجاو هەڵبێنێت بە گۆڕانکاری و چاکسازی و چاوخشاندنەوە بە هەموو دۆسێکان پێش ئەوەی کات بەسەر بچێت، تاکو لە سەرکردایەتی و بەخشش و خزمەتی گەلدا هەر بەردەوام بێت.

**عەبدوڵا ئۆجەلان لای بنەماڵەی ئەسەد سەری هەڵدا، بۆ چەند ساڵێکیش سووریای کردە شوێنی دەستپێکردنی شەڕ دژی تورکیا بەرامبەر نرخێکی کەم، ئەویش پاشکۆیەتی بوو بۆ رژێمی ئەسەد**

**هەندێ بە هەڵە پێیان وایە کۆمەڵە حزبێک هەن، ناویان (پارتی دیموکراتی کوردستان) ـە لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا، کە یەکگرتوون و سەر بە یەک ناوەندن لە هەولێر، لە کاتێکدا هەر حزبێک لە هەلومەرج و قۆناخێکی جیاوازدا دامەزراوە و یەک بەرنامەی سیاسی کۆیان ناکاتەوە**

پرۆفیسۆر د. محەمەد شەعبان
شارەزا و پسپۆڕی ئابووری بۆ گوڵان:

# ئیرادەی حکومەت و پشتگیریی جەماوەر مەرجی سەرەکیی سەرکەوتنی هەر پڕۆژەیەکی چاکسازیی ئابوورین

دوای تێپەڕاندنی پڕۆژەیاسای (چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشینی ئیمتیازات و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان)، سەرەتای ڕێگای چاکسازیی حکومەت دەستی پێکرد، چاوەڕوانیش دەکرێت لە چەندین بواری دیکەشدا ئەم پرۆسەیە بە شێوەیەکی زۆر فراوان و گشتگیر بەڕێوە بچێت، بۆ قسەکردن لەسەر گرنگیی پرۆسەی چاکسازی و ئاستەنگ و بەربەستەکانی بەردەم جێبەجێکردنی پرۆسەکە و چەند تەوەرەیەکی دیکەی پەیوەندیدار، گۆڤاری گوڵان ئەم دیدارەی لەگەڵ پرۆفیسۆر د. محەمەد شەعبان شارەزا و پسپۆڕی ئابووری ئەنجام دا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.



*** حکومەت و حوکمڕانەکان بەردەوام جەخت لەسەر پرۆسەی چاکسازیی ئابووری دەکەنەوە، دەکرێت وەکو پسپۆڕ و شارەزایەکی ئابووری پێناسە و گرنگیی ئەم پرۆسەیەمان بۆ روون بکەیتەوە؟**

- چاکسازیی ئابووری جگە لەوەی پرۆسەیەکی ئابوورییە، دەکرێت هەر حکومەت و دەوڵەتێك پەنای بۆ ببات و لە ریزبەندی سەرەکیی ئەرك و کارەکانیدا دایبنێت، لەگەڵ زۆری و ئاڵۆزبوونی گرفت و کێشە ئابوورییەکان رۆڵ و گرنگیی ئەم پرۆسەیەش زیاتر بووە، بەتایبەتی ئەو قەیران و کێشە ئابوورییانەی کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، یان لەسەر ئاستی ئیقلیمی و ناوخۆییدا لێرە و لەوێ بەردەوام روو دەدەن، ئەمەش لە رێگەی رێکخستنەوەی هەندێك بواری تایبەت بە پیشەسازی و کشتوکاڵ و بازرگانییەوە دەبێت، یان لە رێگەی ئەنجامدانی چاکسازییەکی ریشەییەوە کە لەناو ئەو یاسا و تەشریعاتانەدا ئەنجام بدرێت، کە کاریگەرییان لە گۆڕینی رێڕەوی سیاسەت و ئابووری لە ناوخۆی وڵاتدا هەیە. بە شێوەیەکی گشتی پرۆسەی چاکسازی چاوخشاندنەوەیەکی گشتییە بە هەموو ئەو ئاراستە و تێڕوانین و کار و ئامانجانەی کە لە ماوەی رابردوودا جێبەجێ کراون، یان ئەوانەشی کە جێبەجێ نەکراون. لە هەموو حاڵەتێکدا چاکسازیی ئابووری وێڕای ئەوەی جەخت لەسەر ئەو خاڵە لاواز و کەموکورتی و دەرهاویشتە خراپانە دەکاتەوە کە بە درێژایی تەمەنی بەڕێوەبردنی پرۆسەی ئابووری لە ناوخۆی وڵاتێك، یان هەرێمێکدا روویانداوە، هاوکات جەخت لەسەر خاڵە بەهێزەکان و دەوڵەمەندکردنشیان دەکاتەوە،

**هەر ١٠ ساڵ جارێک، یان کەمتر، لە جیهاندا ناو بە ناو قەیرانی دارایی و ئابووری روودەدات، بۆیە وا پێویست دەکات، سەرجەم حکومەتەکانی جیهان ئەنجامدانی چاکسازی لە ریزبەندی پێشەوەی کارەکانیان دابنێن**

تاوەکو رۆڵیان هەبێت لەلابردنی خاڵە لاوازەکان و کەمکردنەوەی شوێنەوارەکانیانان.

*** حکومەتەکان لە چ کاتێکدا پێشوەختە هەست بەوە دەکەن کە پێویستە چاکسازیی ئابووری بە شێوەیەکی فراوان و گشتگیر ئەنجام بدەن؟**

- چاکسازیی ئابووری پرۆسەیەکی بەردەوامە و هەموو کاتێك پێویست بەوە دەکات کە حکومەتەکان بزانن بەو شێوە فراوان و گشتگیرە ئەنجامی بدەن، بەتایبەتی لە سیستەمی نوێی جیهاندا کە گۆڕانکارییەکان بە خێراییەك روو دەدەن، کە کاریگەری و شوێنەواری توندیان لەسەر هەموو وڵاتانی جیهان هەیە، وێڕای گۆڕانکارییە خێرا و بەردەوام و گەورەکان، دەبێت ئەوەش بزانین کە هەر ١٠ساڵ جارێك، یان کەمتر، لە جیهاندا ناو بە ناو قەیرانی دارایی و ئابووری روودەدات، بۆیە وا پێویست دەکات، سەرجەم حکومەتەکانی جیهان ئەنجامدانی چاکسازی لە ریزبەندی پێشەوەی کارەکانیان دابنێن و خۆیان بۆ ئەو قەیران و گرفتە دارایی و ئابوورییانە ئامادەکردبێت، بەتایبەتی کە جێبەجێکردنی چاکسازی بووەتە خواست و داواکاریی سەرەکیی هاووڵاتیان و رێکخراو و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان و بەردەوام داوای ئەنجامدانی چاکسازی دەکەن، هەروەها چاکسازی بۆ ئەو دەوڵەت و هەرێمانە پێویستە کە بۆ ماوەیەکی زۆر هیچ گۆڕانکارییەك بەسەر سیستەمی ئابوورییاندا نەهاتووە، یان بەردەوام لە بەردەم ئەگەری قەیرانی دارایی و گەمارۆ و سزای ئابووری و دارایی وڵاتانی دیکەدان، لەلایەکی دیکەوە وڵاتان بەردەوام پێویستیان بەوە هەیە کە هەڵسەنگاندنێکی گشتگیر و فراوانی دارایی و ئابوورییان هەبێت. چاکسازی لەم سەردەمەدا بۆتە پرۆسە و کارێکی گەورەی پێویستی وا، کە سەرجەم حکومەتەکانی دنیا پێویستە ئەنجامی بدەن، چونکە سەرجەم بوارەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی وێڕای ئەوەی دەیانگرێتەوە، هاوکات پێویستیان بەم گۆڕانکاری و چاکسازییانە هەیە. ئابووریناسان و سیاسەتمەداران و زانایانی کۆمەڵناسی لە جیهاندا هەریەکەو بەپێی پسپۆڕایەتیی تایبەت بە خۆیان و بوارە جیاجیاکانیان دروشمی چاکسازییان بەرزکردۆتەوە و، پێیان وایە دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ سەرخستنی دیدگای ئابووری رەچاوی ئەو بارودۆخە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەش بکات کە هەرێم تێیدا دەژی.

چەمکی چاکسازیی ئابووری و گرنگیی ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە لە کۆتایی ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی رابردووداو لەگەڵ دەستپێکی سەدەی ٢٠٠٠ دا بەشێوەیەکی زۆر فراوان و گرنگتر دەرکەوتووە، ئەمەش دوای ئەوەی کێشە و گرفتە ئابوورییەکان بەرۆکی زۆربەی وڵاتانی جیهانی گرتووە و سەرچاوە و دەرامەتی وڵاتان روویان لە کەمی کرد و گرفتەکانیشیان زیاتر بوون، ئەویش دوای ئەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر کەڵەکەبووبوون بێ ئەوەی چارەسەر بکرێن، لە ناویشیاندا گەندەڵیی ئابووری کە وەکو پەتایەکی مەترسیدار لە زۆربەی وڵاتانی تازەپێگەیشتوو لەگەڵ هەندێك وڵاتانی پێشکەوتووشدا تەشەنەی کردووە، لەو وڵاتانەدا بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا گەشەیەکی نزمی ئابووری بەرچاو دەکەوێت، کە کەموکووڕی و دەرهاویشتەی بۆ سەرجەم کەرتە ئابوورییەکان هەبووە. لەگەڵ ئەوەی چاکسازیی ئابووری لەناو ئەو وڵاتانەدا دەکرێت کە بەشێوەی هەڵبژاردن و دیموکراسی فەرمانڕەواکانیان لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێن، کەچی چاکسازی بووەتە دروشمێکی سیاسیی ئەو وڵاتانەش، بگرە بووە خواستێکی سەرەکیی خەڵکی و داواکارییەکی گرنگی شەقام و هەموو رێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی و هەرچی سەندیکا و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانیش هەیە، بانگەشەی بۆ دەکەن، لەگەڵ کەمیی کەرەستەی خاو و نزمیی بەهای نەوت و کەرەستە و سامانی سرووشتیدا دەنگی بەرزی داواکارییەکانی خەڵکی بۆ ئەنجامدانی چاکسازی زیاتر بووە.

*** لە ماوەی رابردوودا حکومەتی هەرێمی کوردستان پرۆژە یاسای چاکسازیی لە مووچە و دەرماڵە و ئیمتیازات و خانەنشینیدا ناردە پەرلەمان و دوای پەسەندکردنی لە چاوەڕوانی جێبەجێکردندایە؛ پرسیار ئەوەیە ئایا تاچەند ئەم چاکسازییە لە مووچە و ئیمتیازات و خانەنشینی بۆ پرۆسەی چاکسازیی ئابووری گرنگە؟**

**لەگەڵ ئەوەی چاکسازیی ئابووری لە ناو ئەو وڵاتانەدا دەکرێت کە بەشێوەی هەڵبژاردن و دیموکراسی حاکمەکانیان لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێن، کەچی چاکسازی بووەتە دروشمێکی سیاسیی ئەو وڵاتانەش، بگرە بووە خواستێکی سەرەکیی خەڵکی و داواکارییەکی گرنگی شەقام**

**لەگەڵ کەمیی کەرەستەی خاو و نزمیی بەهای نەوت و کەرەستە و سامانی سرووشتیدا دەنگی بەرزی داواکارییەکانی خەڵکی بۆ ئەنجامدانی چاکسازی زیاتر بووە**

**مومکین نییە بتوانرێت چەمکی چاکسازیی ئابووری لە موزایەدە و پڕوپاگەندە دەربهێندرێت**

**پێویستە چاکسازیی ئابووری لە پێداویستی کۆمەڵگەوە هەڵقوڵابێت و زۆر بە وردی و زانستییانە بوارەکانی دیاری بکرێت و کاری لەسەر بکرێت**

- بەشێوەیەکی سرووشتی و ئاسایی چاکسازیی ئابووری پرۆسەیەکی گشتگیر و زۆر فراوانە و سەرجەم کەرت و سێکتەرە ئابوورییەکان لەخۆ دەگرێت، کەرتە ماددییەکان و نامادییەکانیش دەگرێتەوە، ئەمە وێڕای ئەوەی پرۆسەی چاکسازی سەرجەم بوارەکانی یاسایی و کارگێڕی و پیشەسازیی و کشتوکاڵی و خزمەتگوزاری دەگرێتەوە، لێرەدا ئەگەر باسی کەرتی چاکسازیی کارگێڕی بکەین، ئەوا کەرتێکی فراوانە و هەموو بوارەکانی کارگێڕی و بەڕێوەبردنی حکومەت دەگرێتەوە کە پەیوەندیی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان بە بەڕێوەبردنی ئابووریی و پەرەپێدانی ئەم لایەنە گرنگەوە هەیە، تەنانەت زۆربەی دیراسات و توێژینەوە ئابوورییەکان خراپی و کزیی پەرەپێدانی ئابووری بۆ ئەو لاوازییە دەگەڕێننەوە کە دوچاری کەرتی کارگێڕیی بەڕێوەبردنی ئابووری بۆتەوە و کاریگەریی خراپی لەسەر چالاکییە ئابوورییەکانیش داناوە، بۆ نموونە: بەهۆی گەورەیی قەبارەی دەزگای کارگێڕییەوە کە کۆنترۆڵی پرۆسەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی دەکات، ئا لێرەوە داواکارییەکانی چالاککردنی بواری کارگێڕی و بەڕێوەبردن هاتە پێشەوە، بۆ ئەوەی لە رووی ئابوورییەوە لەو لاوازی و پووکانەوەیە دەربازمان بێت، کە هەرێمەکە دوچاری بووە و شوێنەواری خراپی لە سەرمان داناوە و نەتوانراوە سامان و دەرامەتە سرووشتی و مرۆییەکان بەپێی پێویست سوودی لێ وەربگیرێت و ئابوورییانە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، هەربۆیە لێرەوە بەرزبوونەوەی دەنگی نارەزایەتی لە بواری کارگێڕی و بەڕێوەبردنی دامودەزگاکانی دەوڵەت دەستی پێکرد و رێڕەوی چاکسازیی یاسایی بۆ رێکخستنەوە و چاوخشاندنەوە بە مووچە و ئیمتیازات و دەرماڵە و خانەنشینان و چەندین بواری دیکەی لەخۆگرت، بەبێ لابردن و دەستبەرداربوونی کەموکووڕی و کەلێنە یاسایی و ئیداری و ئابوورییەکان کە ئەرکی سەرشانی پرۆسەی کارگێڕی و بەڕێوەبردنی لە هەرێمی کوردستان قورستر کردووە، مومکین نییە بتوانرێت چەمکی چاکسازیی ئابووری لە موزایەدە و پڕوپاگەندە دەربهێندرێت، پێویستە چاکسازیی ئابووری لە پێداویستیی کۆمەڵگەوە هەڵقوڵابێت و زۆر بە وردی و زانستییانە بوارەکانی دیاری بکرێت و کاری لەسەر بکرێت، بە چەشنێك ئەگەر پێویستیت بە چاکسازیی ئیداری هەبێت، دەبێت چاکسازیی ئیداری ئەنجام بدرێت، یان ئەگەر پێویستیت بە چاکسازیی کۆمەڵایەتی هەبێت، پێویستە بە چاکسازیی کۆمەڵایەتی دەست پێ بکەیت، خۆ ئەگەر دەرامەتە مرۆییەکان لاواز بێت و لە ئاست پێشکەوتنە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا نەبێت، دەبێت بە چاکسازیی دەرامەتە مرۆییەکان و پەرەپێدانی دەست پێ بکەیت، پرۆسەکە زۆر فراوانە و تەنیا پرۆسەیەکی چاکسازیی ئابووری نییە، بەڵکو هەموو بوارەکانی ژیان لە ناوخۆی هەر وڵاتێکدا لەخۆ دەگرێت، هەرچەندە بەداخەوە من وردەکاریی ئەو پڕۆژە چاکسازییەی (مووچە و دەرماڵە و ئیمتیازات و خانەنشینی)م لە بەردەستدا نییە، بەڵام زیاتر جەختکردنەوەیە لەسەر لایەنی دارایی لە چاکسازیی ئابووریدا، چونکە ئێمە لە کوردستاندا زۆر بە خراپی مامەڵە لەگەڵ لایەنی دارایی و ئابووری دەکەین، کە لە رووی لایەنی نەختینەییەوە زیادە مەسرەفییەکی زۆری تێدایە، دەرئەنجام پڕۆژە یاسای چاکسازی کە لە پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر کرا، جەختکردنەوە بوو لەسەر ئەم لایەنە گرنگەی دارایی لەناو پرۆسەی چاکسازیی ئابووریدا، بەتایبەتی ئەو گرفت و کێشانەی کە تایبەت بوون بە دوو مووچە و سێ مووچە و پێدانی پلە بە کەسانێکی ناشایستە و بێکاری رووپۆشراو و رۆتین و بیرۆکراتییەت و چەندین بواری دیکە، هەروەها مەسەلەی بەتایبەتکردن و هاوبەشیی نێوان کەرتی تایبەت و گشتی، یان چۆنیەتی بەتایبەتکردنی کەرتی گشتیش هەموو ئەمانە گفتوگۆیان لەسەر کرا، ئەمە وێڕای گفتوگۆکردن لەسەر ئەو پێشنیار و راسپاردانەی کە لەلایەن بانکی نێودەوڵەتییەوە ئامادە کراوە بۆ بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووری و هەڵسەنگاندنی لایەنی بەهێزی هەرێم، من وای دەبینم حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەوڵی ئەوەدایە کە جەخت لەسەر هەموو ئەم بوار و لایەنانە بکاتەوە، بۆ ئەوەی دەرئەنجام کەرتی ئابووری رێڕەوی سرووشتی و ئاسایی

**ئێمە لە کوردستاندا زۆر بە خراپی مامەڵە لەگەڵ لایەنی دارایی و ئابووری دەکەین، کە لە رووی لایەنی نەختینەییەوە زیادە مەسرەفییەکی زۆری تێدایە**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەوڵی ئەوەدایە کە جەخت لەسەر هەموو ئەم بوار و لایەنانە بکاتەوە، بۆ ئەوەی دەرئەنجام کەرتی ئابووری رێڕەوی سرووشتی و ئاسایی خۆی وەربگرێت و پەرەپێدانی ئابووری لە هەرێمدا روویدات**

**ئەرکی سەرشانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە چاو بخشێنێتەوە بە تەواوی پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ ناوەند لە بەغدا و وڵاتانی دراوسێ و جیهان، هەرێم دەبێت بزانێت ئەرکی سەرشانی چییە و مافەکانیشی چین**

**پێویستە لە ئێستادا دەست بکرێت بە بەهێزکردنی کەرتەکانی بانک و دارایی و دامودەزگا حکومییەکان و، دووبارە رێکخستنەوەی باج و رسومات و بنبڕکردنی گەندەڵی و کەموکووڕی لە بواری دارایی و داهاتەکاندا**

**لە قۆناغی چاکسازییدا پێویستە زیادەمەسرەفی و زیادەڕۆیی لە خەرجییەکاندا رابگیرێت و خەرجکردنی هەموو دینار و دۆلارێک لە گەنجینەی حکومەتدا لە شوێنی راستەقینە و پێویستی خۆی خەرج بکرێت**

**هیچ پرۆسەیەکی چاکسازی بێ بوونی ژینگەیەکی لەباری چاکسازیی ئیداری و بەبێ ئیدارەیەکی پێشکەوتووی راست و دروست کە باوەڕی بە پرۆسەی ئابووری هەبێت، سەرناگرێت**

خۆی وەربگرێت و پەرەپێدانی ئابووری لە هەرێمدا رووبدات.

*** ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە لە هەنگاوی داهاتوویدا چی بکات بۆ ئەوەی پرۆسەی چاکسازی فراوانتر و گشتگیرتر بکات، تا هەموو ئامانجەکانی خۆی بهێنێتەدی، کە هەروەکو مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاندبوو بەوەی پرۆسەی چاکسازی جگە لەم پڕۆژە یاسایە، چەندین بواری دیکەش لەخۆ دەگرێت؟**

- سەرکەوتنی هەر پڕۆژەیەکی چاکسازی بەستراوەتەوە بە ئاستی ئەو ئیرادە بەهێزەی سەرۆکی حکومەت و دامەزراوەکانی لە ئەنجومەنی وەزیران هەیانە، کە هێز و پاڵپشتی لە ویست و خواستی جەماوەرەوە پەیدا دەکات، لەناو هەر پرۆسەیەکی دیموکراتیشدا کە حکومەت لە لایەن گەلەوە هەڵبژێردراوە و نوێنەرایەتیی ئەوان دەکات، یەکەمین پردی پتەوکردنی متمانەی نێوان هاووڵاتیان و حکومەت ئەنجامدانی پرۆسەی چاکسازییە، سەبارەت بە وەڵامی پرسیارەکەشتان کە حکومەت بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی چاکسازیی ئابووری لە کوێوە دەست پێ بکات، من پێموایە پێش هەموو شتێك ئەرکی حکومەتە دیراسەیەکی ورد و زانستی لەسەر سەرجەم لایەنەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هەبێت و توێژینەوەی ورد لەسەر بوارەکانی ئابووری و دارایی و مرۆیی ئەنجام بدات، هەروەها ئەرکی سەرشانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە چاو بخشێنێتەوە بە تەواوی پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ ناوەند لە بەغدا و وڵاتانی دراوسێ و جیهان، هەرێم دەبێت بزانێت ئەرکی سەرشانی چییە و مافەکانیشی چین، لە کۆتاییشدا دوای ئامادەبوونی ژمارە و ئامار و داتا، ژێرخانێکی ئابووریی بەهێز و پتەو دروست دەبێت، ئەو کات دەتوانێت پلانێکی چاکسازیی بەهێز و راستەوخۆی لە سەرجەم سێکتەرەکاندا هەبێت، بەهاوشانی ئەم کارە پێویستە لە ئێستادا دەست بکرێت بە بەهێزکردنی کەرتەکانی بانك و دارایی و دامودەزگا حکومییەکان و، دووبارە رێکخستنەوەی باج و رسومات و بنبڕکردنی گەندەڵی و کەموکووڕی لە بواری دارایی و داهاتەکاندا، ئەمەش هێزێکی گەورە دەداتە حکومەت بۆ جێبەجێکردنی پلان و پڕۆژەکانی، لەمەش گرنگتر لە قۆناغی چاکسازییدا پێویستە زیادەمەسرەفی و زیادەڕۆیی لە خەرجییەکاندا رابگیرێت و خەرجکردنی هەموو دینار و دۆلارێك لە گەنجینەی حکومەتدا لە شوێنی راستەقینە و پێویستی خۆی خەرج بکرێت، لەمەشدا پێکەوە پێویستمان بە چاکسازیی ئیداری و دارایی دەبێت، چونکە بەبێ چاککردن و رێکخستنی ئەم دوو لایەنە ناتوانرێت بەرەو کەناری ئارامی بپەڕینەوە،



حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کەرتێکی گشتی قەبە و گەورەدا میراتێکی بۆ بەجێماوە کە ئەرکی سەرشانی قورس کردووە، هەربۆیە دەبێت سك هەڵگوشین و چالاککردنێکی باش و ئیجباری پیادە بکرێت، بە رادەیەك ئەگەر کار گەیشتە ئەوەی ژمارەیەکی زۆری فەرمانبەرانی خانەنشین بکات، یان راژەکانیان لەنێوان وەزارەت و دامەزراوەکاندا بگوازێتەوە، دەبێت ئەم هەنگاوە پەیڕەو بکات، هەروەها بۆ ئەو فەرمانبەرانەی لە کەرت و سێکتەرە جۆراوجۆرەکاندا پێویستی پێیان هەیە، دەبێت دەست بە ئەنجامدانی خولێکی بەهێزی مەشق و راهێنانیش بکات، کاتی ئەوە هاتووە دامەزراوەکانی حکومەت لە ئاست سەردەمی نوێ و تەکنەلۆژیا و پێشکەوتنەکانی جیهاندا بن، لە کۆتاییدا هیچ پرۆسەیەکی چاکسازی بێ بوونی ژینگەیەکی لەباری چاکسازیی ئیداری و بەبێ ئیدارەیەکی پێشکەوتووی راست و دروست کە باوەڕی بە پرۆسەی ئابووری هەبێت، سەرناگرێت و هەرگیز حکومەت لە جێبەجێکردنی چاکسازییەکانیدا سەرکەوتوو نابێت.

*** لایەنێکی دیکەی گرنگ ئەو ژینگە سیاسییە ئاسایی و سرووشتییەی هەرێمی کوردستانە، ئایا بەبێ بوونی ئەم ژینگەیە، بەتایبەتی کە سەرمایەی سیاسی و ئابووری لە هەرێمی کوردستاندا تێکەڵ بەیەك کراوە، دەکرێت حکومەتی هەرێمی کوردستان لە جێبەجێکردنی پرۆسەی چاکسازیدا سەرکەوتوو بێت؟**

- کەموکووڕی و گرفت و کێشە ئیدارییەکان لە هەرێمی کوردستاندا بەشێکی زۆری هۆکارەکەی بۆ حزبەکانی کوردستان (بە حزبە حوکمڕانەکان و هاوبەشەکانیشیانەوە) دەگەڕێتەوە، لە کوردستاندا تەنگژە سیاسییەکان و ململانێ حزبییەکان هۆکار و سەرچاوەی زۆر لە گرفت و کێشە ئیداری و ئابوورییەکان بوون. بۆیە بەبێ جیاکردنەوەی ئیدارەی حزبی لە ئیدارەی حکومەت ناکرێت هیچ پرۆسەیەکی چاکسازیی سەرکەوتوو بێت، بگرە بە بێ دوورخستنەوەی دەسەڵاتی حزبی لەناو کایەکانی حوکمڕانی و وەزارەت و دامەزراوەکانیدا پرۆسەی چاکسازی تەنیا دروشم و کات کوشتن دەبێت، کە ئێمە لەم قۆناغ و سەردەمەدا بۆ جێبەجێکردنی بەرنامە و کاری کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر پێویستمانە، هەموومان دەزانین حزبەکان داخزاونەتە ناو هەموو جومگە سەرەکییەکانی کارگێڕی و بەڕێوەبردنی وڵات، بە چەشنێك کە هەندێك جار زۆر زەحمەتە ئەم دوو ئیدارە حزبی و حکوومییە لێك جیا بکرێنەوە، بەڵام دەرئەنجام هیچ رێگاچارەیەکی دیکەمان لە بەردەستدا نییە و دەبێت حزبە سیاسییەکانی کوردستان ناچار بکرێن بە جیاکردنەوەی حزبایەتی لە کاروباری ناوخۆی حکومەت و ئیدارەدا، نابێت حزبەکان لەسەر حیسابی بەرژەوەندیی گشتی ئەوەندە پێداگری لەسەر بەرژەوەندییە تەسك و تایبەتییەکانی خۆیان بکەن، بەبێ ئەمە وەکو ئەوە وایە قاچ و دەستی حکومەت ببەستینەوە و فڕێی بدەینە ناو ئاوەوە و پێشی بڵێین هەرگیز نابێت تەڕ ببیت.

**لە کوردستاندا تەنگژە سیاسییەکان و ململانێ حزبییەکان هۆکار و سەرچاوەی زۆر لە گرفت و کێشە ئیداری و ئابوورییەکان بوون**

**بە بێ دوورخستنەوەی دەسەڵاتی حزبی لە ناو کایەکانی حوکمڕانی و وەزارەت و دامەزراوەکانیدا پرۆسەی چاکسازی تەنیا دروشم و کات کوشتن دەبێت**



# دیمانەی تایبەت




**ئاشکرایە دۆخی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك هەمیشە بە قۆناغێکی ئاڵۆز و دژواردا دەڕوات، سەرەڕای کێشە و تەنگژە ناوخۆییەکان کە یەخەی وڵاتانی ئەم ناوچەیە بەرنادەن، ئەوا دەستێوەردان و ململانێی هێزە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانیش کە وڵاتانی ئەم ناوچەیەیان کردۆتە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانی خۆیان، هێندەی دیکە هەل و مەرجەکەی دژوارتر کردووە. بەتایبەتی بارگرژی و ناکۆکییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێران و پەرەسەندن و پێشهاتەکانی ئەم دواییە. بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی ئەم پرسانە و هەڵسەنگاندن و شرۆڤەکردنی سیاسەتی ئێستای ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لە ئاست ئەم ناوچەیە و بەتایبەتی ئێران و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەست و پەیوەندیدار، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ کریستۆفەر فێتەویس ئەنجامدا کە زانایەکی سیاسی ئەمریکیە و پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی تۆلەین، و بە شێوەیەکی گشتی شارەزا و تایبەتمەندی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە. هەروەها وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە وەك سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، ئاسایشی نێودەوڵەتی، چەکی کۆمەڵکوژ و سیاسەت و ستراتیژیەت. لە هەمان کاتدا خاوەنی چەندین کتێب و توێژینەوەیە لەبارەی پەیوەندی و سیاسەتەکانی دەرەوەی ئەمریکا.**

## کریستۆفەر فێتەویس

تایبەتمەندی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ گوڵان:

# روون نییە چۆن لە داهاتوودا پەیوەندییەکانی ئەمریکا و ئێران بە ئاراستەیەکی ئەرێنیدا دەڕۆن

*** سەرەڕای ئەوەی باس لەوە دەکرێت کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەیەوێت تا رادەیەك بکشێتەوە، یان دووربکەوێتەوە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت بوترێت هێشتا ئەمریکا دەستڕۆیشتووترین هێزە لەم ناوچەیەدا، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن لە سیاسەتی ئیدارەی ئێستای ئەمریکا دەڕوانن لە ئاست ئەم ناوچەیەدا؟**

- بە تێڕوانینی من ئەو سیاسەتەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئاست ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گرتوویەتەبەر، مایەی کارەسات بووە، چونکە لە ساڵی ٢٠١٧دا رەوتی رووداوەکان بە ئاراستە و ئاقارێکی باشدا دەڕۆیشتن. بۆ نموونە لە ماوەی نزیکەی ٤٠ ساڵدا، لەو کاتەدا پەیوەندییەکانی ئەمریکا و ئێران لە هەر کاتێکی دیکە باشتر بوو. واتە بارودۆخەکە بە چەشنێك بوو کە گەشبینی و ئومێدێك هەبوو بەوەی هەردوو هێزەکە (ئەمریکا و ئێران) هەنگاو هەڵبگرن بەرەو دروستکردنەوەی پەیوەندی ئاسایی لەگەڵ یەکدیدا، بەڵام بینیمان سەرۆك دۆناڵد ترەمپ هەموو ئەم پەرەسەندنانەی پێچەوانە کردەوە و هەموو ئەو هەوڵانەی لەباربرد.

*** ئێوە ئاماژەتان بە پەیوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا کرد، کە ئێستا ئێمە دەزانین گرژی و ئاڵۆزییەکی زۆر هەیە لەنێوان ئەم دوو وڵاتەدا، لەوەش خراپتر عێراق کراوە بە گۆڕەپانێك بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانی نێوانیان، ئێوە چۆن لەم پرسە دەڕوانن؟**

- ئەگەر من ئەمە گرێ بدەمەوە بە وەڵامی پێشوومەوە ئەوا پێم وایە ئەگەر پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران بەرەو ئاساییبوونەوە بچوونایە و ئەگەر بیانتوانیایە کار لەسەر چارەسەرکردنی کێشە و ئاڵۆزییەکانی نێوانیان

**ئەو سیاسەتەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئاست ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گرتوویەتیەبەر، مایەی کارەسات بووە**

**تێڕوانینی سەرۆک ترەمپ و چەندین بەرپرسی دیکەی ئیدارەکەی ئەوەیە کە ئێران نەک هەر تەنیا رکابەر و نەیاری ئەمریکایە، بەڵکو لە بنەڕەتدا هێزێکی شەڕانگێزە**

**ئەو کەسانەی لە نێوەندە ئەمنییەکانی ئەمریکا هەڵوێستی زۆر توندیان لە دژی ئێران هەیە، لە نێو ئیدارەکەی سەرۆک ترەمپیدان و هەوڵەکانیان بەو ئاراستەیە کە دەسەڵاتی ئێران بەرەو هەڵدێر ببەن**

**خەڵکی ئێران گرفتار بوون بە دەستی پەیداکردنی بژێوی ژیانەوە و سەرقاڵ بوون بە دەستەبەرکردنی گوزەرانی خۆیانەوە، بۆیە چاوەڕوان ناکرێت پەنا بۆ بەرپاکردنی شۆڕش ببەن**

بکەن، ئەوا خەڵکی عێراقیش سوودمەند دەبوون، بە تایبەتی هەروەك ئێوە باشتر دەزانن، حاڵی حازر خەڵکی عێراق رووبەڕووی چەندین کێشە بۆتەوە.

*** سیاسەتی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بە مایەی کارەسات وەسف دەکەیت، هۆکار و پاڵنەری ئەم سیاسەتەی ئیدارەی سەرۆك ترەمپ بۆ چی دەگەڕێنیتەوە؟**

- ئەوەی لەم رووەوە روونە ئەوەیە کە سەرۆك دۆناڵد ترەمپ دەیەوێت لە هەموو روویەکەوە لە ئیدارەی پێش خۆی (ئیدارەی سەرۆك باراك ئۆباما) جیاواز بێت، بۆ نموونە تەنیا لەبەر ئەوەی سەرۆك ئۆباما رێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێراندا کرد، ئەوا ئەم ئیدارەیە ئەم رێککەوتنەی بە رێککەوتنی خراپ ناوزەد کرد. ئێستاش هیچ روون نییە چۆن ئەو پەیوەندییانە لە داهاتوودا بەرەو باشتر دەچن و بەرەو و ئاراستەیەکی ئەرێنی دەڕۆن، دەرئەنجامی ئەمەش ئەوەیە کە خەڵکەکە تووشی نەهامەتی و ناهەمواری دەبنەوە، بەتایبەتی بەشێکی زۆری خەڵکی عێراق گرفتار دەبن.

*** بەڵام بۆچی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ هێندە خۆی بە پرسی بەرەنگاربوونەوەی ئێرانەوە لەم ناوچەیەدا سەرقاڵ کردووە؟**

- لە راستیدا تێڕوانینی خودی سەرۆك ترەمپ و چەندین بەرپرسی دیکەی ئیدارەکەی ئەوەیە کە ئێران نەك هەر تەنیا رکابەر و نەیاری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، بەڵکو لە بنەڕەتدا هێزێکی شەڕانگێزە، هەرچەندە ئەمە سادەکردنەوەی تێڕوانین و لە هەمان کاتدا سادەکردنەوەی مامەڵەکردنە لەگەڵ پرسی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، چونکە ئەم ئیدارەیە ئێران بە سەرچاوەی سەرجەم کێشەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەزانێت و پێی وایە ئەگەر ئەم هێزە برووخێت، ئەوا هیچ کێشەیەك لەم ناوچەیەدا نامێنێت، کە پێم وایە ئەمەش لێکدانەوە و تێڕوانینێکی شێتانەیە و سادەکردنەوەی مەسەلەکانە، بەڵام ئیدی ئەمە تێڕوانینی ئەوانە.

*** ئەی چۆن لە سیاسەت یان ستراتیژیەتی ئەوپەڕی فشار دەڕوانیت کە ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ گرتوویەتیەبەر لە ئاست ئێراندا و پێت وایە دەرئەنجامی خوازراوی بۆ ئەمریکا لێکەوتۆتەوە؟ ئایا پێت وایە ئەو رێکارە ئێران ناچار بە سازشکردنی سەخت دەکات؟**

- سەرەتا من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ئەو کەسانەی لە نێوەندە ئەمنییەکانی ئەمریکا هەڵوێستی زۆر توندیان لە دژی ئێران هەیە، لە نێو ئیدارەکەی سەرۆك ترەمپدان و هەوڵەکانیان بەو ئاراستەیە کە دەسەڵاتی ئێران بەرەو هەڵدێر ببەن، واتە پێیان وایە ئەگەر ژیانی خەڵکی ئێران زۆر دژوار و ناهەموار بێت، ئەوا لە دژی دەسەڵاتەکە دەوەستنەوە و لای دەبەن، کە پێم وایە ئەمە سیاسەتێکی نائەخلاقییە، نائەخلاقییە لەبەر ئەوەی ئابووری وڵاتێك تێکدەشکێنێت و ژیانی خەڵکی تاڵ و ناهەموار دەکات، تەنیا لەبەر ئەوەی فشار لەسەر دەسەڵاتی ئەم وڵاتە دروست بکرێت.

*** کەواتە ئێوە چاوەڕوان ناکەن ئەم سیاسەتە توندەی سەپاندنی سزای سەخت ببێتە هۆی بەدیهێنانی ئامانجەکانی سیاسیەتی دەرەوەی ئیدارەی ترەمپ لە ئاست ئێراندا؟**

- لە راستیدا سەرەڕای ئەوەی لە وەڵامی پێشوودا ئاماژەم پێ کرد، من پێم وایە گرتنەبەری ئەم چەشنە سیاسەت و رێگاچارەیە، واتە پەنابردن بۆ گرتنەبەری سیاسەت و ستراتیژیەتی سەپاندنی سزای سەخت و توند ئامانجەکانی بەدی ناهێنێت، واتە بێ ئاکامە و بێ بەرهەمە، چونکە ئەم جۆرە سیاسەتە نابێتە هۆی ئەوەی حوکمڕانەکانی ئێران دەسەڵات لە دەست بدەن، هەروەها لە هەمان کاتدا دەبینین خەڵکی ئێرانیش کە گرفتار بوون بە دەستی پەیداکردنی بژێوی ژیانەوە و سەرقاڵبوون بە دەستەبەرکردنی گوزەرانی خۆیانەوە، ئەوا چاوەڕوان ناکرێت کە پەنا بۆ بەرپاکردنی شۆڕش ببەن، بەڵکو بگرە ئەوان ئۆباڵی دۆخە خراپەکەیان دەخەنە ئەستۆی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەرپرسیارێتییەکە رووبەڕووی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ دەکەنەوە، نەك بەرپرسە گەندەڵکارەکانی وڵاتەکەیان، کە منیش دەزانم ئەو بەرپرسانە خراپن لەگەڵ خەڵکەکەدا، بەڵام ئەوەی بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە ئیدارەی ئێستای ئەمریکا دەیەوێت وا مەسەلەکان بخاتەڕوو کە نایەوێت



دەسەڵاتی ئێران بگۆڕێت، ئەمە لە کاتێکدا ئەمە ئامانجی ئەم ئیدارەیەیە، هەرچەندە بۆ بەدیهێنانی ئام ئامانجە و بۆ هێنانەئارای ئەم ئەنجامە ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ دەیەوێت خودی گەلی ئێران ئەم کارە بکات و خۆیان ئەم کێشەیە چارەسەر بکەن. بە هەرحاڵ من پێم وایە ئەمە تێڕوانینێکی گەمژانەیە، بەڵام ئیدی بمانەوێ، یان نەماوێ، ئەمە بیرکردنەوە و تێڕوانینی ئەم ئیدارەیە بووە.

*** بەڵام زۆرجار ئاماژە بەوە دەکرێت کە لە دوای پەرەسەندنەکانی ئەم دواییەی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێران، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئیدارەی ئەمریکا بڕیاری دا دۆخەکە بەرەو هەڵکشان بەرێت لەگەڵ ئێراندا، ئەوا لە ئێستادا ئێران بە حەزەرێکی زیاترەوە هەڵسوکەوت دەکات لە ناوچەکەدا، بۆچوون و لێکدانەوەی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**

- من پێم وایە ئەمە کارێکی شێتانەیە، واتە رەنگە ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ وای لێکدابێتەوە کە پەنابردن بۆ لە ناوبردنی قاسم سولەیمانی دەرئەنجامەکەی ئەوە دەبێت کە چیتر ئێران رەفتاری خراپ ناکات لەم ناوچەیەدا، بەڵام هەروەك ئاماژەم پێکرد، ئەمە بۆچوون و تێڕوانینێکی شێتانەیە، چونکە بە لەناوچوونی سولەیمانی هێزی قودس لە ناو ناچێت و ئێمە دەزانین هیچ ژەنەراڵێك نییە کە نەتوانرێت شوێنگرەوەی بۆ دابنێن، کە ئێمە بینیمان دەسەڵاتدارانی ئێران هەر زوو جێگرەوەکەیان دیاری کرد، بەڵام ئایا ئەم کەسە هێندەی ئەو بە توانا دەبێت، ئەوا ئێمە دڵنیا نین. بەڵام ئەگەر پێیان وابێت ئەگەر ئەم کارە بکرێت، ئەوا ئێران هیچ وەڵامدانەوەیەکی نابێت، ئەوا بە هەڵەدا چوون، چونکە ئێران کارێکی زیاتر دەکات، وەك لەوەی تا ئێستا کردوویەتی.

**بە لەناوچوونی سولەیمانی هێزی قودس لە ناو ناچێت و ئێمە دەزانین هیچ ژەنەراڵێک نییە کە نەتوانرێت شوێنگرەوەی بۆ دابنێن**

دەنیز هەیل

پرۆفیسۆری زانستی سیاسی لە کۆلێژی بۆستن بۆ گوڵان:

# سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست فۆرمێکی نەگۆڕ و جێگیری وەرنەگرتووە

دەنیز هەیل پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە کۆلێژی بۆستن و پێشتریش سەرۆك بەشی زانستی سیاسی بووە لە هەمان کۆلێژ. خاوەنی چەندین توێژینەوە و کتێبە لەبارە فیکری سیاسیی ئەمریکی و چەندین پرسی گرنگی دیکە. دەنیز هەیل وانەبێژی سیاسەتی مۆدێرن و ئیدارەی گشتی و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدارە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە تەوەرەکانی پەیوەست بوون بە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ئاست ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەتایبەتی پەرەسەندنەکانی ئەم دوایییەی نێوان ئەمریکا و ئێران.

## دیمانەی تایبەت



*** وەك ئاشكرایە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەیەكە پڕ لە كێشە و تەنگژەیە، بەڵام لە هەمان كاتدا ناوچەیەكی گرنگیشە و هێزە جیهانییەكان ناتوانن بایەخی پێ نەدەن و فەرامۆشی بكەن، بە تایبەتی ئەمریكا، پرسیارەكە ئەوەیە ئایا لە ئاست ئەو ناوچەیە چۆن لە سیاسەتی ئێستای ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا دەڕوانیت؟**

- ئەوەی بەدی دەكرێت لەم روەوە ئەوەیە كە سیاسەتی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لە ئاست ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تا ئێستا تەواو گەڵاڵە نەبووە. ئێمە دەزانین لە سەروەختی هەڵبژاردنە سەرۆكایەتییەكەی ئەمریكادا دۆناڵد ترەمپ باسی لە كۆتاییهێنان بە شەڕە بێكوتاییەكانی ئەم ناوچەیە دەكرد، كە هێزەكانی ئەمریكای تێوەگلاوە و پرسیاری ئەوەی دەكرد، بۆچی ئەمریكا هێزەكانی لە جیهاندا بڵاو دەكاتەوە و چ دەستكەوتێك بەدەست دەهێنن و بۆچی ژیانیان دەخەنە مەترسییەوە. لەم رووەوە ئەو پتر جەختی لەسەر هەردوو وڵاتی عێراق و ئەفغانستان دەكردەوە و بەڵێنی دا، ئەو شوێنانە جێبهێڵێت. بەڵام دەبینین ئەوەی روویداوە لە دوو حاڵەت بەدەر نییە، یان ئەوەتا بۆچوونەكانی گۆڕاون، یان قەناعەتی پێكراوە كە ناكرێت ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا دەستبەجێ بڕیاری كشانەوە و جێهێشتن بدات.

*** زۆرجار دەگوترێت بەشێك لە هۆكاری قووڵبوونەوە و ئاڵۆزبوونی كێشەكان لەم ناوچەیەدا دەگەڕێتەوە بۆ دەستێوەردان و دەستڕۆیشتوویی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لەم ناوچەیەدا، بەڵام لە هەمان كاتدا ئەوە بەدی دەكرێت كە كاتێك ئەمریكا لەم ناوچەیە دەكشێتەوە، ئەوا كێشەكان نەك هەر چارەسەر نابن، بەڵكو درێژە دەكێشن و خراپتریش دەبن، ئێوە لەم روەوە چی دەڵێن؟**

> کاتی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا دۆخەکە خراپتر و ئاڵۆزتر دەبێت، بەتایبەتی کە ئێمە دەتوانین ئاماژە بە سووریا بکەین کە ئەم حاڵەتە بە باشی بەرجەستە دەکات

> ئەو سیاسەتەی کە ئێستا ئیدارەی سەرۆک ترەمپ پیادەی دەکات، جیاوازییەکی زۆری نییە لەو سیاسەتەی لە کاتی گرتنەدەستی دەسەڵاتدا پەیڕەوی دەکرد

> گەورەترین بڕیارێک کە ئیدارەی ترەمپ گرتبێتیەبەر لە ئاست ئێراندا بریتی بوو لە بڕیاری کوشتنی قاسم سولەیمانی، ئەمە لە پاڵ سەپاندن، یان مومارەسەکردنی فشارێکی گەورە و بڕیاری کشانەوە لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێراندا

- ئەوە ڕاستە، لە کاتی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا دۆخەکە خراپتر و ئاڵۆزتر دەبێت، بەتایبەتی کە ئێمە دەتوانین ئاماژە بە سووریا بکەین کە ئەم حاڵەتە بە باشی بەرجەستە دەکات، واتە کاتێك ئەمریکا بڕیاری دا کە لە بارودۆخی ئەو وڵاتەوە تێوەنەگلێت، ئەوا بینیمان تورکیا دەستێوەردانی کرد و ڕووسیا دەستڕۆیشتوویی خۆی لەو وڵاتەدا زیاتر کردو بارودۆخەکەش خراپتر بوو، نەك باشتر.

*** ئێوە لە وەڵامەکانتدا ئاماژەتان بە شەڕی ئەفغانستان کرد، کە باس لەوە دەکرێت شەڕێکی درێژخایەنە و کۆتاییەکەی دیار نییە، ئایا دۆناڵد ترەمپ چ هەوڵێکی داوە بۆ کۆتاییهێنان بەو شەڕە، بەتایبەتی کە ئێستا گفتوگۆ لە نێوان ئەمریکا و بزوتنەوەی تاڵیبانی ئەو وڵاتەدا هەیە؟**


- من دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە کاتێك سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لەگەڵ فەرماندە سەربازییەکانی سوپای وڵاتەکەیدا لە بارەی ئەفغانستانەوە کۆبۆوە، پرسیاری لێ کردن: بۆچی ئێمە ناتوانین شەڕی ئەفغانستان ببەینەوە؟ بەڵام ئەوان پێیان ڕاگەیاند کە ئامانج لە بوونی هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بریتی نییە لە بردنەوەی شەڕەکە، ئەویش تەواو تاسا و پرسیاری ئەوەی کرد: ئەگەر ئامانجی ئێمە بردنەوەی شەڕەکە نییە، ئیدی بۆچی ئەم شەڕە دەکەین؟ کەواتە ئەو تێنەدەگەیشت ئایا دەقاودەق ئەو ڕێگاچارە و ستراتیژە چییە کە سوپای ئەمریکا لە ئەفغانستان پیادەی دەکات و دەیگرێتەبەر، چونکە پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئامانج و مەبەستی هێزەکانی ئەمریکا لەو وڵاتەدا تێکشکاندنی بزووتنەوەی تاڵیبانە، یان هاوکاریکردنی کۆمەڵگەی ئەفغانییە بۆ ئەنجامدانی چاکسازی، کە پێم وایە ئەگەر ئامانجەکە تێکشکاندنی بزوتنەوەی تاڵیبان بێت، ئەوا سەرۆك دۆناڵد ترەمپ هاوڕا دەبێت لەگەڵ هێشتنە و ە ی هێزەکاندا. هەرچۆنێك بێت سەرۆك ترەمپ تەواوی هێزەکانی ئەمریکای نەکشاندۆتەوە، نە لە ئەفغانستان و نە لە عێراقیش.

*** باشە هەر لە پەیوەندی بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، ئایا بەراورد بەو کاتەی کە دەسەڵاتی گرتەدەست، ئێستا دەتوانین ئاماژە بە چ جیاوازییەکی سیاسەتی ئێستای سەرۆك ترەمپ بکەین؟**

- ئێمە دەتوانین لەم ڕووەوە بڵێین کە ئەو سیاسەتەی کە ئێستا ئیدارەی سەرۆك ترەمپ پیادەی دەکات، جیاوازییەکی زۆری نییە لەو سیاسەتەی لە کاتی گرتنەدەستی دەسەڵاتدا پەیڕەوی دەکرد، هەرچەندە دەکرێت لەم ڕووەوە ئاماژە بە هەڵوێستەکانی بکەین لە ئاست ئیسرائیلدا کە پتر جیاوازن بە بەراورد بە ئیدارەی پێش خۆی (ئیدارەی سەرۆك باراك ئۆباما) و تەنانەت ئیدارەی جۆرج بوشی کوڕیش. کە بینیمان بڕیاری دا بە گواستنەوەی باڵیۆزی ئەمریکا لە ئیسرائیل بۆ قودس، کەواتە هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد، سیاسەتی ئیدارەی ئەمریکا فۆرمێکی نەگۆڕ و جێگیری وەرنەگرتووە و دەکرێت بڵێم هێندە جیاوازیش نییە وەك ئەوەی کە هەندێ کەس خۆزگەیان بۆ دەخواست. ئەگەر پوختی بکەمەوە، ئەوا پێم وایە بە شێوەیەکی گشتی سەرۆك ترەمپ سیاسەتێکی واقیعبینانەی گرتۆتەبەر لە ئاست ئەم ناوچەیەدا.

*** بەڵام هەروەك بەدی دەکرێت ئیدارەی سەرۆك ترەمپ زۆر جەخت لەسەر بەرەنگاربوونەوەی دەستڕۆیشتوویی و ڕۆڵی ئێران دەکات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئایا ئێوە چ هەڵسەنگاندنێکتان بۆ سیاسەت و بڕیارەکانی ئیدارەی ئەمریکا لە ئاست ئێراندا هەیە؟**

- پێم وایە گەورەترین بڕیارێك کە ئیدارەی ترەمپ گرتبێتیەبەر لە ئاست ئێراندا بریتی بوو



لە بڕیاری کوشتنی قاسم سولەیمانی، ئەمە لە پاڵ سەپاندن، یان مومارەسەکردنی فشارێکی گەورە و بڕیاری کشانەوە لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێراندا. کە پێم وایە بڕیارێکی باش بوو، چونکە بە تێڕوانینی سەرۆك ترەمپ کە (من و زۆرێك لە ئەمریکیەکان هاوڕاین لەگەڵیدا) ڕێککەوتنێکی خراپ بوو، ئێرانیش هەرگیز نیازی ئەوەی نەبووە پێوەی پابەند بێت. لەم ڕوانگەیەوە من ئەمە بە هەنگاوێکی ئەرێنی لێك دەدەمەوە لەلایەن ئەمریکاوە لە ئاست ئێراندا، هەروەها دەمەوێت ئەوەش بڵێم کە من هیوادارم دوای کوشتنی سولەیمانی ئێران هەمان سیاسەتی ساڵانی پێشوو درێژە پێ نەدات.

*** یەکێك لەو ئامرازانەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بۆ دروستکردنی فشار و ناچارکردنی دۆست و نەیارەکانی بەکاری دەهێنێت، بریتییە لە سزا و ڕێکاری ئابووری و دارایی، کە لەم ڕووەوە قورسترین و سەختترین سزای بەسەر ئێراندا سەپاندووە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەم سزایانە بوونەتەهۆی بەدەستهێنانی ئەو دەرئەنجامەی کە ئەمریکا دەویست؟**

- ئەوەی پەیوەست بێت بە ئێرانەوە ئەوا سزا و فشارە ئابوورییەکان پاڵەپەستۆیەکی زۆریان لەسەر حکومەتی ئەو وڵاتە دروست کردووە، کە لە ئێستادا و لەنێو خەڵکی ئێراندا ناڕەزاییەتیەکی زۆر لە ئاست ئەم حکومەتەدا هەیە هەم لەسەر ئاستی ئابووری، هەم لەسەر ئاستی سیاسیش، کەواتە سزا ئابوورییەکان بوونەتەهۆی ئەوەی ئێران هەست بە نائومێدی بکات، ئەوان پێیان وابوو ئەگەر بتوانن دەست بەسەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە عێراقدا بگرن و کەسانێك بکەنە بارمتە و خەڵکانێکی دیکە بکوژن، ئەوا ئەمە ڕێگایەك دەبێت بۆ بەرەنگاربوونەوە و بەرپەرچدانەوەی ئەمریکا، بەڵام هەروەك بینیمان ئەم هەوڵە شکستی هێنا. ئەگەر پرسیاری ئەوەش بکرێت ئایا ئێران چی کردووە وەك کردارێکی تۆڵەسەندنەوە، ئەوا دەتوانین بڵێین کارێکی ئەوتۆی نەکردووە، ڕاستە هەندێ بنکەی لە عێراقدا بۆردومان کرد، بەڵام هیچ کوژراوێکی لێ نەکەوتەوە. هەرچەندە ڕەنگە ئێران پلانێکی گەورەتری هەبێت بۆ تۆڵەکردنەوە کە ئێمە ناتوانین لە ئێستادا ئەمە یەکلابکەینەوە کە ئایا پلانێکی لەم جۆرە هەیە یان نا.

*** هەندێ لە شرۆڤەکاران باس لەوە دەکەن کە ئەم پەرەسەندنانەی ئەم دواییەی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێران بوونەتە هۆی ئەوەی ئێران سڵ بکاتەوە و چیتر وەك ڕابردوو دەستی واڵا نەبێت بۆ برەودان بە ڕۆڵ و دەستڕۆیشتوویی خۆی لەم ناوچەیەدا، تێڕوانینی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- بە دڵنیاییەوە بڕیاری کوشتنی سولەیمانی و جێبەجێکردنی بڕیارەکە لە چوارچێوەی هەڵکشاندنی فشارەکانی سەر ئێران بوو، ئێستاش نازانین ئایا کەسی دیکە لە لیستەکەدا هەیە، یان نا، بەڵام ئەوەی بەدی دەکرێت، ئەمریکا فشار و سزاکانی کەم نەکردۆتەوە. هەروەها ئەگەر جێگرەوەکەی قاسم سولەیمانی کارێکی ئیستفزازی بەرامبەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەنجام بدات، ئەوا بۆی هەیە هەمان کردار لە دژی ئەویش بگیرێتەبەر، کەواتە ئەگەر وەڵامی پرسیارەکەتان بدەمەوە ئەوا پێم وایە لەم ساتەوەختەدا ئێران پتر لە باری بەرگریدایە، نەك هێرشبردن.

**هیوادارم دوای کوشتنی سولەیمانی ئێران هەمان سیاسەتی ساڵانی پێشوو درێژە پێ نەدات**

**سزا و فشارە ئابوورییەکان پاڵەپەستۆیەکی زۆریان لەسەر حکومەتی ئەو وڵاتە دروست کردووە، کە لە ئێستادا و لەنێو خەڵکی ئێراندا ناڕەزاییەتیەکی زۆر لە ئاست ئەم حکومەتەدا هەیە**

**ئەگەر جێگرەوەکەی قاسم سولەیمانی کارێکی ئیستفزازی بەرامبەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەنجام بدات، ئەوا بۆی هەیە هەمان کردار لە دژی ئەویش بگیرێتەبەر**





مەولەوی جەبار

سەرۆکی دەستەی گەشتوگوزار بۆ گوڵان:

# دەمانەوێت گەشتیاران لەناو گوندەکان بمێننەوە و پشوو بدەن بەوەش داهاتێکی دیکە بۆ گوندەکان پەیدا دەبێت

**گرنگیدان بە ئاسەوار و کەرتی گەشتوگوزار، یەکێکە لە بنەماکانی بەهێزکردنی ئابووریی هەر وڵاتێك و پلانی زۆریش بۆ سەرنجڕاکیشانی گەشتیاران دادەنرێت، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لەم رووەوە کاری بەرچاوی کردووە، بەڵام سرووشتی کوردستان زۆر دڵڕفێنە و ئاسەوارەکانیشی بەرفراوانن و دەکرێت کاری زیاتریان لەسەر بکرێت. گوڵان بۆ زانیاریی زیاتر لەو بوارەدا ئەم دیدارەی لەگەڵ مەولەوی جەبار سەرۆکی دەستەی گەشتوگوزار سازکرد.**

*** هەروەك روونە ستراتیژیی سەرەکیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ خۆبەدوورگرتن لە قەیرانی دارایی و داڕشتنی بناغەیەکی پتەوی ئابووری، بریتییە لە جۆراوجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهات، کەرتی گەشتوگوزاریش دەتوانێت رۆڵێکی بەرچاو ببینێت لەم رووەوە، ئایا چۆن دەتوانن بۆ پیادەکردن و جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژیەتە هاوکار بن؟**

- ستراتیژیەتی ئێمە پاڵپشتە بە ستراتیژیەتی حکومەت بەگشتی و ئەویش بە شێوەیەکە کە کەرتی گەشتوگوزار بباتە پێشەوە تاوەکو باری ئابووریی هەرێمی کوردستان باشتر بێت و دەرفەتی کار بۆ خەڵك بڕەخسێت، بەمەش کاریگەریی ئەرێنی لەسەر هەموو جومگەکانی ژیان لە هەرێمی کوردستان دروست دەبێت. لە هەموو جیهاندا گەشتوگوزار پیشەسازییەکی زۆر بەهێزە و ساڵ لەدوای ساڵیش زیاتر بەهێز دەبێت، ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ هۆکارەکانی گواستنەوە و گەیشتن، بەتایبەتی کە ئاڵوگۆڕی زانیاری زۆر ئاسانتر بووە، لەلایەکی دیکەوە خەڵك دەیەوێت سەردانی هەموو جێگاو کونجێکی دنیا بکات لە رێگای گەشتوگوزار، یان بۆ بەشداری لە دیدار و کۆنفرانس و چالاکیی جۆراوجۆر، هاوکات گەشتوگوزار بەرهەمێکی جوان و زۆر پاکی لێ بەرهەم دێت کە خزمەتی باری ئابووریی هەموو وڵاتێك دەکات، ئێمەش وەك هەرێمی کوردستان لەم بەرهەمی گەشتوگوزارە بێبەش نین. بەپێی ئەو ستراتیژیەی بۆ گەشتوگوزار دامانناوە لە ساڵی ٢٠١٣ کە تا ساڵی ٢٠٢٥ بەردەوام دەبێت، لەم کەرتەوە دەتوانین پشتیوانی باری ئابووریی هەرێمی کوردستان بین، بێگومان هەموو ستراتیژیەکیش ماوەماوە پێویستی بە رێکخستنەوە هەیە، بۆ دەستنیشانکردن و چارەسەری خاڵە لاوازو بێ هێزەکان و ئەو مەترسییانەی لەسەر ئەو کەرتە هەیە. ئێمەش ستراتیژیەتی گەشتوگوزارمان لە ساڵی ٢٠١٩ رێکخستۆتەوە و پلانی (٢٠٢٠)مان داناوە، ماوەیەك پێش ئێستاش لە ٢٠٢٠/١/١٦دا لە کۆنفرانسێك بۆ خستنەڕووی گەشتوگوزارو شوێنەوار بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزارو پارێزگای هەولێر و لایەنی پەیوەندیدار و ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایانی زانکۆ و شارەزا و پسپۆڕانی بواری گەشتیاری، جەنابی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاریش خۆی سەرپەرشتیی کارەکانی دەکرد و بەڵێنی دا لە ئایندەشدا پاڵپشت بێت بۆ ئەوەی بتوانین پلانەکەی ٢٠٢٠و ستراتیژیەتەکەی گەشتوگوزار سەربخەین و جێبەجێ بکرێت، بەڵام ئەمەش پێویستی بە پاڵپشتی دارایی و ئیمکانیاتی حکومەت هەیە و بۆ جێبەجێکردنی پلانەکەش پێویستە ئەو بودجەیەی داواکراوە، بۆمان تەرخان بکرێت. پلانی ٢٠٢٠ جەخت لەسەر چەند لایەنێك دەکاتەوە، یەکەم: جەخت لەسەر پەرەپێدانی گەشتوگوزاری گوندەکان دەکاتەوە، بۆ ئەو مەبەستە هەر پارێزگایەکی هەرێممان بەسەر چەند زۆنێك دابەش کردووە و هەر زۆنێك کۆمەڵێك گوندی نزیك لەیەکتر لەخۆ دەگرێت و دیراسەی بنەمای هەر زۆنێکمان کردووە، کە چی تێدایە و دەتوانین چییان بۆ بکەین بۆ پەرەپێدان و بووژانەوەی ئەو گوندانەی لە رووی گەشتوگوزارەوە گرینگن، مەبەستیش ئەوە نییە کە گەشتوگوزار ببێتە جێگرەوەی کەرتی کشتوکاڵی، بەڵکو لێرەدا ئێمە دەبینە پشتیوان و پاڵپشتی کەرتی کشتوکاڵی، بۆ نموونە: ئێمە لە رووی هاتنی گەشتیارەوە بازاڕ بۆ بەرهەمە دەستییەکان و کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییەکان دروست دەکەین، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی بەرهەمەکانیان باشترو زۆرتر بفرۆشن، واتە دەمانەوێت گەشتیاران لەناو گوندەکان بمێننەوە و پشوو بدەن، بەوەش داهاتێکی دیکە بۆ گوندەکان پەیدا دەبێت، لەلایەکی دیکەوە ئەمە دەبێتە هۆکارێك بۆ رەخساندنی هەڵی کار لە

**لە پلانەکەماندا جەخت لە سەر رەخساندنی هەلی کار دەکەینەوە و زیاتر گرنگی بە توانا مرۆییەکان دەدەین**

**سەرۆکی رێکخراوی گەشتیاریی عەرەبی: بەرزترین رەوشت و میواندۆستی لەلای ئێوە هەیە و لە زۆر وڵاتانی دنیادا ئەمە نییە**

**گەشتوگوزار بەرهەمێکی جوان و زۆر پاکی لێ بەرهەم دێت کە خزمەتی باری ئابووریی هەموو وڵاتێک دەکات**

**مەبەستیش ئەوە نییە کە گەشتوگوزار ببێتە جێگرەوەی کەرتی کشتوکاڵی، بەڵکو لێرەدا ئێمە دەبینە پشتیوان و پاڵپشتی کەرتی کشتوکاڵی**

گوندەکان و کەمکردنەوەی کۆچی گەنجان بۆ ناو شارو دەرەوەی هەرێم، هاوکات دەمانەوێت کۆچی بەپێچەوانەش لە شارەوە بۆ گوند دروست بێت، بەتایبەتی بەهۆی ئەو دەرفەتی کارانەی کە لە گوندەکان دروست دەبێت، ئەمەش دەبێتە یەکێك لە بنەماکانی بەهێزبوونی زیاتری باری ئابووریی هەرێمی کوردستان و بارودۆخی گوندەکان لە رووی رۆشنبیریی کۆمەڵایەتییش زیاتر بەرەوپێشەوە دەچێت، وەك ئەو نموونەی ئەمساڵ لە پلانەکەمان لە وەرتێ جێبەجێمان کرد، کە جگە لە بەرهەمی خۆیان بەرهەمی گوندەکانی دەوروبەریشی هەر هەمووی فرۆشران. دووەم: لە پلانەکەماندا جەخت لە سەر رەخساندنی هەلی کار دەکەینەوە (هەلی کاری راستەوخۆ و هەلی کاری ناڕاستەوخۆ) لە کەرتی گەشتیاریدا و زیاتر گرنگی بە توانا مرۆییەکان دەدەین، تاوەکو گەنجانی خۆمان ئامادە بن لەو کەرتە کار بکەن. سێیەم: لە پلانی ساڵی ٢٠٢٠ دەمانەوێت زیاتر گرنگی بە بۆنەکان بدەین و بە شێوەی جیاواز لە ساڵانی رابردوو کە بۆنە و یادەکان بکەینە فیستیڤاڵی گەشتوگوزاری، چونکە لە بۆنە و یادەکان گەشتیارێکی زۆر لە خوارو ناوەڕاستی عێراق و وڵاتانی دەوروبەر و هەموو جیهان روو لە هەرێمی کوردستان دەکەن، بۆیە لە کۆنفرانسەکەی خستنەڕووی گەشتوگوزارو شوێنەوار پلان و ستراتیژیەتێکمان داناوە کە لە نەورۆزی ساڵی ٢٠٢٠دا لە فیستیڤاڵێکدا هەرێمی کوردستان بکەینە ناوەندێکی جیهانی، چونکە لە زۆربەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست یادی نەورۆز دەکەنەوە، هەوڵیش دەدەین ئەو میللەتانە و کوردی تورکیا و ئێرانیش لە یادی نەورۆزدا بێنە هەرێمی کوردستان، ئەم کارەش تەنیا کاری دەستەی گەشتوگوزار نییە، بەڵکو پێویستی بە پاڵپشتییەکی بەهێز هەیە لەلایەن هەموو دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێداگریشمان لەسەر گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان بە شوێنە گەشتوگوزارییەکان کردووە، لەسەر قەرزی گەشتیارییش جەخت کراوەتەوە کە ئێمە هاوکارو پاڵپشتی خەڵکی گوندە دوورەدەستەکان بین، بۆ ئەوەی بتوانن پرۆژە گەشتیارییەکانیان جێبەجێ بکەن، بە مەرجێك بە شێوازێکی جوان و رێکوپێك بێت، هاوکات ئەمساڵ لە پلانەکانماندا کارمان کردووە لە بواری شوێنەوار کە ببێتە یەکێ لە هۆکارەکانی راکێشانی گەشتیاران بۆ کوردستان، چونکە لە هەرێمی کوردستان جێگای مێژوویی و شوێنەواری زۆر گرنگ و دیارمان لە ئاستی جیهاندا هەیە و بودجەیەکی باش داواکراوە بۆ دۆزینەوە و پاراستن و نیشاندانی شوێنەوارەکانی هەرێمی کوردستان، کە بەم پلانە گەشتیار زیاتر رادەکێشدرێت و مێژووی خۆشمان بە گەشتیاران دەناسێنین.

**ئێمە لە رووی هاتنی گەشتیارەوە بازاڕ بۆ بەرهەمە دەستییەکان و کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییەکان دروست دەکەین، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی بەرهەمەکانیان باشترو زۆرتر بفرۆشن**

*** هەمیشە جەخت لەسەر پەرەپێدانی گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان کراوە، بەڵام ئایا تا چەند ئەم پەرەپێدانە لە ئاستی خواست و تمووحی ئێوەدا بووە؟**

- لەساڵانی ٢٠١٥ و ٢٠١٦ و سەرەتای ٢٠١٧ لەبواری گەشتوگوزار کێشەمان هەبوو، بەڵام لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٧ و ٢٠١٨ و ٢٠١٩ کێشەکان تا ئاستێکی باش چارەسەرکران و کەرتی گەشتیاری ساڵ لەدوای ساڵ زیاتر بەرەوپێشەوەچوو، چونکە ئێمە تەنیا پلان دانانێن، بەڵکو پێویستە پلانەکە بە کواڵیتییەکی بەرز جێبەجێ بکەین، لەپاشان دەبێت هەڵسەنگاندن بۆ کارەکە بکرێت تاوەکو بزانین لە کوێ خاڵی لاواز و بێهێز هەیە، تاوەکو لە پلانی ساڵی پاش خۆی کارو پلانی باشتر رەچاو بکرێت. ئێمە مەزەندەمان دەکرد لە ساڵی ٢٠١٩ سێ ملیۆن و نیو گەشتیار سەردانی هەرێم بکەن، ئەو ژمارەیەشی تێپەڕاند و گەیشتە سێ ملیۆن و حەوت سەد هەزار کەس، بۆ ساڵی ٢٠٢٠یش پێشبینی دەکەین بگاتە چوار ملیۆن گەشتیار، تمووحی ئێمەش تەنیا ژمارەی گەشتیار نییە، بەڵکو ئەو خەرجییەشە کە گەشتیاران دەیکەن، واتە خەرجی گەشتیار لە ژمارەی گەشتیار زۆر گرنگترە، چونکە ئەو خەرجییە وەك داهاتێك کۆمەڵگەکەمان سوودی لێ وەردەگرێت.

**دەمانەوێت کۆچی بەپێچەوانەش لە شارەوە بۆ گوند دروست بێت، بەتایبەتی بەهۆی ئەو دەرفەتی کارانەی کە لە گوندەکان دروست دەبێت**

*** بۆ دروستکردنی هەلی کار چیتان کردووە و بەرنامەتان چییە؟**

- ئێمە بیر لەوە دەکەینەوە کە هەلی کار بۆ دەرچووانی کۆلێژو پەیمانگاکانی بەشی گەشتوگوزار بڕەخسێنین، بە هەمان شێوە هەوڵدەدەین دەرفەتی کار بۆ ئەو کەسانەش بدۆزینەوە کە دەیانەوێت لە بواری کەرتی گەشتیاری کار بکەن. هاوکات پێویستە کاری جددی بۆ بەرزکردنەوەی توانا و کارامەیی دەرچووانی کۆلێژو پەیمانگاکانی بەشی گەشتوگوزاری بکەین، سەدان کەسیش مەشق و راهێنانیان پێ دەکەین، بۆ ئەوەی ئامادەبن لەم کەرتە کار بکەن، هەروەها کاراکردنی رێنماییەکانی گەشتیاری زۆر گرینگە بە شێوازێك بێت کە مەرج بسەپێنێت بە سەر بنکە گەشتیارییەکان بەوەی

که دەرچووانی گەشتوگوزار وەربگرن. هەوڵدەدەین کە چۆن بتوانین زانیاری کۆبکەینەوە لەسەر ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت دەرفەتی کاریان بۆ بڕەخسێنین کە ئەمەش بە هاوکاریی ڕێکخراوەکانی مەدەنی لە بواری گەشتوگوزار دەبێت، ژمارەیەك لەو ڕێکخراوانەش هاوکارمانن.

*** چ پەیوەندیی و هەماهەنگیەکتان هەیە لەگەڵ بەشەکانی گەشتیاری لە زانکۆ و پەیمانگاکەکاندا؟**

- لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری مامۆستایانی زانکۆ کە لە بەشەکانی گەشتوگوزارو ژینگە و شوێنەوارن لە پەیوەندیی ڕاستەوخۆداین و لە پێشنیار و توێژینەوە و کۆنفرانسەکانی گەشتیاری لەگەڵمان بەشداری دەکەن و زۆربەی جار توێژینەوە و پلانیان هەیە و دەیخەنەڕوو. هەر بۆ نموونە لەم کۆنفرانسەی خستنەڕووی گەشتوگوزارو شوێنەوار بۆ ساڵی ٢٠٢٠ دوو مامۆستای زانکۆ بە دوو بابەتی توێژینەوە لەگەڵمان بەشداربوون، هەروەها هەر قوتابییەك لە بواری گەشتیاریدا نامەی ماستەر و دکتۆرا دەخوێنێت، ئێمە سەرچاوەی سەرەکیی زانیاریی ئەوانین و ئێمەش سوود لە نامەو توێژینەوەکانیان وەردەگرین.

*** ئەو پڕۆژە گەشتیارییە گەورە و ستراتیژییانە چین کە ئەنجامتان داون، یان سەرقاڵی ئەنجامدانیانن؟**

- ئێمە بەرنامەو پلانێکمان بۆ جێبەجێکردنی چەندین پڕۆژە هەیە لە ماوەی ١٠ ساڵی داهاتوو، کە هەموو ئەو پڕۆژانە بۆ دەستەی وەبەرهێنان ڕەوانەکراون، ٤٣ پڕۆژەیان تەنیا بۆ ساڵی ٢٠٢٠ بووە، هەموو ئەو پڕۆژانەش لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان گەورەو ستراتیژین، بۆ جێبەجێکردنی پلانە ستراتیژییەکانیشمان هەماهەنگیی باش و بەهێزمان لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان هەیە، هیواداریین بە یەکەوە بتوانین ئەو پرۆژانە ببەینە بواری جێبەجێکردن، تەواوبوونی ئەو پرۆژە گەشتیارییانەش بە دڵنیاییەوە پاڵپشتیەکی زۆر بەهێز دەبێت بۆ گەشەکردنی کەرتی گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستاندا.

*** بۆ ڕاکێشانی گەشتیاران لە زستاندا چ بەرنامەیەکتان هەیە؟**

- بەرنامەو پلانێك هەیە کە لە وەرزی زستان جۆرەها فیستیڤاڵ لە هەرێمی کوردستان ساز بکرێت، لەوانە خلیسکانێی سەر بەفر و چالاکیی موغامەرە، هەر بۆیە ئێستا لەم وەرزی زستانە خەڵك و گرووپی گەشتیاری لە وڵاتانی وەك هۆڵەندا و ئوستڕالیا و ئەمریکا و بەریتانیا و و بەتایبەتی وڵاتانی عەرەبی ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکەن و زیاتر دەچنە ناوچە شاخاوییەکان، هەر بۆ نموونە ڕۆژی ٢٠٢٠/١/٢١ لە کاتژمێر ١٠و١٥خولەك تەنیا لە یەك دەروازی شاری هەولێر ٢٠ پاس هاتوونەتە ناوشار کە ژمارەی گەشتیارەکانیان ٧٥٠ گەشتیار بوون.

*** کوردستان لە ڕووی ئاو و هەوا و سرووشتەوە زۆر لەبار و گونجاوە بۆ برەودان بە کەرتی گەشتیاری، لەوەش گرنگتر میواندۆستی و پێشوازیی خەڵکی کوردستانە لە گەشتیاران، تا چەند فاکتەری کولتووری لە بووژاندنەوە و بەرەوپێشبردنی گەشتوگوزاردا ڕۆڵی هەبووە؟**

- کولتوور و میواندۆستیی خەڵکی هەرێمی کوردستان یەکێکە لەو هۆکارانەی کە وایکردووە گەشتیار زیاتر ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکەن، لێرەدا نموونەیەکی زیندووی ئەو میواندۆستییە دەخەمەڕوو. لە ماوەی ڕابردوو گرووپێکی گەشتیاریی هۆڵەندی سەردانی یەکێك لە گوندەکانی هەرێمیان کردبوو، لەو کاتەی لە ناو گوندەکە دەگەڕان بۆ ئاشنابوون بە کولتوورو دابونەریت و جوانیی دیمەنەکان، کاتی نانخواردنی نیوەڕۆ یەکێك لە پیاوەکانی ئەو گوندە بە گرووپە گەشتیارییە هۆڵەندییەکە دەڵێت لەم گوندە دەرناچن، تاوەکو نان و خواردنی نیوەڕۆ لەگەڵ ئێمە نەخۆن. ئەمە وادەکات، ئەو گرووپە گەشتیارییە پاش گەڕانەوەیان بۆ وڵاتەکەیان باس لەو میواندۆستی و کولتوورە بەرزو باڵایەی هەرێمی کوردستان دەکەن. هەروەها نموونەیەکی دیکە سەرۆکی ڕێکخراوی گەشتیاریی عەرەبی لەو کاتەی کە هەولێر لە ساڵی ٢٠١٤ بووە پایتەختی گەشتیاری، سەردانی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کرد و بە یەکەوە چووینە ناو بازاڕی هەولێر و لە یەکێك لە شەقامەکان سەرۆکی ڕێکخراوی گەشتیاریی عەرەبی داوای لە پیاوێکی بەتەمەن کرد کە جلوبەرگی کوردی پۆشیبوو، وێنەیەکی لەگەڵ بگرێت، لەپاشان سەرۆکی ڕێکخراوی گەشتیاریی عەرەبی کە جلوبەرگی عەرەبی پۆشیبوو، کاتێك گەڕایەوە لای من، وتی: وڵاتی ئێوە یەکەم وڵاتە بۆ گەشتیاری، چونکە کاتێك وێنەم لەگەڵ ئەو پیاوە کوردە بەتەمەنە گرت، بە پێکەنینێکی زۆر میواندۆستانەوە وتی فەرموو با وێنەکە بگرین و من مەمنوونت دەبم، ئەوە بەرزترین ڕەوشت و میواندۆستییە کە لەلای ئێوە هەیە و لە زۆر وڵاتانی دنیادا ئەمە نییە.

**پێشبینی دەکەین ژمارەی گەشتیاران لە ساڵی ٢٠٢٠ بگاتە چوار ملیۆن گەشتیار**

**خەرجی گەشتیار لە ژمارەی گەشتیار گرنگترە، چونکە ئەو خەرجییە وەک داهاتێک کۆمەڵگەکە سوودی لێ وەردەگرێت**

**پێویستە کاری جددی بۆ بەرزکردنەوەی توانا و کارامەیی دەرچووانی کۆلێژو پەیمانگاکانی بەشی گەشتوگوزاری بکەین**

# سۆشیال میدیا و ئاسایشی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی

مەسەلەی میدیاو ئاسایشی کۆمەڵایەتی یان نیشتمانی، دوو بابەتی هەستیارن کە هەمیشە یاسا و ئیتیکی راگەیاندنی وڵاتان بە هەندیان وەرگرتووەو، بەزاندنیان لەلایەن راگەیاندنەوە هێڵی سوور بووە، لە وڵاتانی پێشکەوتووش کە میدیا بە یاسا و ئیتیك بۆ خزمەتی هاووڵاتی و نیشتمان رێکخراوە، ئەگەر ئازادیی رادەربڕین و ئازادیی راگەیاندنیش لە لووتکەدا بووبێت، ئەوا ئاسایشی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی لێ دەرکراوە و، نابێت ئەو ئازادییە سنووری ئاسایشی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی ببەزێنێت. ئیتر رەنگە لاستیکیش بێت، زۆر جار چوارچێوەی دیاریکراوی نەبووبێت، کە ئەم ئاسایشانە چی دەگرێتەوە، زۆر جاریش دادگاکان یان دەسەڵاتەکان رەنگە لادانیان هەبووبێت لە تۆڵەکردنەوە و سزادانی میدیا و رۆژنامەنووس بە بیانووی بەزاندنی ئەو سنوورە، بەڵام بە تێکرا لە یاسای راگەیاندنی هەموو وڵاتەکان ئەو دوو جۆرە ئاسایشە زۆر گرنگن. بابەتەکەی منیش ئەوە نییە باسی پێناسە و چەمکی ئەو دوو جۆرە ئاسایشە بکەم، هێندەی مەبەستمە کە لە ئەمڕۆدا تۆڕی کۆمەڵایەتی، یان میدیای نوێ بارودۆخی چۆنە لە بەزاندنیان، لە کاتێکدا ئەگەر ئاسایشی نیشتمانی بە نموونە دەرنەخستنی زانیاری و ورووژاندنی هەر بابەتێك بێت، کە زیان بە پاراستنی بنەماکانی ئاسایشی نیشتمانی بگەیەنێت و بیخاتە مەترسییەوە، بەتایبەتی گەیاندنی زانیاری بە دوژمنەکانی وڵات.

ئەگەر سەیرێکی سۆشیال میدیا بکەین، ئەوا دەبینین نەك تەنیا لەبەر بەردەستبوونی زانیارییەکان بە شێوەیەکی فراوان، بەڵکو بە هۆی شارەزانەبوونی زۆرینەی بەکارهێنەرانی ئەم میدیایە بە بنەماکانی ئاسایشی نیشتمانی و نابەرپرسبوون بەرامبەر پاراستنی ئاسایشی نیشتمان کێشەی سەرەکین، لەلایەکی دیکەوە جیهانیبوونی ئەم میدیایە و بەردەستبوونی بۆ هەموو کەس وای کردووە، هەر یەکە لە ئێمە پانتایی هاوڕێکانمان هێندە رۆیشتووە، تەنیا لە سنووری هاونیشتمانی و هاونەتەوە نەماوە، بەڵکو لە زۆربەی وڵاتانی جیهان هاوڕێی



پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید
بۆ گوڵان نووسیویەتی

جۆراوجۆر لەناو ئەکاونتەکەمانە و دەستیان بە زانیارییەکانمان دەگات، ئەوە جگە لەوەی کە ئیستیخباراتی جیهانی چەند چاودێری دەکات و ئاگاداری زانیارییەکان دەبێت.

لە کاتێکدا ئێمە کێشەیەکی نیشتمانی و ناوخۆییمان هەیە، کەچی دەیان زانیاری و شرۆڤە و داتا دەخەینە بەردەست و چاودێرانی سیاسییش دەستکراوە زانیاری دەدەن، بەرپرسانی دەوڵەت و پەرلەمانتار و ئاستە باڵاکانی دەسەڵات ئازادانە رای خۆیان دەردەبڕن و زانیاری دەخەنەڕوو، کە رەنگە زۆرینەیان بچنە بەردەستی دوژمن و سوودی وەربگرن لەو داتا و زانیاری و شرۆڤانە، تەنانەت نەك تەنیا پۆستەکانمان، بەڵکو زۆرینەی ئەو کۆمێنتانەی کە دەنووسرێن لەسەر پۆستەکان، بەشێکیان زانیارییەك دەدەن، کە رەنگە دوژمن ئاسان پێی بگات و بە خراپ سوودی لێوەربگرێت، چونکە نابەرپرسین بەرامبەر ئەوەی دەیلێین. سرووشتی تۆڕی کۆمەڵایەتی وایە بەکارهێنەرەکانی فێری نابەپرسی دەکات و بەکارهێنەر دەزانێت کەس لێی ناپرسێتەوە، ئەمە دەبێت زۆر بە بایەخەوە وەربگیرێت لای پارتە سیاسییەکان و زۆر پێویستە ئەندام و لایەنگرەکانیان هۆشیار بکرێنەوە، دامودەزگا فەرمییەکانیش دەبێت بۆ کارمەند و ئەندامانیان ئەمانە بە هەند وەربگرن و هۆشیارییان بدەنێ، لە کاتێکدا ئەمڕۆ هەر دامەزراوەیەك پەیجی خۆی هەیە و داتا و زانیاری دەدات.

پرسی دووەم کە ئاسایشی کۆمەڵایەتییە، ئەویش هەر لە روانگەی پانتایی فراوانیی هاوڕێکانمان و نابەرپرس جووڵانەوەمان کە رۆژانە رەنگە سەدان کێشەی کۆمەڵایەتی دروست دەبێت، لەناو خێزانێکەوە بیگرە تا ناو کۆمەڵگە بەگشتی، تەنانەت لەسەر لایکێك، یان کۆمێنتێك رەنگە دوو لایەن، یان دوو کەس بەگژیەکدا هاتبن. ئەوە جگە لە بێزارکردنەکان و هەراسانکردنی خەڵك و دزینی وێنە و زانیارییەکان و خراپ بەکارهێنانیان. بۆیە پێویستە لە ئەگەری بوونی یاسای رێکخستنی میدیا لەم هەرێمە و بەتایبەتی رێکخستنی تۆڕی کۆمەڵایەتی ئەم دوو پرسە بە هەند وەربگیرێن.